

# ڕەوف حەسەن

### لە دوو دیداری تایبەتدا

## لەمەڕ
## مارکس و
## مارکسیزمی کوردی و
## ئایین..

**شوان ئەحمەد**

**و**

**سالار حەمەعەلی**



## مارکس و مارکسیزمی کوردی و ئایین..

نووسینی :ڕەوف حەسەن
سازدانی :شوان ئەحمەد و سالار حەمە عەلی
بابەت :دیداری -فکری و فەلسەفی-
بەرگ :
سەرپەرشتیاری چاپ :
تیراژ 1000 :دانە
ژمارەی سپاردن :ی 2007
بڵاوکراوەی :بزاڤی ڕۆشنبیری سلێمانی
چاپی :یەکەم ساڵی 2007
کوردستان -سلێمانی

## دیداری یێکەم

# مارکس و مارکسیزمی کوردی

لەگەڵ...
(ڕەوف حەسەن) دا

سازدانی دیدار
شوان ئەحمەد



## مارکس و مارکسیزمی کوردی

**شوان ئەحمەد: لە ڕۆژگاری "ڕەفیق چالاک"ەوە تا ئەمڕۆ، ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردیو لە نێوەندی ڕۆشنبیریو سیاسی کوردیدا ئامادەیی هەیە هەر بەتەنیا یێک "مارکس"ە، ئەویش مارکسی ئایدیۆلۆژییە، نەک مارکسی فەلسەفی، ئەوەی کورد بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو عەودالی بوو، ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم بوو نەک فەلسەفەی مارکسیزم.. ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟ ئایا ئەمە کورتبینیو هەژاریی فیکریی ئەو نەوە خۆ بەمارکسیزم زانە ناگەیەنێ کە هەتا هەنووکەش ئەوەندەی وەک دروشمی ئایدیۆلۆژی (مارکس) دەناسێت، ئەوەندە وەک بیریارێکی مەزنو فەیلەسوفێکی گەورە سەیری ناکات؟**

**ڕەوف حەسەن:** با لە سەرەتاوەو، ئەگەر توانیم تا کۆتاییش بەزمانێکی سادەو ڕوونو، تا بشتوانم بەڕاشکاوی بدوێم.. چونکە ئەم بابەتانە تا ئێستە هەر تەنیا لە دیدو بۆچوونێکەوەو، بە مەبەستی سوکایەتیپێکردن بە کوردانی مارکسیستو، بێبایەخکردنی ئەو کاروانە دوورو درێژە پڕلە فیداکاریو بەرەنگار بوونەوەو، هوشیارکردنەوەی میللەت.. یان ڕاستەوخۆ، یاخود لەشێوەی پرسیارێکی بێ وەڵامدا خراوەتەڕوو.. لەوانەیە نەزانم مەبەستت چییە!.. چونکە ئەگەری نیهاد پاکیو دڵسۆزی بە قەدەر پێچەوانەکەی تێدایە.. بەڵام دەزانم بێدەربەستانە

یاخود "برائه"ی تێدا نییه.. بەلای منەوە گرینگ ئەوەیە دەرفەتی وەڵامدانەوەت بۆ واڵاکردووم، ئەمەندەم بەسە کە لای خۆتانەوە (مارکس)تان بەهەند وەرگرتووە، ئەگەر لە تەنیا لایەنێکیشەوە بێت کە (مارکس)ی (بیریارو فەیلەسووفە)و، زێتر ڕەخنەکەتان لە فەرامۆشکردنی فیکرو فەلسەفەی مارکسیزمە لای ڕۆشنبیرانی مارکسی کورد بەتایبەتیو، لەنێو خەڵکانی مارکسی ئاسایی کوردیشدا.. کە سەرجەمیانو لە مودەتێکی درێژخایەندا پابەندی ئایدیۆلۆژیاو دروشمەکانی مارکسیزم بوون.. پێموایە ئەم پرسیارە تەنیا بەرەوڕووی ئێمە ناکرێتەوە.. یاخود ڕاستتر وایە ئێمە دواکەسو دوا نەوە بین پرسیارێکی لەمجۆرە بەرەوڕوومان بکرێتەوە.. من لێت دەپرسم ئایا (مارکس)ی فیکرو فەلسەفە لای کام نەتەوەو ڕۆشنبیرانی خاوەن دەوڵەتیش لە دەڤەرەکەداو، لە ئەفرۆئاسیاو، تەنانەت لە ئەمریکای لاتینیشدا ناسرابوو؟ ئەوانیش تێکڕاو بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر تەنیا دروشمی ئایدیۆلۆژی مارکسیو، بگرە دۆگمای ئایدیۆلۆژیایی مارکسیان ناسیوە.. وەك ئێمە.. هۆکەیشی بە پلەی یێکەم دەگەڕێتەوە بۆ دوورەدەستیی مارکسی فیکرو فەلسەفە.. کە لە قوڕگی شێردا بوو.. دروستترە بڵێم هەر مارکسی بیریارو فەلسەفە زانستییێکەیو دیالێکتیکی ڕەخنەیی لە ئارادا نەبوو.. تەنیا چەند سەرچاوەییێکی گشتی سەقەتو شێوێنراوو، بە تەفسیرو لێکدانەوەییێکی کەمتازۆر چەواشەو تەنانەت موبتەزەلانەی سۆڤییێتیوە لەبەر دەستدا بوو.. بەجۆرێك باڵو ملی فەلسەفەکەیان بادابوو، (جەڕاندبوویان) تا هاوشانی ئەزموونەکەیانی بکەنو، ڕاستت دەوێ زۆر زیرەکانەش مارکسیزمیان ئاخنیبووە نێو دەزگەو ڕێکخراوە نێو خۆییو دەوروبەرو، تەنانەت دوورترین دوورگەکانی جیهانیشەوە.. (زیرەکانە)، بەڵام (هونەرمەندانە) نا.. بە (ئەقڵ)، بەڵام بە (ڕۆح-ڕەوان) نا..

ئێمەی ڕۆشنبیرانو تێکڕای تێکۆشەرە مارکسیستەکانی کورد، کەمتازۆر ئەو (ئەقڵ)و (زیرەکییە)مان لە سۆڤییێت وەرگرت.. هەلومەرجو، زەمینەکەمان لە گەڵ زەوی دیکە بۆ ئەو تۆوە لەبار بوو.. چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتیو کۆلۆنیالکراویی دووانەیی سەرمایەداری جیهانیو دەوڵەتانی ناوچەیی و.. باڵادەستی عەقیدەی میتافیزیکیانەو خورافیاتو شەعوەزە و... هتد، هیچ دەرفەتێکی لەبەردەم فیکرو فەلسەفەی مارکسیزمدا – ئەگەر دوورە دەستیش نەبوایێ– نەهێشتەوە، جگە لە ئایدیۆلۆژیاو دروشمەکانی، بەڵام ئایا دەزانیت ئەو دروشمانە چ تینو تەوژمو سیحرێکیان لەئامێزدا بوو؟! وشەی نێو دروشمەکان سنووری مانای ئاسایی خۆیان دەبەزاند.. خەونەکانیان لەلادەکردنە حەقیقەتو، لە دنیای ڕۆشندا بەدیدەهاتن نەك لە قیامەتدا.. مژدەو ئومێدی بێسنووریان بە خەڵکانی نەدارو چەوساوەو ڕووتو برسی دەبەخشی.. تا ڕادەی سڕینەوەی چینایەتیو، بە دیهێنانی یێکسانی لە دەرفەتو ژیانو گوزەرانداو، دابینکردنی تەواوی مافەکانی ئینسان بە پیاوانو ئافرەتانەوە.. بەنیسبەت ڕۆشنبیرانیشەوە گفتی ئازادیو دنیاییێکی پڕ لە زانستو شارستانێتیو داهێنانو هونەر و... تد، بوو.

براله! ئەمە ئەگەرچی مایەی ڕەخنە لێگرتنو ڕامانو پێداچوونەوەیە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا.. بەڵام هەرگیز مایەی شەرمەزاری نەبوو، تەنانەت هیچ عەقیدەو ئایدیۆلۆژیاییێکی لەوە واقیعیو مرۆڤپەروەرو پێشکەوتووو زانستیانەتر لە ئارادا نەبوو.. من لێت دەپرسم: بۆچی نەتەوەکەمان لە هیچ فیکرو فەلسەفەو ئاینێك جگە لە دروشمو عەقیدەو دۆگمای ئایدیۆلۆژی زێتر هیچی دی وەرگرتووە؟! یاخود ئایا ئەگەر ئەمە

کورتبینی و هەژاریی فیکریی نەوەی کوردی خۆ بەمارکسیزان بێت.. ئەدی دووربینی و دەوڵەمەندیی فیکری کوردی نا مارکسی و دژە مارکسی کامەیە؟!

با ئەوەش ئاگاداربین کە لە خودی مارکسیزمدا ئەو دەرفەتە، یاخود ئەو تەوەجوهو ئایدیۆلۆژیا دروشم ئامێزە نەك هەر نامۆ نییە، بەڵکو بەبێ ئەوە مارکسیزم دەبێتە فەلسەفەیێکی ڕامانگەرایی (تەئەمولی) مردارەوە بوو.

فەلسەفەی مارکسیزم توانی فەلسەفە لەو قەیران و تاراوگەیەی نێو هزرو لێکدانەوە ئازاد بکات و، بیخاتە سەر زەمینی واقیع.. دژواری نێوان تیۆرو پراکسیس (کردار) نەهێڵێت.. دژواری نێوان فەلسەفەو سیاسەت، یان فەلسەفەو زانست نەهێڵێت.. (مارکس) فیکرو فەلسەفەی هێنایە نێو مرۆڤی ئاساییەوە.. ئەو مرۆڤەی کە نازانێت فەلسەفە بەری بە کوێوەیە، دەخوازێ ئەو گەجەری پڕۆلیتاریا سەرگەردان و، هەژارو بێسەوادەی کوردستان و ناوچەکەیش بەگشتی، کە لە گیانی خۆیان بێزارن.. بونیادەکانی (سەرمایە)ی بۆ شیبکەینەوە؟ چۆن دەتوانین بەرامبەر ماتەریالیزمی مێژوویی و دیالێکتیکی زانستی و ڕەخنەیی ڕایانگرین؟! یاخود چۆن حاڵەتی بەنامۆ بوون (ئیغتیراب)ی مادی و گیانیان بۆ ڕوونبکەینەوە؟! بێگومان پەسەندترین ڕێگەچارە، پەنا بردنە بەر دروشمە ئایدیۆلۆژییێکان و پراکتیزە کردنیانە لە کۆڕی تێکۆشاندا.. ئاسانترین ڕێگە بۆ هوشیارکرنەوەیان دروشمە ئاسان و بریقەدارو هەست و فیکر هەژێن و ئومێد بەخشەکان بوو.. بە واتایێکی وردتر، لایەنە ڕەواجدارەکەی فەلسەفەکە بوو کە بریتییە لە ڕەهەندە ئایدیۆلۆژییێکانی مارکسیزم.. ئەوانەی مرۆڤی چەوساوە دڵنیادەکات و، گفتی دواڕۆژێکی ئاسوودەی لەم



دنیایەدا دەداتێ.. {نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار}.. یان {کارگە بۆ کارگەران و زەوی بۆ جوتیاران}و... تد، کە لەوانەیە هەندێ لەو دروشمانە تایبەت بە ئاژاوەگێڕە سەندیکاییێکان و، تەنانەت دروشمی مەسیحییێکانیش بن.. {ئاشتی بۆ جیهان–و علی الارض السلام}.. ئەم دروشمانە وەك حەقیقەتی ڕەها خرانەڕوو، جەماوەرێکی بێشومار پێشوازیان لێکردن و باوەشیان بۆ گرتنەوەو، شێوازی تێکۆشانی دوولایەنە گیرایەبەر.. بەرامبەر بە دەسەڵات و لەنێو جەرگەی کۆمەڵیشدا.. ململانێ و زۆرانبازی توندوتیژو خوێناوی لە لاییێك و، ڕۆشنبیری و هوشیاریی لە لاییێکی دییەوەو، بە پشتبەستن بە حیزبێکی شیوعی کە لە هەموو ڕوویێکەوە پاشکۆو فۆتۆکۆپی حیزبی شیوعی سۆڤییێتی بوو.. کە مۆرکی ڕێکخراوێکی تۆکمەی نێودەوڵەتی و سیستەمێکی پۆلاّیینی عەسکەرتاری لە خۆ گرتبوو.. ئەوە مەرجەعیەتی ئایدیۆلۆژی و سەنتەری ڕێبەرایەتی هەموو حیزبە شیوعیەکانی جیهان بوو.

بەمجۆرە مارکسیزم بووە ئایدیۆلۆژیاییێکی دۆگما و.. بگرە هەندێ جار ڕەوتی ڕیفۆرمیزمی و هەلپەرستانەیشی دەگرتەبەر.. ئیدی بواری مامەڵەکردنێکی داهێنەرانەی ئازاد لە گەڵ مارکسیزمدا بە ڕادەییێك تەسکبۆوە، نەتوانین لە گەڵ هەلومەرج و خەسڵەتە ناوچەییێکەماندا بیگونجێنین.. تەنانەت گەڕانەوە بۆ ڕاوێژەکانی ((لێنین))یش زەحمەت بوو.. کە (ڕۆژهەڵاتییێکانی هاندەدا سوور بن لەسەر ئەوەی بەرنامەی حیزبی بەلشەوی ڕووسی کتومت نەگوێزنەوە نێو وڵاتەکانیان)و، (تا دەتوانن پێڕەوی هەلومەرجە تایبەتمەندەکانی وڵاتەکانی خۆیان بکەن).

بەناچاری دەستیان دایە پێڕەوکردنی ڕەوتی ستالینی.. بەتایبەتی لە بواری جەختکردنە سەر دروشمە ئایدیۆلۆژییێکان و لەپراکتیزەشداو، بە

بێئەوەی بزانن ئەم کەتنەیان داوە، ئامادە نەبوون هیچ ڕەخنەو بیرو بۆچونێکی دی قبووڵبکەن‌و، هەر بیرو بۆچوونێکی جیاوازو بەدەر لەهی خۆیان بە لادان (ئینحیراف) دادەنرا.. چونکە ئایدیۆلۆژیا هیچ کاتێك حەوسەڵەی ڕەخنەلێگرتنی نییە.. بەپێچەوانەی فەلسەفەوە، کە بەبێ ڕەخنەو خوێندنەوەی جیاواز ناژی‌و دەپووکێتەوە.

بەمجۆرە کارگەیشتە کەسێتی پەرستن‌و، ستالین، یان ماو، یان هەر کەسێتییێکی دی، بووە ئەڵتەرناتیڤی مارکسیزم‌و، ئومێدی بەشەرییەت‌و، هەروەها وابەستەیی‌و، ڕاپەڕاندنی فەرمایشتەکانی حیزب بەبێ چەندو چوون‌و.. (ڕاپەڕێنە ئەوجا گفتوگۆی لەسەر بکە!)...هتد.

ئەو نەوەیە.. بەتایبەتی ڕۆشنبیران لەژێر سایەی ئەو زەبرو زەنگانەدا پەروەردە بوون.. وەڵێ ئەگەر تاك وتەرایش بووبێت، کەسانێك لە نێویاندا هەبوون مارکسیزمیان وەك فیکرو فەلسەفەش ناسیبێت.

بەڵام جیاکردنەوەی فەلسەفە لە ئایدۆلۆژیا و لەنێو مارکسیزمدا ئەگەر کارێکی مەحاڵ نەبێت، ئەوا گەڵێ دژوارو سەختە.. چونکە هێزی مارکسیزم لەوەدایە کە دەرفەت‌و ئازادیی بەرینی بۆ ڕەخساندووین.. تاکو بتوانین تەفسیرو هەڵسەنگاندنی جیاوازی بۆ بکەین.. پێت سەیر نەبێت کە دەڵێم: ڕێگەی پێداوین تەفسیرە جیاجیاکانی بگاتە دژواریش.. نهێنی زیندوێتی‌و بزێوی دیالێکتیکی زانستیانەی (مارکس) لە کۆکردنەوەی دژوارییێکانیدایە لەنێو خۆیدا.. تا ئەوەی ئاوێتە بوونێکی نازدار لەنێوان خۆی‌و ئایدیۆلۆژیادا دێتە ئاراوە.. بە جۆرێك نە ئەویان (واتا فەلسەفەکەی) بەبێ ئەم‌و، نە ئەمیان (واتا ئایدیۆلۆژیاکەی) بەبێ ئەو هیچ مانایێك نەبەخشن.

کە ئەمەیش دەڵێم.. بە فەلسەفەکە پشت ئەستوورم‌و، ڕێگەی ئەم شیکردنەوە دیالێکتیکیانەم پێدەدات.. دەنا ئایدیۆلۆژیاکەی ئەم ئازادییەم



پێنابەخشێت و.. دوور نییە لێپێچانەوەیێکی بێبەزەییانەشم لەگەڵدا بکات!!

ئەمجا حەزدەکەم ئەوەیشت بۆ ڕوونبکەمەوە کە تەنانەت شیکردنەوەو تێگەیاندن‌و قەناعەتپێکردنی جەماوەر بەو دروشمە مارکسیانەی تۆ وا بە سووك‌و ئاسان بۆیان دەڕوانیت.. لەچاو دروشمەکانی دی –بەتایبەتی دروشمی ئایینی‌و نەتەوایەتی–دا، زۆر زەحمەت‌و پڕ دەردیسەر بوون.. وتووێژکردن‌و ختووکەدانی هەستی نەتەوایەتی‌و بڕوای داچەسپیوی ئایین‌و، جۆشدانیانیان کارێکی هێجگار ئاسانە.. تۆ دەتوانی بەبێئەوەی پێویستت بە عەقڵ‌و شیکردنەوەی زانستیانە بێت ختووکەی غەریزەکانیان بدەیت‌و، بە تەنیا وتار (خوتبە)یێکی گەرموگوڕی مەلای مزگەوتێکت بەسە تا دەیان‌و سەدان هەزار موسوڵمان بەرەو فتوحات‌و غەزاو شەڕکردن بەڕێخەیت.. هەروەها بە پلەیێکی بالاتر بۆ کێشە نەتەوایەتی‌و ڕەگەزپەرستییێکانیش.. وەڵێ ئەو دروشمە مارکسیزمانە دروشمی زانستیانە بوون.. بۆ تێگەیاندن‌و شیکردنەوەیان ناچاریت دەبێت لەتەك عەقلیاندا قسە بکەیت نەك غەریزەیان.. دەبێ لەگەڵیاندا بەرەوڕووی بارخانەیێك ئایدیاو بڕواو ئیمانی چەسپاویان ببیتەوە.. دەبێت کێشەکان لەگەلیاندا یێکلایی بکەیتەوە.. کێشەی ئینسان لە ئاسمانەوە بێنیتە سەر زەوی.. ئینسان بەر لە خاك‌و خۆڵ بکەیتەوە بەتەوەری‌و سەروەری هەموو کێشەکان.

**شوان ئەحمەد: ئێوە نەوەیێکن گلەیێکی زۆرتان لە سەرە، نەوەیێکن گوناهبارن بەوەی لە جیاتی ئەوەی وەک ڕۆشنبیرێک سەودای فیکری‌و فەلسەفی لە گەڵ "مارکس"دا بکەن، چوون**

**مارکستان پەستاندە نێو شانەو ڕێکخستنە حیزبییێکانەوەو، فەلسەفەی مارکسیزمتان کورتکردەوە بۆ "سەرخان و ژێرخان و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو... هتد".. وەها مامەڵەییێک هەڵوێستی بێ قەیدو مەرجی خۆتان بوو، یان لە سەرەوەڕا، حیزب و ڕێکخراوێکی ئایدیۆلۆژی پێیکردن؟**

**ڕەوف حەسەن:** ئەم گلەیی و تۆمەتبارکردنەشتانم قبووڵە.. نە تەنیا لەبەر ئەوەی کابراییێکی سنگفراوانم لە وەرگرتنی ڕەخنەی بەرامبەرداو بەس.. بەڵکو کەمتازۆر لە خۆم و هاوڕێیانم بەگومانم لەوەی تەنانەت توانیبێتمان "بە جوانی" ئەو چەمکە ئایدیۆلۆژیانە "سەرخان و ژێرخان، دیالێکتیکی ماتەری، زێدەبایی، دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا... تد"مان ئاخنیبێتە نێو شانەکانی حیزب و، خانەکانی مێشکی تێکۆشەرانەوە.. دەڵێم بە جوانی.. چونکە ئەو چەمکانە نە هەر هێجگار نوێ و سەردەمانە بوون.. بەڵکو بنەمای.. یاخود میکانیزمی هەژاندنی فیکری مرۆڤی کوردیان لە دوو توێدا هەڵگرتبوو.. بەتایبەتی لەنێو سیستم و پێکهاتە بەربادەکەی ئەم دەڤەرەدا.. ئەوانە توێشوویێکی پێویستی کرێکاران و جوتیاران و، کاسبکارو فەرمانبەر و... تد، بوون.

ئێوە دەزانن فەلسەفە مۆرێکی سەقامنەگیر، یان جیوە ئاسایی لە خۆگرتووەو، لە وەڵامێکەوە بەرەو پرسیارێکی دی دەچێ و، لە پرسیارێکەوە بەرەو پرسیارێکی دی فرتەدەکات و، بەمشێوەیە بەردەوامەو کۆتایی بۆ نییە.. کە لەم دەڤەرو هەلومەرجە قەیراناوییەداو، بەنیسبەت ئەو چین و توێژانەی کە بەزەبرترین فشاری قەیرانەکانیان بەسەرەوەیە.. ئەو کارە بە جۆرێك لە "حیکایەتی مێش" دەچوو، بگرە لەو کەفوکوڵ و



گیانە شۆڕشگێڕییەیانی دادەمرکانەوە.

من لێرەدا دەخوازم بەڕاشکاوی ئەوە بدرکێنم کە گرفتی سەرەکی، یاخود ئەوەی تۆ بە گوناه ناوت لێناو، بەرەوڕووی ئێمەت کردەوە.. زۆر لەوە تێپەڕی کردبوو.. ئێمە هەڵەی ئەوتۆمان هەبووە، مەگەر هەر خۆمان پەییان پێبەرین.. هەر بۆ نموونە، ئێمە گەلێ جار دەکەوتینە جەنگی بەرگریکردن لە وتەو تێزێك کە بەناوی مارکسیزم، یان بەناوی خودی (مارکس) خۆیەوە لە لایەن دوژمنانەوە بەرەوڕوومان دەکرایەوە.. کە نەهی (مارکس) بوو، نە لە ئەدەبیاتی مارکسیزمدا بەو مەبەستە شێوێنراوە دەربڕراوە.. واتا داکۆکیمان لە شتێك دەکرد کە (مارکس) مەبەستی نەبووە.. چ لە ڕووی ئایینەوەو، چ لە ڕووی نەتەوایەتییێوە!.

بەنیسبەت ڕۆشنبیرانیشەوە.. پێمباشە ئەوە بزانن کە لەنێو حیزب و ڕێکخراوەی شیوعییێکاندا، ڕۆشنبیران کەمتازۆر جێی گومان بوون.. بە پشوو کورت و، تەنانەت هەندێ جار بە نۆکەر "خزمەتکار"ی بۆرژوا، یان داکەوتەی بۆرژوا دادەنران.. "ئەدی خۆ لە ئاسمان نەکەوتوونەتە خوارەوە–وەك (لێنین) دەڵێت–".

دادگەییکردنە حیزبییێکەی "یاقوب کۆهێن" نموونەییێکی زەقی ئەم دیاردەیە لە مێژووی حیزبی شیوعی ئێراقدا.. کە وەك ڕووناکبیرێك دەیخواست چوارچێوەو قەفەزەکانی چەند چەمکێکی ئایدیۆلۆژی بشکێنێت و، میکانیزمێکی مارکسیزمانەی گونجاو لەگەڵ واقیعی ئێمەدا پیادە بکات.. ئەویش{بە پشتبەستن بە قوتابیان و ئنتلیجنسیاو پیتی بۆرژوا بەگشتی، دەشێ سۆشیالیزم لە ئێراقدا بهێنرێتەدی.. پشتبەستن بە کرێکارو "جوتیار" پێویست نییە.. چونکە کەمینەن و، هوشیاری چینایەتیشیان لاوازە}.. ئەم تەفسیرو خوێندنەوە نوێ و زیرەکانەیەی

یاقووب، بە نامۆو لە دروشمی ستراتیژی حیزب لادان دانراو، بە فەرمانی هاوڕێ (فەهد) لە حیزب دەرکرا.. چونکە هاوڕێ یاقووب لە بیروڕاکەی پاشگەز نەبۆوە.

ئەگەرچی ئەوەی هاوڕێ کۆهێن قەڵەمبازێکی بوێرانەو تەحەداییێکی بێهاوتای فیکری بوو دژی تەقالیدەکانی حیزب‌و دروشمە زەقەکان.. بەڵام مامەڵە زبرەکەی هاوڕێ فەهدیش لە زێدە دەربەستبوونییێوە بوو بە تۆکمەیی ڕیزەکانی حیزب‌و، ئینتیما و خۆشەویستی بۆ کرێکاران‌و جوتیاران.. جگە لە کاریگەریی شەخسییەتی ستالین‌و، هەروەها (لێنین)یش بە سەرییێوە.. هەرچەندە (لێنین) جاروبار ئاوڕی لە دەوری ڕۆشنبیرانیش داوەتەوەو، بەتایبەتی لە کتێبی"ما العمل"دا، بە ئاشکرا پێویستیی حیزب بە ڕۆڵی ڕۆشنبیران دەخاتەڕوو، کە ئەوان دەتوانن فیکرو فەلسەفەی (مارکس) بۆ خەڵکی شیبکەنەوە.. بەڵام بۆ ئەو ڕۆژگارە جەنجاڵەو، بۆ حیزب "بەتایبەتی" هێشتا زوو بوو بۆئەوەی شێوازو میکانیزمەکانی خەبات "پراکتیزە" بەبارێکی تردا ببرێت.. دوای ئەوەی نەدارو ڕەنجدەران بۆ ئەو ئەرکە مێژووییە پەروەردە کرابوون‌و، ورەو گیانی خۆ بەختکردنیان تێدا چێنرا بوو.. بە جۆرێك کە پاشگەز بوونەوە لێی چ بەنیسبەت حیزبەکە خۆی‌و، چ بەنیسبەت حیزبی فەرماندەو ستالینی (زەعیم)یشەوە لە سۆڤییێت کاری کردە نەبوو.. چونکە کاتێ حیزبی شیوعی لە ئێراقدا دامەزرا، تاکە حیزبێکی شیوعی خاوەن دەسەڵات لە جیهاندا هەر حیزبی شیوعی سۆڤییێتی بوو.. (کۆمێنترن)یش هەر لە ڕووسیا بووو، هەر لەوێشەوەو بەپێی میزاجی ستالین ڕێنماییە فیکری‌و ئایدیۆلۆژییێکان بۆ شیوعییێکانی جیهان دەستەبەر دەکران.

ئەمجا لە گەڵ هەموو ئەمانشدا.. ئێمەی ڕۆشنبیران‌و نا ڕۆشنبیران،



کەسمان بە تۆپزی ئەو ڕێبازەمان بەسەردا نەسەپێنرا بوو.. بەو پەڕی ئازادییێوە ڕێگەی تێکۆشانمان لە پێناوی یێکسانی‌و ئازادی‌و دادپەروەری‌و مرۆڤدۆستیدا هەڵبژاردبوو.. بە قەناعەتیشەوە ئایدیۆلۆژیای (مارکس)مان خزاندبووە نێوشانەکانی حیزب‌و نێو جەرگەی میللەتیشەوە.. هەرچییێکمان بزانیایە بەئاراستەکاری‌و بێ ئاراستەکاری حیزب فێری ئەوانیشمان دەکرد.. هەر لە دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریاوە "کە گەورەترین گرێی دەروونی لای دوژمنانی مارکسیزم دروستکردبوو" تا بە یێکڕیزی کرێکارانی جیهان‌و، ژێرخان‌و سەرخانی ئابووری‌و نامۆگەرایی "الاغتراب"ی مادی‌و دەروونی و...تد، دەگات.

براله! ئێمە لە خۆشیدا، یان بۆ چەواشەکردنی خەڵك.. یان بەمەبەستی شێواندنی مارکسیزم ئەمەمان نەدەکرد.. ئێمە هیچ ڕێبازو فیکرو فەلسەفەو تەنانەت توولە ڕییێکی دیکەمان لەبەردەمدا نەبوو خەڵکی پێ هوشیار بکەینەوە جگە لە مارکسیزم.. تەنیا ئەو فیکرو ڕێبازە بوو شایانی ئەوە بێت ژیانی خۆمانی بۆ تەرخان بکەین.

قسەی زلی نێو کتێب‌و ڕۆژنامە شتێکەو، واقیع‌و قوربانیدان شتێکی دیکەیە.. ئەویان قاقەزو مەرەکەبەو، ئەمیان جۆگەلەی خوێن‌و پەت‌و گوریسی سێدارەو، ئەنجن ئەنجنکردنی ئێسك‌و پروسکە.. ئێمە بە حوسن وڕەزای خۆمان‌و بەگیانی خۆمان‌و بە چەشتنی ئازارو زیندانی و... تد، تۆوێکی فیکری‌و شارستانێتیمان چاند.. لە کاتێکدا دەستەو تاقم‌و حیزبەکانی دی، یان لە هەڵپەی جاشایەتی خیانەتکاریدا بوون، یان دەورو خولی کێشە خێڵەکییێکان دابوو.. یان چەمکە تاریکەکانی خورافیات‌و میتافیزیکیان بەنێو میللەتدا بڵاودەکردەوەو، خەڵکە گوناهو بێسەوادەکەش –کە زۆرینەی پێکهاتەی میللەت بوون– بە ڕادەیێك

کەوتبوونە ژێر کاریگەرییانەوە کە بەتوندی دژایەتییان دەکردین.. جا دەشێ ئەو دژایەتییەش بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییێکان بوو بێ، یان دەسەڵاتی ئایینیو دنیایی هەستو غەریزەکانیانی هەژاندبن، یان هەر لە نەفامی خۆیانەوە بووبێت....تد، وەلێ بیگومانم لەبیرو فەلسەفەییێکی هەڵقولاوی تایبەت بە خۆیانەوە نەبووە.

**شوان ئەحمەد:** بۆچی لە هەموو ئەو شاکارە مەعریفیو فەلسەفییە گرینگەی"مارکس"و، هەموو ئەو خوێندنەوە جیاجیایانەی بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەسەر فیکری ئەو نوسران، هیمەتێکتان نەکردو، هەندێک لەو نوسراوانەتان وەرنەگێڕایە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردییان پێ ئاوەدان بوایەتەوە ؟!

**ڕەوف حەسەن:** لەسەرەتاوە دەبێ ئەوەمان لا ڕوونبێت ئەو کەسەی خوێندەواریی هەبوایە، عەرەبیشی دەزانی.. زمانی عەرەبی لە پۆلی یێکی سەرەتاییێوە دەخوێنرا، جگە لە قورئانیش کە لە حوجرەکاندا دەخوێنرا.

بەڕاشکاوی دەڵێم کە لە سەرەتاوە.. تانزیکی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو.. ئێمە خۆیشمان لەو شاکارە فەلسەفییە گرینگانەی (مارکس) بەگشتی بێبەری بووین.. زۆربەیانمان هەر نەدیبوو.. تەنانەت بۆ زمانی عەرەبیش تەرجەمە نەکرابوون.. بۆ یێکەمین جار تەرجەمەییێکی دەسخەتی عەرەبی مانفیستۆ "البیان الشیوعی" لە شانەکانی حیزبدا دەستاودەستی پێدەکرا.. واتا بە عەرەبیش چاپ نەکرابوو.. بێگومان هۆی ئەمەش ئاشکرایە.. دواتر کە بەنهێنی چاپکرا بەنهێنیش دابەشدەکرا و.. بەدەست



هەر کەسێكو لە هەر ماڵێکدا بگیرایە.. دەبوایێ باجێکی گرانییان بدایە.

لە سەرتاپای ئێراقیشدا تەنیا یێك کتێبخانە هەبوو کە هەندێ سەرچاوەی فیکریی مارکسی تیا دەستبکەوێت، ئەویش کتێبخانەی "مەکنزی" سەر شەقامی ڕەشیدی بەغدا بوو.. بە زۆریش بە زمانی ئینگلیزی بوو.. دەبوایێ زۆر بە حەزەریشە بمانکڕیایە.. ئەمجا جگە لە گرانی تەرجەمەی سەرچاوە فیکرییێکان بۆ کوردی، کێشەی چاپو بڵاوکردنەوەش گرفتێکی ڕاستینە بوو.

دواتر هەندێ هەوڵ دراو، تا ئێستە چەند جارێك "مانیفیستۆ"کەی "مارکسو ئەنگڵز" بە کوردی چاپکراوە پێشتریش چەند نامیلکەییێك کە زێتر سەبارەت بە شێوازی تێکۆشانو، میکانیزمەکانی پراکتیزەکردنی مارکسیزم بوو لە هەلومەرجی دەڤەرەکەماندا، بڵاوکرانەوە.. لە ساڵانی حەفتاکانیشدا جگە لە چەند نامیلکەییێك لەمەڕ دایلەکتیك، چەپك چەپکیش وتەکانی "ماوتسی تۆنگ" لە نامیلکەی بەرباخەڵدا بەکوردی چاپکران..

ئەمانە جگە لە نووسینگەلێکی بەردەوام لە بڵاوکراوە حزبییێکاندا، چ بەنهێنیو چ بەئاشکرا، کە تێیاندا جاروبار ئەگەر بە سادەییش بووبێت ئاوڕ لە هەندێ کێشەی فیکریو فەلسەفی دەدرایەوە.

بەهەر حاڵ ئەمانە هیچیان تینوێتی ڕۆشنبیرانی کوردمانی نەدەشکاندو، ئێمەیش وێڕای ئەوەی کە هەستمان بەوە نەدەکرد تەرجەمەکردنو چاپو پەخشی شاکارەکانی"مارکس" ئەرکی سەرشانی ئێمەیە.. لە هەمان کاتدا کەسێکی ئەوتۆمان تێدا نەبوو بتوانێت چەمکە فەلسەفیو زاراوەو ئیدیۆمە زانستیو فیکرییێکان بکاتە کوردی.. تەنانەت توانای ئەوەشمان نەبوو بە باشی لە هەندێکیان تێبگەین.. بەتایبەتی لە

جزوبەندەکانی سەرمایە (کاپیتاڵ).. تەقەی سەرمان دەهات.

بەنیسبەت خوێندنەوە جیاجیاکانی بیرمەندانی مارکسییەوە.. ئەوە هەر زۆر بڤە بوو.. تەنیا وتەنیا یێك جۆر خوێندنەوەی مارکسیزم هەبوو، ئەویش خوێندنەوەکانی"دارالتقدم"و "میر"ی سۆڤێتی بوو کە بەپوختەترین سەرچاوەمان دادەنا.. تا کۆتایی حەفتاکانیش جگە لەوانە هەموو خوێندنەوەیێکی دی بە لادان "ئینحراف" لە مارکسیزم لەقەڵەم دەدرا.

بەڵام زۆربەی شاعیران‌و چیرۆکنوسان‌و ڕەخنەگران.. بە شێوازی هونەریی خۆیان، مارکسیزم لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دابۆوە.. بەتایبەتی لایەنە ئایدیۆلۆژییێکەی لە سەرەتادا و.. ئەمجا پەل بۆ لایەنی فیکری‌و فەلسەفەکەش بەگشتی هاوێژرا.. شاعیرانی میللی کورد زۆربەیان خۆیان‌و بەرهەمەکانیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرد.. دواتر لە بەرهەمە ئەدەبییێکاندا زێتر بەنێویدا قووڵبوونەوە.. لە هەردوو باریشدا بەزمانێکی ئاسان‌و پاراوو، هەروەها ڕادیکالانەش خەڵکیان وریا کردەوە، بێ گوێدانە ئەوەی تا چەند حکومەت‌و دەسەلاتدارانی پێ سەغڵەت دەبن.. (گۆران)و (قانیع)و (مفتی پێنجوێنی)و گەلێکی دی نموونەی زۆر لەبەچاوی نەوەی پێش ئێمەن.. بەکورتی ئەدەب‌و هونەر کرانە گۆڕەپانی ململانێ فیکری‌و فەلسەفییێکان‌و، ئەمەیش وێڕای ئەوەی بەئاسانی‌و جوانی بە جەماوەر دەگەیشت، لەهەمان کاتیشدا کەمتر مایەی لێپێچانەوەو مەترسی تۆمەتبارکردن بوو.

دەترسم لەم وەڵامەدا کەوتبێتمە غەفڵەتێکەوە، ئەویش قسەکردن بێت لەبری کەسانی دی.. چونکە بێگومان هەر ڕۆشنبیرو ئەدیب‌و تێکۆشەرێکی مارکسیست وەڵام‌و قسەی خۆیان هەیەو، لەوانەیە



کەمتازۆریش لە گەڵمدا جیاواز بن.. جا لەبەر ئەوەی وا هەستدەکەم ئەم پرسیارە زێتر پێوەندی بە منەوە هەیە.. یان هێندەی پێوەندی بە منەوە هەیە لە وەڵامەکەشمدا زێتر مەبەستم ئەوەیە من ئەو کاری تەرجەمەکردنەم بە ئەرکی خۆم نەزانیوەو، هەرهیچ نەبێ ئەوسا توانای ئەوەم نەبووەو، لە دنیای چیرۆك‌و ڕۆژنامەگەریدا ڕێبازێکم هەڵبژاردو، تا ئێستەش سەرقاڵی ئەو ڕێبازەی خۆمم و.. لە ناوەڕاستی هەشتاکانیشدا وەك ئاگادارم گەلێ کتێبی مێژوویی‌و فەلسەفی مارکسیزم تەرجەمەکران.

> **شوان ئەحمەد: کە مارکسیزم دێتە وڵاتی ئێمە، نەوەیێك لە گەڵ خۆی ڕاپێچدەکات.. سەردەمانی ئێوە کەسێك مارکسی نەبوایێ شەرم بوو.. تەنهاو تەنها پیاوێکی وەك "مەسعوود محەمەد" توانی لە ژێر جەبری ئەو ئایدیۆلۆژیایە قوتاربێ‌و، ئەو تەوژمە لە گەڵ خۆیدا ڕاپێچی نەکات.. بەڕاست ئێوە وەك "مۆد"ێك شوێن مارکسیزم کەوتبوون، یان قەناعەتێکی کۆنکرێتیان پێی هەبوو؟!**

ڕەوف حەسەن: بەڵێ.. نەك هەر بەنیسبەت ڕوناکبیرانی ئەو سەردەمەوە ئەوەی مارکسی نەبوایێ شەرم بوو، یان بە لەکاروان جێماوو کۆنەپەرست‌و، تەنانەت بە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمیش ناوزەد دەکرا.. بەڵکو بە نیسبەت حیزبە "ناسیونالیزم!"ەکانیشەوە هەروابوو.. تا وایان لێهات لە پەیڕەوو پڕۆگرامەکانیاندا ئێماژەیان بە چەند چەمك‌و ڕەهەندێکی مارکسیزم دەدا، تا بە کۆنەپەرست‌و دەمارگیریی ڕەگەزو نەتەوایەتی دانەنرێن.. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی گرووپێکی دژە

شیوعی و مارکسیزم بە ماویزم خۆی ئارایشت بکات و، حیزبێکی وەك کاژێك ناوی حیزبەکەی بکاتە "پاسۆك" تا جێگەی زاراوەی **سۆشیالیزمی** تێدا بکاتەوە..

بابێینەوە سەر ڕۆشنبیران و، هۆکاری شەرمکردنیان لە مارکسیست نەبوونیان.

مارکسیزم وەك بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازی زانستیانە و شارستانێتیانە لەگەڵ، یان لەنێو چەندین ڕەوت و ئایدیۆلۆژیای دیکەدا لە کوردستاندا دەژیا کە زوربەیان کۆنەپەرستانە و خێڵەکی و ئایدیالیستانە، یان میتافیزیکیانە و، ڕەگەز پەرستانەشبوون.. ووتم زوربەیان و نەمووت هەموویان.. چونکە لەنێوانیاندا ڕەوتێکی کوردایەتی ڕەسەن هەبوو، کەمتازۆر نوێنەرایەتی خەباتی نەتەوایەتی و مێژووە دێرینەکەی دەکرد و بە شۆڕشی ئەیلوول درێژەی پێدەدا.. هەمدیسان کەمتازۆریش بواری نەدابوو نەزعەی شۆڤێنیستی نەتەوەیی هێلانەی تێدا بکات و.. تەنانەت شێوازێکی مارکسیانەیشی گرتبووەخۆ.. ئەویش بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی بوو.

جا ئەو شەرمەی باستکرد، لەو گومان لێکردنەدا بوو کە داخۆ ئەو ڕۆشنبیرە لەدەرەوەی مارکسیزمدا بە کوێوە گیرساوەتەوە؟! هەمدیسان گومان لەوەی تۆ بڵێی ئەو کەسە بە ڕاستی ڕۆشنبیر بێت!؟ چونکە لە مارکسیستەکان بترازێ "هیچ" کەس و جێگە و لایەن و دەستە و تاقمێکی دی لە ئارادا نەبوون ڕۆشنبیر بن.. یاخود فیکرو فەلسەفەییێکیان هەبێت.

بێگومان هۆکاری دیکەش بۆ دوورەپەرێزی، یان دوژمنایەتیکردنی مارکسیزم زۆرن و، لە درێژەی قسەکانمدا ڕەنگە ئێمازەی دیکەی تێدابێت.

جارێ با ئەوەت پێبڵێم کە بڕواناکەم "تەنها و تەنها" –وەك دەڵێیت–



تاکە پیاوێك لە زەبری ئەو شەرمکردنەو، لە مارکسیزم "بە فیکرو ئایدیۆلۆژیاوە" قوتاری بووبێت..

نا برالە! تەنیا "مەسعوود محەمەد" نەبوو.. زۆری دیکەش بوون و، گشتیان دەناسم و، پێمباش نییە ناویان ڕیزبکەم.. نەوەك قسەکانی دیکەم ڕاستەوخۆ هەستیان بریندار بکات.

ئەوانە پیاوانی لە مارکسیزم قوتاربوو نەبوون.. بەڵکو کەسانێك بوون بەبێ پشتبەستن بە هیچ فیکرو فەلسەفەییێك ئیعلانی جەنگیان لە گەڵ شیوعییێکاندا کرد و، لە سەنگەری دژەمارکسیزمدا چوونە کەمینەوە.. لەوساوە و تا ئێستە بە یێك وشەی خۆیان ڕەخنەیان نە لە فیکرو فەلسەفەی مارکسیزم گرتووە و، نە لەو بلۆکەی ناوی سۆشیالیزمی هەڵگرتبوو.. ئەوەی وتوویانە و نووسیویانە.. یا تیرو توانجی ڕۆژانە و جوێنی بازاڕی بە دروشم و سەرکردە و تەنانەت شەهیدانی ئەو ڕێبازو کاروانە بووە.. یان وەك جاسوس ڕژێمیان ئاگادار کردۆتەوە لە "مەترسی تەشەنەکردنی کوردانی مارکسی لە دەزگە ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی دەوڵەتدا".. یان هەر ڕاستەوخۆ بە چەك و پارە و زانیاری لۆجستیانەی ڕژێم شیوعی قڕان و پیشتئاشانەکانیان کردووە.. یاخود لە باشترین حاڵەتدا.. چەند بیرو بۆچوون و ڕەخنەییێکی بیرمەندە مارکسیستەکانی "وەك: پلیخانۆڤ و ترۆتسکی و گرامیشی و کاوتسکی و کامینێڤ و زینۆڤییێڤ و بوخارین و برۆدۆن باکۆنین و پالمیرۆ تۆلیاتی و لۆکاش و گارۆدی... هتد" بەسەقەتی کاوێژ کردۆتەوە..و، هەروەها ڕەخنە و هێرشەکانی چەند کەسێکی دی لە دژە مارکسیزمەکانی ئەوروپایان دووبارە کردۆتەوە.. تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە سوودیشیان لە ئەدەبیاتی سیاسی حیزبی بەعسیش وەردەگرت.. بە زۆریش لەژێر دەواری کوردایەتی و لەژێر مێزەرو

کەشیدەی ئایینداو.. جاروباریش بەناوی بێلایەنی، یان بوونگەرایی (وجوودی)و، پووچگەرایی (عەبەسی)یۆوە.

بەڵام بە کەمێك لێکدانەوەی باری سایکۆلۆژیانە بۆیان.. کتوپڕ هەستدەکەیت ئەوانە قوربانیی ترسو لەرزێکن.. هەرچییێك دەکەنو دەڵێنو دەنووسن لە پێگەی ترسەکەیانەوەیە لە فیکرو ئایدیۆلۆژیاو دروشمەکانی (مارکس).. نەك لە پێگەی ڕەخنەی زانستیانەو دیالۆگو دژە خوێندنەوەی مارکسەوە.

ئەمەیش زێتر لە ئەنجامی ئەوەوە بوو.. کە مارکسیزم کتوپڕ بە دیوی خەباتو ململانێی چینایەتی "پراکتیزە"دا شالاوی هێنا.. دابڕان، یان لێکترازانی نێوان تیۆرو پراکتیك، یان فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیا.. خەڵکانێکی بێشوماری لە گەڵ خۆیدا ڕاپێچکردە نێو ڕیزەکانی تێکۆشانەوەو، کەمینەییێکیشی تەرەکرد.. ترسێکی کوشندەی خستە هەناوی ئەمانەی دواییەوە.. چ نووسەرو چ موڵکدارو خاوەن بەرژەوەندی بەگشتی.. ساماندارو خاوەنانی پلەو پایەی ئایینیو کۆمەڵایەتی و...هتد، کەوتنە بەر ئەگەری مەترسی تەفروتونا بوونی بەرژەوەندییێکانیان.. "یان هەر هیچ نەبێت وا لە شالاوەکە تێگەیشتبون کە (مارکس) بۆ ڕامالینیان هاتووە".. چەمکی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریاش.. گوایێ هەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانە لەم وڵاتە بێ پرۆلیتاریایەدا دەکاتو، تۆڵەی زوڵمو زۆرو مشەخۆرییێکەشیان لێدەکاتەوە.

ئەمانە بە خوێندەوارو بێسەوادیشیانەوە مافی خۆیان بوو لەو خەندەقی دژە مارکسەدا سەنگەر بگرنو، داکۆکی لە بەرژەوەندییێکانیان بکەن.. ئەمە سوننەتی ژیانو ململانێکەیەتی.. بەڵام بێنو بیکەنە موزایەدە کردن بە کوردایەتییۆوە، ئەمەیان نەهەر پاکانەو درۆو بیانووییێکی



ئاشکرایە، بەڵکو مایەی شەرمەزاریشە.

ئەوەتا "مەسعوود محەمەد-ی نموونەی نێو پرسیارەکەت-" لە دوا وتوویژی بڵاوکراوەیدا.. بەوە قایل نییە دەسپێکی مێژووی شۆڕشی ئەیلولی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد بەسەرۆکایەتی بارزانی لە ڕۆژی "11"ی سێپتامبەردا بێت، کە یێکەمین ڕۆژی پێکدادانی پێشمەرگەی کوردستانە لە گەڵ سوپای کۆماری ئێراقدا.. بەڵکو دەخوازێت چەند مانگێك بەرەو دواوە بیگێڕێتەوە.. بۆ ئەو ڕۆژانەی دەرەبەگە کوردەکان دژی جوتیارانی کورد چەکیان هەڵگرتو، وا دەخوازێت مێژووی شۆڕشەکە لەو ئانو ساتەوە دەستپێبکات کە جوتیار کوژی دەستپێکرد!.

ئەمجا بۆ بەشی دوایی پرسیارەکەش.. ئەگەر ئەو "ئێوە"یە مەبەستتان لە "من" بێت، یان مەبەستتان لە هەموومان بێت.. ئەوا هەمدیسان تەنیا بەناوی (ڕەوف حەسەن)ەوە ئەتوانم وەڵامبدەمەوە.

بەڕاستی پێتدەڵێم.. بەبێ مارکسیش.. هەر لە چاوهەڵهێنانمەوە هەستمکرد هاتوومەتە نێو جیهانێکەوە زۆر سەقەتە.. تا بینەقاقای لە چەتەگەرێتیو چاوڕاودا نقومبووە.. جیهانێکە لە تۆپەڵێ هەڵەو چەوتی دروستکراوە.. جیهانێکە سەگەل تێیدا دەژیو دێتو دەڕواتو، وەك (جەلال زەنگابادی) دەڵێت: "کاروانەکەیش هەر حەپەحەپێتی".. جیهانێکە جێی هەموو دڕندەو دەعباییێکی تێدا دەبێتەوە "ئینسان" نەبێت.

چۆن کارێکی وا بکەین ئەم جیهانە ببێتە مەڵبەندی ڕاستینەی ئینسانو، ئینسان تییێدا سەروەر بێت؟!

ئایا هیچ چارێك نییەو، دەبێت ئێمەیش ببینە گورگ، تا لەگەڵ گورکە پاشاو گورکە خەلیفەو، گورگە سەرەك کۆمارو گورگە سەرەك عەشرەتو گورگە یاساو گورگە ئایینو گورگە حیزبو گورگە کۆمەڵگەو گورگە باوكو

گورگە براگەورەو گورگە مامۆستا و..و.. و.. هەموو گورگەکانی دیکەشدا هەڵبکەین؟

یاخود بەهەموومان هەوڵێ بدەین کەڵبەو چنگو نینۆکی ئەو گورگانە بکەینو، بیانکەینەوە بە ئینسان؟

لە مارکسیزمدا سەرەداوەکانی چارەسەرو ڕاستکردنەوەی ئەم جیهانە گورگەلیزمەم بەدیکرد.

هەر لە منداڵێتیمەوە دووراودوور، بێئەوەی بەباشی (مارکس) بناسم.. هەمیشە لە تەکمدا چاوشارکێی دەکرد.. دەمبینیو لە ناکاو لێم بزر دەبوو.. گومانو گومانو بەردەوام گومان... تۆ بڵێی ئەم گورگایەتیەی لە قالوبەلاوە درێژەی کێشاوە، بەم کابرا ڕیشو سمێڵ پانو سەر ڕووتاوو نێوچەوان نوورانییە مرۆڤو سروشت ئاسودە بێت؟!

ئایا ئەو میتۆدەی ئەو بۆمانی پێشنیاز کردووە، **ترۆتسکیزمیانە** بە شۆڕشێکی بەردەوامی سەرتاسەریی جیهانی پرۆسە دەکرێت، یان **لێنینیزمیانە** بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو لە لوتکەی سەرمایەداری (ئمپریالیزم)دا؟

یاخود لەم دەڤەرەو لەم سیستمانەی ئێمەی خۆرهەڵاتیو ئیسلامدا –کە ناتوانم ناوێکیان لێبنێم– هەرییێکەو **ستالیزمیانە** سیستمو شۆڕشی خۆیو لە "تاکە ولاتێکدا" چێبکات؟!

ئایا بەزەبرو زەنگ، یاخود بەڕێی ئاشتیو دیموکراسیو سندووقی دەنگدان؟! بەڕێی بڕیاردانی حیزبو ڕێکخراوەکانەوە، یان بە عەفەویەتی جەماوەری **ڕۆزا لۆکسێمبورگیانە**؟ گەرچی گومان دەکەم ئەم **خۆڕەسییە** تیۆرو مێتۆدێکی سادەو ڕووتی وەرچەرخان بێت، یاخود هەر بوختانێکەو بۆ ئەو خانمە بیرمەندە مەزنە مارکسیستەو تەوارە بەرزەفڕە هەڵبەستراوەو،



گوایێ ئەو خۆڕەسییە بەلایەوە لە ڕەگەزێکی نێو ڕەگەزەکانی دی شۆڕش زێتر نەبوو!

یان هەر **مارکسیزمانە**و بەپێی هەلومەرجی پێگەیشتووو گونجاوی سیستمە بۆرژواکەی وڵاتەکەو، بەو مێتۆدەی دەلوێو لەتەکیدا شیاوە وەرچەرخانەکە چێبکرێت؟

ئایا و.. یان و.. ئایا و.. سەدانو هەزاران پرسیاری ئایاو یانی گوماناویو پرسیاری بیر وروژێنەر.. من بەم هەموو گومانو پرسیارو، بەم هەموو ئەندێشەو خەیاڵو، بەم هەموو ڕەخنەو ناڕەزاییەوە لە ئەزموونەکانو لە ئایدیۆلۆژیاو لە خودی (مارکس)یش.. بەم هەموو ئازادییەوە کەسێکی مارکسیستم.. ئیدی بە (مۆد) یان (کۆنکرێت) یان (بنەماخوان) یان هەر ناوێکی دیم لێدەنێیت گرینگ نییە.

> **شوان ئەحمەد:** وا بۆ سێ چارەکە سەدە دەچێت مارکسیزم لە نێو واقیعی کۆمەڵگای کوردیدا ئامادەیی هەیەو کار دەکات، بەڵام ئاخۆ دوای ئەو ماوە دوورو درێژە توانیویێتی چیبکاتو چی لە واقیعی حاڵی ئێمە بگۆڕێت؟ مارکسیزم چی بۆ کردین؟ فێری کردین تێبفکرینو قوڵتر بیر لە قەیرانو کێشە بێشومارەکانی خۆمان بکەینەوە، یاخود تیۆرەو میتۆدێک بوو بەشەوارەی خستینو، توانای بیرکردنەوەی تێدا کوشتین؟!.

**ڕەوف حەسەن:** ئەوەی ڕاستی بێت.. ترسێکی زۆرم لەوە هەیە نەوەی نوێی ئەمڕۆمان.. یاخود بێگانەیێکی نەشارەزا لە واقیعی فیکریو سیاسی کورد، کە پرسیارێکی ئاوەها دەبیستن، وا زەنبکەن کە:

1– لە ماوەی ئەو سێ چارەکە سەدەیەی ڕابردوودا کۆمۆنیستەکان حوکمی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فیکری کوردستانو دەڤەرەکەیان بە دەستەوە بوو!

2– کوردیش خاوەنی فیکرو فەلسەفەو شارستانێتێکی مەزن بووەو مارکسیزم تەفروتونای کردوونو قوڕێکی خەستی بۆ گرتوونەتە تێینیشن!

بۆیێ ناچارم لێرەدا چەند ئێماژەیێک بە واقیعی فیکریو سیاسی کوردستان بەر لە گەیشتنی مارکسیزم بدەم.

نەتەوەکەمان سەدان ساڵ لەوەوبەر بە قفڵی خورافیاتو غەیبیاتو شەعوەزە مێشکو بیرو هۆشی کەلەپچە کراو بوو.. لەسەردەمی دوادوایی عوسمانلیدا چاوەڕوانی فەتواییێکی ئەو پیاوە نەخۆشە (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) بوون، تا بچنە غەزاییێکی نامەردانەی ئەرمەنییێکان کە بە گشتی بێچەکو بێدیفاع بوونو، سەدان هەزاریان لێ سەربڕین بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ژنو منداڵو پەککەوتەو.. ماڵو سامانیشیان تاڵانکردن.

هەر وەك کازانتزاکیس دەیگێڕێتەوە.. کورد یۆنانییێکانی نێو کوردستانی وەك کەرو وڵاخ ناڵدەکردن.. تا بەناچاریو بەدزییێوە بەرەو یۆنان هەڵاتن.

دوای مەرگی پیاوە نەخۆشەکەش.. بە کۆلۆنیالکراوێکی بێخشپەی حکومەتی ئێراق بوو.. (مەبەستم لە باشووری مەزنە)و، بە ئابوریو ئیدارەی بەغداوە بەسترایەوەو، ئێراق بە کوردستانیشەوە کەوتنە ژێر زەبری ئیمپریالیزمی ئینگلیزی.. لەم سەروبەندەدا، تازە بە تازە ناوی (بەلشەویك) کەوتبووە نێو مونەوەرانی کوردەوە.. وەك (جەمال عیرفان) کە زوو بە زووو بەنهێنی تیرۆر کرا.

واتا بە چەندین ساڵ بەرلەوەی مارکسیزم وەك ڕێکخراوو حیزب بگاتە



لامان.. کورد چ وەك واقیعی کۆمەڵایەتیو سیاسیو، چ وەك بیروباوەڕو فیکرو فەلسەفە.. وێرانو نابووتکراوبوو.. بە جۆرێك کە گەورەترین کێشەو گرفتی بۆ ئەمانیش –مارکسییێکان– دروست کردبوو.. لە لاییێکەوە دەبوایێ جەنگی پاکسازی ئەو نەزعەو بیرە گەندەڵو خێڵەکیو دەمارگیریو چەقبەستوویەتییە بکاتو، لە لاییێکی دی جەنگی ئازادیو قوتاربوون لە ئیمپریالیزمو، شۆڤێنێتی نەتەوەی زاڵ لە ئێراقدا بکات..

بەمجۆرە مارکسیستەکان لە خەباتێکی سەختو دژواردا بوون لەپێناوی بڵاوکردنەوەو سەپاندنی بیری ئازادیو سەربەخۆییو یێکسانیو دادپەروەریو هوشیاری چینایەتیو ئازادی ئافرەتانو خاوکردنەوەی دەمارگیریو ڕەگەزپەرستیو تێکۆشان بۆ ژیانێکی باشترو لە وڵاتێکی ئازاددا و.. هتد.

بە واتاییێکی دی مارکسیزم بنچینەکانی بیرکرنەوەی لە واقیعی کوردستانو هزری نەتەوەکەماندا دامەزران.. لە کاتێکدا هیچ ڕۆشناییێکی دی لە واقیعەکەو هزری کورددا نەبوو.. ئەو غەریزەو نەزعە پاشڤەڕۆیانەی لە ئارادا بوون هێندەی دی دەردی کوردانی گرانتر کردبوو.. کە تا ئێستەیش مۆتەکە ئاسا بەسەر سنگی نەتەوەکەمانەوەنو، بە ناشیرینترین (یان جوانترین) شێواز سوود لە نەفامیو بیر تەسکی نەتەوەکەمان وەردەگرنو، ڕۆژ بە ڕۆژ بە هەزاران فرسەخ بەرەو دوامان دەبەنەوە.

مارکسیستەکان چەندین گۆڕانکاری مەزنیان خستە نێو کۆمەڵگەی کوردییێوە.. خەڵکیان فێرکرد بە ژیانو گوزەرانی کولەمەرگیو چەوساندنەوەو مفتخۆری قایل نەبن.. بە گژ دەسەڵاتە سیاسیو ئابووریە زاڵمو چەوسێنەرەکاندا بچنەوە.. مارکسیزم گیانی برایەتیو خۆسەویستی لەنێوان مرۆڤەکاندا (بەجیاوازی نەتەوەو ڕەگەزو ئایینو ئاینزا و...تد)

بلاّوكردەوە.. ورەی نایە بەر گشت ئەو مرۆڤانەی كە ساڵەهای ساڵە پێشێل دەكرێن و مافیان زەوتدەكرێت.. تەنانەت دەستەو تاقم و حیزبەكانی نێو ساحەی كوردستانیش، بە بیری پێشكەوتنخوازی و ژیاری و مرۆڤدۆستی ماركسیزم بەرەو پێشتر چوون.. بە كورتی ماركسیزم لە كوردستاندا.. پرشنگ و تیشك و شەبەنگ و پەلكە زێڕینەی خۆی خستە نێو تاریكستان و جەنگەڵستانەكانەوە.

بەڵێ جەماوەرێكی هێجگار فراوانی بە شەوارە خست (وەك تۆ دەڵێیت) شەوارە، یان پرشنگی مێتۆدو فیكرێكی نوێی پەخشكردەوەو، لە خەونە ناخۆشەكان بێداریكردنەوە.. گیرۆدەی كردن تاكو چیدی چارەنووسیان نەدەنە دەست قەدەر.. بەشەوارەی خستن بەڵام توانای بیركردنەوەی تێدا نەكوشتن.. بەڵكو هەر بەو (بەشەوارە كەوتنەیان) پرۆسەی بیركردنەوە دەستپێكرد.. چونكە گومانی خستە نێو تابووو تەوتەمە پیرۆزەكانەوە.. بە تیشكەكەی بەستەڵەكەكانی نێو زەینیانی توانەوە.. ئەو كەلەپچەو قفلاّنەی مێشكمان (كە بە قەناعەتەوە پیرۆزییێكەیانمان دەپاراست)، كرانەوە.

جا ئیدی ئەوەی ماركسیزمی كردە جێنیشی ئەوانی پێشوو، یاخود (ماركس)، یان هەر كەسێتییێكی دی كردە (بت).. یان نەیكردو، بە ئازادی كەوتە بیركردنەوە.. ئەوانە كێشەیەكی دیكەن.

**شوان ئەحمەد: ماركسیزم لەناو ئەحزابی شیوعی ئەوروپایی و عەرەبیدا، دەیان ڕۆشنبیری گەورەو، سەدان موفەسیری لێهاتووی هێنایە ئاراوە.. بڕوانە (گرامیشی) لە ئیتالیاو (لوی ئالتۆسێر) و (لوسیان سیڤ) و (هنری لۆڤیڤەر) لە فەرەنساو (سەمیر ئەمین) و**



**(مەحمود ئەمین عالم) و (مەهدی عامل) و (تەییب تیزینی) و (كەریم مەروە) و (سادق جەلال ئەلعەزم) لە جیهانی عەرەبیدا، كەچی لەنێو ئەحزابی شیوعی كوردستاندا (ماركس) ناسێك دروست نەبوو، ئەوەی هەیەو نییە كۆمەڵێك خوتبە خوێن و ئینشانووسن.. كە زۆر كۆمیدیانە حیكایەتی ماركسیزممان بۆ باسدەكەن.. لەم بارەیەوە چیت هەیە بیڵێت؟!**

**ڕەوف حەسەن:** وەك دێتەوە یادم (ماركس) خۆی لە (بؤس الفسفه)دا گلەیی لە حیزبە شیوعییە ئەڵمانییێكەی خۆی دەكات.. كە ئەندامانی حیزبەكە بەشێوازی خوتبەئامێز دەنوسن و، لەهەمان كاتدا بەرامبەر بە (ماركس) تووڕەن.. چونكە (ماركس) لە یۆتۆپیاكەیان ناڕازییە.. دیارە لەو نموونەیەدا لە مەبەستەكەم دەگەیت.

ئەوە حاڵی كۆمۆنیستەكانی وڵاتی هیگڵ و فەلسەفەی ئەڵمانی و زانستە مەزنەكانی جیهان بێت.. ئایا داواكاری تیۆریزەكردنی ماركسیزم لەنیو واقیعی كوردەواریداو، خوێندنەوەی لێهاتووانەو تەفسیری نوێی ماركسیزم.. داواكاری و پرسیارێكی كۆمیدیانە نییە؟! لەخۆ داكۆكیكردن و پاكانە هێنانەوەم بەلاوە پەسەند نییە.. بەڵام پێویستە بە دیدو بۆچوونێكی بابەتیانە بڕوانینە هەلومەرجەكانی خۆمان.. (ماركس) لای ئێمە حكایەتی كتێب و فیلمی كۆمیدیا نەبوو.. كاروانێكی تراژیدیانەی گیانبازی و قوربانیدانێكی خوێناوی ڕۆمانسیانە بوو.. بەڵام بەنیسبەت ڕۆشنبیرانەوە، سەرباری تراژیدیا گشتییێكە، لەگەڵ حیزبەكەشیاندا لەزۆررانبازیدا بوون، بەسەرهاتەكەی (یاقووب كۆهین) نموونەییێكی زەق و بەڵگەییێكی زیندووی ئەم ڕاستییەیە.

ئەو گەورە ڕۆشنبیرو موفەسیرە لێهاتوانەی ناویانت هێناون، بەگشتی یان ڕۆڵەی ئەوسێ وڵاتە ئەوروپاییەن کە بەدەیان ساڵ لەمەوبەر حیزبە شیوعییەکانیان پەتیان پچڕاندو، ڕەوتی ئارسۆدۆکسیەتی بۆلشەویکیان ڕەتکردەوەو، لەو ئەڵقە پۆڵایینەی ستالین لە کومنترندا ڕەنگرێژی کردبوو لایانداو، (ئۆرۆشیوعی)یان لە فەڕەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیادا پێڕەوکردو، دەرگەی جۆراوجۆری مارکسیزمیان لە بەردەم خۆیاندا والاکرد.. یاخود لەو وڵاتە عەرەبیانەدا پەروەردە بوون کە کەوتوونەتە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتو باشووری دەریای سپی ناوەڕاستو، بەگشتی پابەندی ڕۆشنبیریو کلتووری فەڕەنسایی و ئیتالی و ئیسپانی بوون.. وای بۆدەچم، ئەگەر ئەمە هۆی سەرەکێش نەبێت هۆکارێکی گرینگەو.. واتای ئەوە دەبەخشێت لای ئەوان توانرا پەی بەو جیاوازیو تایبەتمەندییانە بەرن لەنێوان کاری سیاسی و، کاری کولتووریدا هەن، وەك لای ئێمە نەبوو کاری سیاسی بتوانێت کاری ڕۆشنبیریی هەڵلووشێتو، ئەمەیش بەزەروورەت بووە هۆی بەرتەسککردنەوەی خوێندنەوەو تەفسیری جیاواز جیاوازی مارکسیزم.. ئایدیۆلۆژیا هەموو ئازادیو فیکر دەخاتە قەمچی ڕاسپاردە سیاسییە ڕاستەوخۆکانو، تراژیدیای (باسترناك)ی ڕۆمانووس و خەڵاتی نۆبلەکەی لەگەڵ حیزبی شیوعی سۆڤیێتو، وەسیەتو ڕێنماییەکانی ستالیندا.. کە چۆن بوونە مایەی دەرکردنی لە (یەکێتی ئەدیبان)، بەڵگەی ڕەتکردنەوەی بێ قەیدو شەرتی ئایدیۆلۆژیایە بۆ هەموو جۆرەکانی ڕەخنەو، قەڵسبوونییەتی لەگشت دیدو بۆچوونێکی جیاواز.

بەنیسبەت ئێمەشەوە، کە لەسەرەتاداو تا ئەم دواییەش لە ئێراقدا هەر ئەو حیزبە شیوعییە هەبوو کەهی هەموان بوو، واتا تایبەتمەند نەبوو



بەتەنیا کوردەوە.. دەبینین هەر لە یێکەمین ساڵەکانی دامەزراندنیدا ڕۆشنبیرەکان ئارەزومەند، بەڵکو تینووی فیکرو فەلسەفەو ڕەخنەو نوێکردنەوە بوون.. تا ڕادەی ئەوەی لە حیزب جیابوونەوە بۆئەوەی ڕێکخراوێکی دی مارکسی پێکبێنن.. وەك دەستەی (حسێن ڕەحال) کە زوربەی ئەدیب و ڕۆشنبیرە گەورەکانی ئێراقی تێدابوو.

زۆربەی ڕۆشنبیرانی کوردی مارکسی پابەندی ڕەچەتەکانی ستالین بوون.. ستالین ڕزگارکەری کوردو هەمووگەلانیش بوو لایان.. بەتایبەتی دوای سەرکەوتنە گەردوونییەکەی بەسەر نازیزمو فاشیزمدا.

ڕۆشنبیرانی مارکسیمان لەترسی ئەوەی بەترسنۆكو نەفەسکورتیی بیتی بۆرژوا سەیر نەکرێن، زێتر بەلای پراکتیزەو تێکۆشاندا شکانەوەو، حاڵیان حاڵی ئەندامە ئاساییەکانی دیکە بوو.. بەکورتی سەرچاوە فیکریو فەلسەفییەکانی مارکسیزم لای ڕۆشنبیرانمان تائەم (30) ساڵەی دوایی هەر تەنیاحیزب خۆی بوو، حیزبیش لە سەرچاوەی ئایدیۆلۆژی سۆڤیێتی بترازێ هیچی دی لا نەبوو.. لەوەبەدواوە، کەمتازۆر دەرگە کرایەوەو، لە سەرەتای هەفتاکاندا بزاوتی فیکریو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی مارکسیزم لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە سەریهەڵداو، دیالۆگو مشتومڕێکی ڕەخنەیی گەرمو گوڕو، جارجاریش توندوتیژ بوو.. تائەو ڕادەیەی هەوڵدانێك لە ئارادابوو بۆ پێکهێنانی گرووپ، یان ئەڵقەیێکی ڕۆشنبیریی و سیاسی لەشێوازی (ئۆرۆشیوعی)و، لەبەر ڕۆشنایی بیرو بۆچوونەکانی (ترۆتسکی)دا.

واتا هەوڵدانی جیدی هەبوو بۆ خوێندنەوەی نوێی مارکسیزم، بەلام توانای هزریی مارکسیستە کوردەکان لە ئاستێکدا گیریدەخوارد.. بیرمەندی گەورەی وەك ئەو ناوانەی نێو پرسیارەکەتان نەهاتنە

ناوناوانەوەو، لێرەشدا بەلامەوە ستەمە بەراوردێکی نێوان کەسێکی وەك (فوئاد مەجید میسری) یان (فوئاد قەرەداغی) لەگەڵ هەر یەکێك لەو ناوانەدا بکەم.. بۆ نموونە (دکتۆر سەمیر ئەمین)ی میسری هەڵی بۆ ڕەخساو، بڕوانامەی دکتۆرای لە (ئابووری سیاسی)دا لە زانکۆی (سۆربۆن) وەرگرتو، سەرچاوەکانی مارکسیزمی بە فەڕەنسیو ئینگلیزی لە بەر دەستدا بوو، یان (مەهدی عامل)ی شەهید خوێندکارێکی (ئاڵتۆسێر) بوو لە زانکۆدا.. یان.. یان...تد.

فوئادەکانمان (هەر بەنموونە).. نە دایکیان فەڕەنسایی بووە (وەك سەمیر ئەمین)و، نەسەرچاوەیێکی باوەڕ پێکراوی ئەوتۆیان لەبەردەستدا بووە (لە تەفسیرە موبتەزەلو مردارەوە بووەکانی سۆڤێیت زێتر)و، نە قوتابی (ئاڵتوسێر) بوون و.. نەو.. نەو.. لە گەڵ ئەمانەشدا ئەوانو کەسانی مارکسی دیکەش، کەمتازۆر قسەوباسو دیدو بۆچوونو ڕەخنەو خوێندنەوەی جۆراو جۆریان هەبووەو هەیەو بەردەوامیشە –بە گشت کەم وکووڕێیەکانیانەوە –و، ئێستەش دەرفەت لەبەردەم نەوەی نوێماندا والآیە و.. فەلسەفەی مارکسیزم تەنیا لە سەر ئێمە تاپۆ نەکراوە.. هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد دەتوانێ لەو سەرچاوە فیکرییە مەزنەی بەشەریەت بەهرەمەند بێتو، وەك بیرمەندێکی لێهاتوو کار لە مارکسیزمدا بکاتو، بە تەفسیری نوێو ڕەخنەی زانستیانە لە جیهاندا بەناوبانگ بێت.

**شوان ئەحمەد: ئایا بەڕاست لەناو واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا تائەمڕۆیش شتێك هەیە ناوی ململانێی چینایەتی بێت ؟ کۆمەڵگەیەك تائیستەیش خێڵ حوکمی تیابکاتو پیاوسالاریی سیستم بێتو، قۆناغی فیودالی تێنەپەڕاندبێت ، قسەکردن**



**لەململانێی چینایەتی بەسەفسەتە ناچێت؟**

ڕەوف حەسەن: وەڵامی ئەمجۆرە پرسیارانە بە (ئا)و (نە) ستەمە...چونکە ئا، یان نە عزمانی دیالۆگو ڕوونکردنەوەو وردەکاری دەکوژێت.. یاخود لەبەرئەوەی هەر خۆت لەپرسیارەکەدا پێش وەڵام کەوتوویتو، وەڵامت بە (نە) داوەتەوە.. کە گوایە ململانێی چینایەتی لای ئێمە نییەو، بە (ئا)ش وەڵامی ئەوەت داوەتەوە کە بەڵێ قسەکردن لەو بارەیەوە (سەفسەتەیە).. ئیدی وەڵامی (ئا)و (نە)یشت بۆ من نەهێشتۆتەوە.

پرسیارەکە ڕاستەوخۆ واتای ئەوە دەبەخشێت گوایە کۆمەڵگەی خێڵایەتیو پیاوسالاری، لە چینو توێژاڵی چەوسێنەرو چەوساوە خاڵی بێتو.. عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك باڵی بەسەر سیستمەکەدا کێشابێت کە تەنانەت هۆشیارکردنەوەی خەڵکیو، باسی چەوساندنەوەو مفتەخۆریش هیچ نرخو بەهاییێکی نەبێت، چجای تێکۆشانو بەرەنگاربوونەوەی پراکتیکی!!

بەڕاستی پرسیارێکی لەمجۆرە زۆر خراپ بەسەر نەتەوەو کۆمەڵگەکەشماندا دەشکێتەوە.. تا ئەو ئاستەی گومان لەنەتەوەکەمان بکرێت کە لە هەستی مرۆڤایەتی بێبەرییەو، وەك ئامێرێکی بێگیان وایەو، نە هەست بە برسێتی دەکاتو نە بە ئازارو چەوساندنەوەو ماندوێتی! کە هەزاران ساڵ لەمەوبەرو تەنانەت بەر لە سپارتاکۆسو شۆڕشی کۆیلەکان هەست بەو چەوساندنەوەیە کراوەو ململانێی خوێناویش بۆ کۆتایی پێهێنانی کراوە.

مارکسیستەکانمان بەرلە هەموو کەسێکی دیو، لە سالانی سیو

چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەم کێشەیەیان هەلسەنگاندووەو، ئەوەشیان لا ڕوون و ئاشکرایە کە:

1- کۆمەڵگەکەمان بەتەنیا کۆمەڵگەییێکی فیۆدالّی نییەو، تەنانەت سەیرکردنی سەردەمەکەش وەك (قۆناغ)ێکی مێژوویی دروست نییە.. تا ئەو ڕادەیەی لەوانەیە ئێمە هێشتا لەدەرەوەی مێژوودا بژین (بەواتا مارکسییێکەی مێژوو).. بەڵکو شێوازی بەرهەمهێنانێکی ئاسیاوی تایبەتمیان هەیە، کە زێتر وەکو دەڵێن لە چێشتی مجێور دەچێت.

2- هەر لەبەر ڕۆشنایی خاڵی پێشوو، ململانێی چینایەتی نێوان (کارو سەرمایە)ی کەتەلۆگیانەو هاوشێوەی سیستەمە سەرمایەدارەکان دەستەبەر نابێت.

جا لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا لەبری پرۆلیتاریا، جۆرە کارگەرێك دێتە ئاراوە کە (مارکس) بە گەجەر (حوسالە)ی پرۆلیتاریا ناویدەبات.. خاوەنداریێتی تایبەت (زەوی و کەرەسەکانی کێڵاّن و دروێنەو.. ئاژەڵداری...هتد) هەیەو، لەهەمان کاتدا کاری کرێکرتەش هەیە.. لەپاڵ مانیفاکتۆرەی بچووکی تایبەتی و گشتی (حکوومی)و...هتد.

بەکورتی چینێك، یان چەند چین و توێژاڵێکی مشەخۆر هەیەو، لەبەرامبەریشیاندا هەردەم جەماوەرێکی کارگەرو ڕەنجبەرو نەدارو سەرگەردانی فراوان هەیە.. بەوپێیەش کە (خاوەنداریێتی تایبەت داینەمۆی بەرمهێنانی توندوتیژی و زوڵم و زۆرداریییە).. واتا ئەو چین و توێژاڵە بەرینە هەردەم لەژێر زەبری زوڵمێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆدان.. شێوازی ڕەتکردنەوەی جۆراوجۆری ئەو زوڵم و نایێکسانییە کۆمەڵایەتییە دەگرنەبەر.. جا ئیدی بە فیکرو میتۆدێکی مارکسیانەوە هوشیار بکرێنەوە.. یاخود بەشێوەی خۆڕسك، یان هەر شێوازێکی دی.. بۆیێ



لێرەدا لەجێی ئەو پرسیارە داخراوە.. پرسیاری کراوەی دی سەرهەڵدەدات.. وەك:

ئایا دەشێت ئێمەی کەنارو پەراوێزەکانی مێژوو.. قۆناغە مێژووییێکان ببەزێنین بەرەو ژیانێکی باشترو سیستمێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووتر؟ یاخود بەئیلهام لە (مارکس)ەوە دەتوانین میتۆدێك بگرینەبەر بەرەو شێوازێکی سۆشیالیزمیمان بەرێت؟!

هەرلێرەشدا گومانێك سەرهەڵدەدا:

ئایا دەشێت شیوعیەت بەبێئەوەی ببێتە سیستمێکی جیهانی، لە قۆناغی سەرمایەداری پێشکەوتووتر بێت؟

یان هەر ئەوەیە چاوەڕوانی شۆڕشێکی سەرتاسەریی بەردەوامی جیهانی بین کە لە سیستەمە سەرمایەدارەکانی نێو مێژوو (مەرکەز)ەوە بەرپابێت؟

یاخود وەکو (چێرنشفسکی) دەڵێت: (با لادێکان دەستبدەنە چەك).. ئەدی شۆڕشی (چین) هەر لەنێو جەرگەی لادێ و دەرەبەگایەتییەوە بەرپا نەبوو؟!

ئۆکتۆبەرو ڤێتنام و کۆریای باکوور و...هتد، هەر بەشێك نەبوون لەشێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی؟!

من دەڵێم ئەگەر باسکردنی ململانێی چینایەتی و هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو ئاراستەکردنی بەرەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەئیلهام لە (مارکس)ەوە... ئەگەر (سەفسەتە!)ش بێت لەوە زۆر باشترە کە پشتێنی لێبکەینەوەو دەستەوسان دانیشین و، چاوەڕوانبین تا بزانین خوا چیمان بۆدەکات!

پێدەچێت ئەگەر بەرەوپێشەوە چوونی بەشەرییەت لەسەر ئەم سەمتەی

ئێستە بڕوات.. ململانێی چینایەتی کەتەلۆگیانەی نێوان کارو سەرمایە، یان پرۆلیتاریاو سەرمایەدار لە وڵاتانی (سەنتەر)یشدا بەو میتۆدە تەقلیدییەی مارکسی بەڕێوە نەچێت.. یان هیچ نەبێت تەوەرێك لەو دوو تەوەرە (پرۆلیتاریا–سەرمایەدار) کە (پرۆلیتاریا)یە، بەرەو کشانەوە بچێت و ڕۆبۆت ببێتە ئاڵتەرناتیڤی بەشێکی و.. ئێنتلیجنسیای ئۆرگانی [وەك (گرامیشی)و (پلیخانۆف)و (لینین)یش ئیماژەیان پێداوە] جێ بە بەشێکی دی پرۆلیتاریا لێژ بکات.. ئەوجا لە گلۆبالیزمی (مرۆڤی ڕاگەیاندنکار– ئنفۆرمەیشن)دا ، ئەو زۆرانبازییە چۆن دەکەوێتەوە؟ چۆن و بە چ میتۆدێك گۆڕانکاری خۆیان دەکەن.. پێشبینییێکی دژوارو سەختە.

لەم حاڵەتەدا پێدە چێت ئەو ململانێ چینایەتییە بەهەر شێوازێك بێت لای ئێمەش تەشەنە بکات.

**شوان ئەحمەد – ئەحزابی شیوعی ناو کوردستان بەدرێژایی تەمەنی خۆیان هیچ شتێکیان نەکردو، هیچ بەڵێنێکیان نەهێنایەدی، ئەو تائێستە بارەگاکانیان بۆتە جێگەی کۆبوونەوەی پیاوە پیرو بەتەمەنەکان، نەئاسۆییێکی ڕوونیان هەیە، نەستراتیژێکی تۆکمە، نەمژدەییێکیان ماوە پێمانی بدەن و، نەخەونێك عەوداڵی بەدیهێنانی بن.. بەبۆچوونی تۆ ئەمانە چاوەڕێی چین ؟ ئەوانە بۆدەست لەبێخەی مارکسیزم ناکەنەوەو، ناچنەوە ماڵی خۆیان و ئاشبەتاڵی لێناکەن؟**

ڕەوف حەسەن: نا.. نا.. برالە! حەزناکەم پلەی گەرمات هێندە بەرزببێتەوە.. ئەمەی ئێستە وەك پرسیار لێمی دەکەیت، لە ڕاستیدا



پرسیار نییەو، داواکارییێکی ناڕاستەوخۆیە.. بگرە ڕاستەوخۆیشە.. بۆ دەمکوتکردن و قفڵدانی هەموو بیروڕاییێکی جیاواز لەنێو ساحەی کوردستانیدا.. بەتایبەتی لەم لەتکە ئیدارەیەی سلێمانیدا.. ئەگەرچی بیانووەکانت بۆ داخستنی بارەگاکانی حیزبی شیوعی کوردستان لۆژیکین.. بەڵام ئەمەیان کارو پیشەی دەزگە پۆلیسی و ئەمنییێکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە، کە عادەتەن مەیلی دیسپۆتیزمیانەو، خەیاڵی تاکە حیزبی فەرماندەیان –وەك بەعس– بۆ قۆرغکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەیەو، ئەم ئارەزووەشیان لەنێو شاخ و شاردا، شاردراوە نییە.. ئەم ئیستەرەمکردنەت لە بێبەهاکردن و بەسووکی ڕوانینە مێژووی خەبات و ڕەوتێکی شارستیانەی شیوعیە کوردەکان، ئەو گومانەی لا دروستکردم کە ئەمجۆرە شێوازە بۆ پاکتاوکردنی پلورالیزم پەسەندترە لەوەی شێوازی ئاگرو فیشەك بگرنەبەر.. چونکە وابزانم لەمەوبەر لە چەند پرسیارێکی دیکەدا، هەمان بابەتت بەحەماوەتێکی نزمترەوە ورووژاندو، وەڵامم دایتەوەو، بەشێوەییێکی گشتیش ئەم کێشەو تەوەجوهەم بەلاوە گرینگ نییە وابێ یان وانەبێت!

ئاخۆ ڕێگەم دەدەیت لێت بپرسم:

جگە لە شیوعییێکانی کوردستان کامە دەستەو تاقم و حیزب هیچیان کرد بەهیچ و، گفت و بەڵێنێکیان بەجێهێنا؟

یاخود بارەگای کام حیزب –هەمدیسان جگە لە حیزبی شیوعی– نەبۆتە بنکەی سەرکردایەتی بەڕێوەبردنی جەنگی میللەتکوژی و، جێی دابەشکردنی تاڵانییێکانی ئەو شەڕانەو، دواجار ئابڕووبردنی ئەزموونەکەمان و، نەتەوەکەشمان بەگشتی لەبەر چاوی خۆمان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیداو، کەوا دەزانن ئێمە لە کۆمەڵێك حیزبی شەڕەنگێزو

شڕەخۆرو کێوی زێتر هیچی دی نین.

خۆ هەر هیچ نەبێت شیوعییێکان دەستیان لە دروستکردنی ئەم ئینتیباعە تڕە شەرمەزارییەدا لای بێگانە، نەبووە.. بەڵکو بەپێچەوانەوە.. لەم ماوەیەدا هەر خەریکی ناوبژیکردن و پینەو پەڕۆکردنی شڕو شیتاڵە شەڕەنگیزی و میللەتگوژییێکانیان بووەو.. تائێستەش بەهەزاران تێکۆشەری حیزبی شیوعی، ئامادەباشن بۆ قوربانیدان لەپێناوی پارێزگاریکردنی ئەم دەستکەوتەی ڕاپەڕینە جەماوەرییێکەمان (لەم بەشە ڕزگارکراوەدا).. شیوعییێکان لە هەموو خاڵە سنوورییێکاندا خۆیان و (بارەگا)کانیشیان لە هێڵی (تەماس)دان.

خۆ ئەگەر سەردانێکی هێمنانەو، دوور لە تەشەنوجیان بکەیت و، لەگەڵیاندا بکەویتە نێو دیالۆگێکی ڕۆشنبیری و فیکری و فەلسەفییێوە لەنێو بارەگاو، لەدەرەوەیشدا.. ئەو کاتە بێگومان دەبێت تەنیا ئەوان (مارکسیستەکان بەگشتی) مشووری کێشە مەزنەکەی ئینسان دەخۆن، کە (بەختیارییە)و، لە دروشمە دێرینەکەیاندا (نیشتمانێکی ئازادو میللەتێکی بەختیار) دەستنیشانیان کردووەو.. هێشتا لەلایەن دەسەڵاتی (ناسیۆنالیزم!)ی کوردەوە ئەو کێشەیە نەک چارەسەرو دەستەبەر نەکراوە، بەڵکو قووڵترو قەیراناویتر بووە.

حەزدەکەم بزانیت کە سەرجەم ئەم کێشەیەشم بەلاوە گرینگ نییە.. ڕاستە پیرو بەتەمەنەکان (هەروەها لاوی ڕۆشنبیریش) لە بارەگاکانیاندا هەن.. بەڵام ئەو پیرانە کۆنە موستەشارو ئەنفالچی و جاسووس نەبوون.. زیندانە جۆراوجۆرەکانی سەردەمە یێك لەدوای یێکەکانی ئێراق زۆر لە ئێمە باشتریان دەناسن و، کەلەپچەو کۆت و زنجیرو، بگرە پەتی سێدارەکانیش شایەتحاڵی ئەم قسانەمن.



تەنانەت ئەمەشیان لای من کێشەیێك نییە.

ئەو پیرانە لە بارەگاکاندا خەریکی دانانی پلانی شەڕی میللەتگوژی نین.. خەریکی تیۆریزەکردنی شەڕەنگیری نین.. بەهاشەو هوشەی نەفامانەی نێو کۆڕو دەزگە ڕاگەیاندنکارەکان خەڵکی چەواشە ناکەن و، هانیان نادەن بۆ کوردکوژی و تەنانەت پێخسیری کورد کوشتنیش.

هێندەی ناوبەناو سەردانم کردوون.. خەریکی دۆزینەوەی میکانیزمێکی پەسەندتر بوون بۆ ئاشتی و ئازادی و تەبایی نێو ئەزموونەکەمان.. یان لە دیالۆگێکی گەرمدا بوون لەمەڕ گۆڕانکارییە کتوپڕەکانی جیهان.. یان تۆژینەوەو دەسنیشانکردنی لایەنە جوان و بەربەرییێکانی گلۆبالیزم و...هتد، ئەمەیش گرینگ نییە.. بەڵام با هەرچی و هەرکەسێ مەبەستێتی و مەبەستی نییە.. ئەوە باشبزانن بەبارەگادانان و بارەگا داخستنی شیوعییەت نەلە کوردستانداو، نەلە هیچ قوژبنێکی دنیادا (ئاشبەتاڵ) ناکات.. دەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بارەگاکانیان پێدابخەن.. دەشێ بەحوسن و ڕەزای خۆیان دایانخەن.. دەشێ حیزبێکی کارتۆنی لە جێگەیان دانێن.. دەشێ ئینشقاقاتی تریان تێخەن.. دەشێ و.. دەشێ و دەشێ هەموو شتێك بکەن و، هەموو شتێك ڕووبدات.. تەنانەت دەشێت و، زۆریش دەشێت بەبارەگا داخستن و ئاشبەتاڵکردن.. (مارکس) زۆر بەئاسانیترو کاریگەرانەترو، زۆر جوانتریش لەنێو ساتەکانی ژیانماندا ئامادەیی هەبێت.. کە ئەمەی دواییانم مەبەستە.. واتا کێشەکە نەلە وجوودی بارەگاکاندایەو، نەلە داخستنیاندایە.. کێشەکە نەلە کارو چالاکی ئاشکراو ئازادو، نەلە چالاکی کاری نهێنی شیوعییێکانماندایە.. کێشەکە لە وجوودی پیرو پەککەوتەو لاوی بەگۆڕو تیندا نییە.. کێشەکە لە گفت و پەیمان بەجیهێنان و نەهێناندا نییە.. هەروەها کێشەکە لەوەدا

نییه شیوعییێکان له هێڵی تەماسی دژ بە ڕژێمدابن.. کێشەکە لەوەدا نییە شیوعییێکان لە زیندانەکانی دەسەڵاتە کوردستانی و ئێراقییێکاندا بەندکرابن و، لەبەردەمی سێدارەکاندا چاوەڕوانی خنکاندن بن، یاخود لەنێو بەرەی نیشتمانی و بەرەی کوردستانیدا لەسەر سفرەوخوانی دەسەڵاتێکدابن.. بەڵکو کێشەکە لەوەدایە شیوعییێکان لەنێو زیندانەکانی خودی (مارکسیزم)دا دیل نەبن.. لەنێو وێڵگە (مەتاهات)ە بەپێچ و پەناکانی (مارکسیزم)دا بزرنەبن.. ئەوا زیندانەکانی (مارکسیزم) بەرودوا هەرەسیان هێنا.. قەڵا سەخت و دەرگە پۆڵایینەکان ڕمان.. کۆت و پێوەندە مارکسییزمییێکان پسان.. خودی (مارکس)و، هەموو مارکسیستەکانی جیهان ئازادبوون.. گرینگ ئەوەیە جارێکی دی دیوارو قەڵاو دەرگەی پۆڵایین و کۆت و زنجیری نوێ بەناوی مارکسیزمەوە بۆ (مارکس)و بۆ مارکسیستەکان خۆیان و بۆ هیچ ئینسانێك لەسەتاسەری گەردووندا دروست نەکەنەوە.. ئائەمەیە گەوهەری کێشەکە!

**شوان ئەحمەد: دوای هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵات و شکستی مارکسیزم لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بیرمەندگەلێکی زۆرو ڕۆشنبیرێکی بێشومار لە مارکسیزم تەکینەوەو، کەوتنە پێداچوونەوەو ڕەخنەگرتن لەو ڕۆژانەی بەر شەوارە کەوتبوون، کەچی دوای هەموو ئەو ماجەرایەش کورد یێک قسەو، یێک دێڕ نووسینی نەبوو؟ مارکسییێکانی کورد کەی قسەی خۆیان دەکەن؟**

ڕەوف حەسەن: ڕاستە.. هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵات کە بە (سۆشیالیزم) ناودەبرا کاریگەرییەکی سەخت و سەیرو سەمەرەیشی هەبوو بەسەر حیزبە



شیوعییێکانی جیهان و خەڵکانی مارکسیش بەگشتی.. لەگەڵ ئەو ڕووخانە مەزنەدا کۆمەڵێك موقەدەسات و، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك وەهم و بارخانەییێکیش دۆگمای ئایدیۆلۆژی ڕووخان.. کارەساتەکە هێند کتوپڕو، هێند بەزەبرو، هێند ڕووخێنەری خەونە خۆشەکان بوو، هێندەش بەنیسبەت بیرمەندان و ڕۆشنبیرانەوە لەخەون ڕاپەڕین و بێداربوونەوەو، لە مۆتەکەو وڕێنە قوتاربوونیش بوو.. بەتایبەتی ئازادبوون بوو لە گرێی دەروونی دەسەڵاتی باوکایەتی سۆڤییێتی.. ڕێگە والاکردن بوو بۆئەوەی (مارکس) بوێرێت بەئازادی پەلکەزێرینەکانی نیشانی خەڵکی بدات.. وەك چەپکە تیشك بگەڕێتەوە نێو هزرو ژیانمان.. وەك دڵدار نەك پۆلیس بێتەوە نێو ژوانەکانمان.. دارمانی ئەو بلۆکە هێندەی نائومێدی و ورەبەردان و ساردبوونەوەو پەشیمانی لای تێکۆشەرانێکی زۆر حاسڵکرد، هیندەو زێتریش بووە مایەی هەژاندنی فیکرو، خویندنەوەو هەلسەنگاندن و پیداچوونەوەی مارکسیزم.. من هەرگیز لەگەڵتدا نیم کە بیرمەندگەلێکی زۆرو ڕۆشنبیرێکی بێشومار دوای ئەوکارەساتە لە مارکسیزم تەکیبێتنەوە.. پێدەچێت بۆ ماوەییێك سڕبووبن.. وڕو کاس بووبن.. لێ هەروەك سپینۆزا دەڵێت: با بەدیار کارەساتە گەورەکانەوە نەگرین، یان پێنەکەنین.. با ئەو کارەساتانە وامان لێبکەن (بیربکەینەوە)..

ئەمە وایکرد بیرمەندان و ڕۆشنبیرگەلێکی زۆر.. نەك وازبێنن، بەڵکو بەوردی و جوانتر بکەونەوە خویندنەوەی (مارکس)، تەنانەت ئەوانەش کە بڕوایان بەو بلۆکە نەبوو.. یان لەو بڕوایەدا بوون کە وجوودی ئەو بلۆکە مایەی بەرهەمهێنانی پۆلیسی مارکسییە، نەك ئینسانی مارکسی.. هەر لەبەر ئەوەش دوورەپەرێز لە (مارکس) وەستابوون.. زوربەیان بەگیان و بیرو بڕواییێکی بەهێزتر پابەندی (مارکس) بوونەوە.. بیرمەندو ڕۆشنبیری

ڕاستینەی مارکسی، تەنانەت بەرشۆك (صەدمە)ی ئەو کارەساتە نەکەوتن و، بەلایانەوە شتێکی چاوەڕوانکراوی ئاسایی بوو.. دەبوایێ گۆڕانی ڕادیکالیانە بەسەر ئەو سیستمانەدا بهاتایە.. ئیدی بەو جۆرەی ڕووی دا.. یان بەهەر شێوازێکی دی (کوودەتایی.. شۆڕش.. ڕاپەڕین.. پەڕلەمان و دەنگدان و...تد). ئەی بەدەیان بیرمەندو تیۆریستی مارکسی هەر لە ڕۆژان و سالانی یێکەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، نوقلانەی هەرەسهێنانی ئەو ئەزموونە (ئەو خویندنەوە هەڵەیەی بۆ "مارکس" کرا)یان لێنەدا بوو؟! ڕۆشنبیرانی مارکسی بەر لە دوژمنان و، بە ئیلهامی دیالێکتێکی مارکسییەوە.. بەوردترین شێوە پەییان بەو ڤایرۆسانە بردووە کە لەنێو جەستەی شورشەکەداو، لەنێو بونیادی ئەزموونەکەدا ژیاون و دەژین.. پێت سەیر نەبێت کە خودی (لێنین)و پلیخانۆف و ترۆتسکی (کە هەر یێکەیان ڕێبازێکی تایبەتمەندی خۆیان هەبوو لە مارکسیزمدا) سەرقافلەی ئەو تەوەقوعەن و، ئەگەری ئەو هەرەسەیان بەدوور نەگرتووە تا ڕادەی بێگومان بوون لێی.. چونکە هەر خۆیان دۆزەرەوەو، دەسنیشانکەری ئەو ڤایرۆسانەبوون کە درەنگبێ یا زوو ئەزموونەکە بەرەو مەرگ دەبەن.. (بێگومان مەبەستم ڤایرۆسە دیالێکتیکیەکانە).

بڕوابکەن ئەوانەی ئەمڕۆ دوژمنانی مارکسیزم لەنێو هەراوزەنا و زەماوەند گێرانی هەرەسی ئەو ئەزموونانەدا دەیانلێنەوە.. چ لای خۆمان و چ لە جیهاندا، لە کاوێژکردنەوەیێکی ساویلکانەی بیرو بۆچوون و خوێندنەوە ڕەخنەییێکانی ئەوانن.. نەشئەو مەستی سەرکەوتن، یان بەردەوامیی سیستمی سەرمایەداری و، شادمانی فەشەلهێنانی ئەو ئەزموونە.. وردەوردە بەرەو کۆتایی دەچێت.. بەڵام کێشەکە چ بەلای تێکۆشەرانەوەو، چ بەنیسبەت ڕۆشنبیران و دەستەبژێرو بیرمەندانەوە..



هێجگار قووڵترو جەنجاڵتریش دەبێتەوە.. کار لەوەدا نەماوە کە پۆخلەواتەکانی ژێر ئەزموونەکە بە زەقی سەرئاو کەوتوون و لەبەرچاودان.. یاخود هۆکارەکانی هەرەسەکە بژمێرین و، بیر لەوە بکەینەوە جارێکی دی بەئەزموونێکی لەو جۆرەدا تێهەڵچینەوە یان تێهەڵنەچینەوە.. هەروەها کار لەوەش ترازاوە ددان بەهەڵەکاندا بنێین و، قسە لەسەر پەککەوتەیی و پەکنەکەوتەیی فیکری سۆشیالیزمی بکەین.. چونکە ئەو ئامانج و مەبەستە پیرۆزانەی مارکسیستان قوربانی گەورەو بێشوماریان لەپێناویانانـدا داوەو، بەردەوامیشن لەسەری، گەلێ لەوە مەزنترن کە بەڕاست و چەوتی، یان سەرکەوتن و داکەوتنی ئەزموونێك بپێورێن.. هەمووش دەزانین وەزعی ئەمڕۆی بەشەرییەت بەگشتی و، حاڵی ئەو سیستمانەی جێی ئەزموونەکانیان گرتۆتەوە بەتایبەتی، مایەی بەغیلی پێبردن نین.. کاتێ جۆرج بوشەکان لەجێی (مارکس) لەجیهاندا دەبینم، هەستدەکەم خاوەنماڵ ڕاستەوخۆ دیار نییەو.. چەتەکان خۆیان خاوەنماڵ و تالانکەرن.. بەربەرییێکی تاکجەمسەر، بێپەروا، بەهەڵەداوان شالاوی تالان وبڕۆ دەکاتە سەر جیهان.. لەم سەروبەندەدا ئەرکی بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی مارکسیست چەند لەجاران ئاشکراو ڕوونترە هێندەیش سەخت و دژوارترە.. کارکردنی جیدی دەوێت لەنێو ئەم گەرداوە شێت و هارو ئەحمەقەدا.. کارکردنی جیدی لەپێناوی داکوتانی پێگە ڕاستینەکانی ئازادی و یێکسانی و دادپەروەریدا.. کارکردنێکی مارکسیانە.. نە بەواتا تەقلیدییێکەی و، هەروەها نە بەواتا نوێیەکەیشی.. بەڵکو بەواتای (گۆڕانکاریخوازانە).. ئەرکی هەنووکەیی و داهاتووشمان لەو چەمکەدا خۆی دەنوێنێ.. بەسوودوەرگرتن لە سەرجەم ئەو ڕەوت و تەوژمە فیکری و سیاسیانەی بە ڕاستی سیستمی سەرمایەداری ڕەتدەکەنەوەو، بڕوایان بەدوا ڕۆژێکی

ییکسان و ئازادو بەختیار بۆ بەشەرییەت هەیە.

سەبارت بەبەشی دوایی ئەم پرسیارەش.. کە گوایێ کوردی مارکسیست هیچ قسەو نووسینێکی نییە.. جارێ با لەوە گەڕێین.. کە کوردانی دژ بە مارکسیزم لە هەڵهەلەکێشان و تانەو تەشەر لە (مارکس)و شیوعییێکان زێتر هیچ خوێندنەوەییێکیان بۆ ئەم هەلومەرجەی ئەم دواییە نەبووەو.. لەباشترین حاڵەتیاندا تەبشیریان بە (کۆتایی مێژوو)ەکەی (فۆکۆیاما) کردووە بۆ ڕەواندنەوەی ترسە دێرین و ڕاستەوخۆکەیان لە (مارکس).. بۆ خۆ دڵنیاکردنەوە لەوەی سیستمی سەرمایەداریی (لەسایەی خواوە) هەتاهەتاییەو، مێژوو لەو ئاستەدا لەنگەر دەگرێت و دەچەقێت و، زەویش لە سووڕاندنەوە دەکەوێت و.. (مارکس)و شیوعییەتیش بۆ جەهەننەم!

مارکسیستەکانمان تائەمڕۆ نەیانتوانیوە وەك گەورە بیرمەندانی نەتەوەکانی دی خوێندنەوەییێکی تیۆریی مارکسیانەی ئەم وەزعە جیهانییە بکەن وەك (د. سەمیر ئەمین) بەنموونە.. بەڵام کەمتازۆریش بیرو بۆچوون و هەڵسەنگاندنی جیاواز، چ بە کتێب و، چ بە وتارو، چ بە دیالۆگ کاری بەرچاو کراوەو نوسراوەو وتراوە.. تا ئەو ڕادەیەی قسەوباسی ئێمەی کورد لەهی تورك و عەرەبی ئێراق و ئەردەن و کوێت و، گەلێ وڵات و نەتەوەی دی کەمترو خراپتر نەبووە گەر زۆر باشتریش نەبووبێت.. گەرچی بەڕای منیش لەئاستی پێویستدا نەبووە.. یاخود درەنگ کەوتووە.

پێدەچێت کاریگەریی بەنجکردنە ئایدیۆلۆژییێکان بەسەر زوربەی مارکسیستەکانمانەوە مابێت، یان درێژەی کێشابێت.. بەڵام خاوبوونەوەو کۆتایی ئەو سرنجانە هەستپیدەکەم و، دیارە کاتی ئەوە هاتووە بەبێ ترس و بە عەقڵییەتێکی دیکەوە بگەڕێنەوە سەر سەرچاوە هزری و



فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییێکانی (مارکس) خۆی و، خەڵکی کوردستانیش لەو گەنجینە مەزنە فیکرییەی بەشەرییەت بەهرەمەند بن.. بەسوود وەرگرتن لەو تۆڕە زانیارییانەی گلۆبالیزم و، لەو دەلاقە زەق و خەوشە بێمروەتیانەی کولۆنیالیزمی نوێ و، ئەو تەنازولاتە زۆرو بەردەوامەی سیستەمەکانیان لەبەردەم تارماییێکانی (مارکس)دا دەیکەن!

**شوان ئەحمەد: مارکسیستەکانی کورد لەژێر کاریگەریی خەباتی چینایەتی و ئوممەمیەتدا چ گورزێکی گرانیان ئاراستەی خەباتی نەتەوایەتی کورد کردو، چەندە دەستیان لە لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی میللەتی کورددا هەبوو؟**

**ڕەوف حەسەن:** دەپرسم: ئایا ئێوە خەباتی نەتەوایەتی و هەستی نەتەوایەتی میللەتەکەمان بەچی دەزانن و چۆن تێیگەیشتوون؟!

داخۆ بەرەنگاربوونەوەو، ڕاپەڕینی جوتیارانی کورد کە بەرزترین ڕێژەی پێکهاتەی کۆمەڵگەکەمانە دژی دەرەبەگی کورد کە نزمترین ڕێژەی پێکهاتەی کۆمەڵگەکەمانە بەگورزی گران دەزانن ئاراستەی خەباتی نەتەوایەتیمان کرابێت؟! ئەگەر هۆشیارکردنەوەی ئەو جوتیارو ڕەنجبەرانەی کورد بۆ داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانیان.. تا ڕەنجی شان و ئارەقەی ناوچەوانیان بەتاڵان نەبرێت، هاندانیان بۆ بەکژداچوونەوەی چەوسێنەرو مفتخۆران و ڕەفتاری بێمروەتانەیان.. بەهەر ناوو ئایدیۆمەو چەمك و تێزێکەوە بێت.. ئەگەر گورزێکی جەرگبڕیش بێت، بێگومان هەرواش بووەو وایشدەبێت، ئەوا ئاراستەی هەموو شتێك کراوە تەنیا خەباتی نەتەوایەتی کورد نەبێت.. ئەگەر پێتانوایە کەوا عەشقێکی مەم و زینانە لەنیوان برسی و ڕەشوڕووتە بێشومارەکانی نەتەوەکەمان لە لاییك و،

گورچکپڕو ئینتەلا کردۆکانی نەتەوەکەمان لە لاییێکی دییدا لەئارادایەو، کوردانی مارکسیست تاوانی تێکدانی ژوانەکەیانی لەئەستۆدایەو، بەمەیش هەستی نەتەوایەتیمانی لاوازکردووەو ڕووشاندوێتی.. ئەوا بێچەندوچوون.. ئێمە بووینەتە مایەی تێکدانی ژوانە ژەهراوییێکەیان‌و، ئەو تاوانە نەك هەر پیرۆزترین ئەرکی سەر شانمان بوو.. بەڵکو ئەوە دانپیانانێکە کە شیوعییێکانمان ڕەنجیان بەبا نەچووەو، لەسەر ئاستی تیۆری (هۆشیارکردنەوەی چەوساوەکان جوتیارو ڕەنجبەران)و، لەسەر ئاستی پراکتیزەکردنیش (ڕاپەڕینە مێژووییێکانیان)، گۆڕانکارییان خستوتە نێو بونیادی فیکری‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان.

براله! خەباتی نەتەوایەتی‌و هەستی نەتەوایەتی.. نە بریتییە لە گرمۆڵەبوون بەسەرخۆداو، نە داخستنی دەرگەو پەنجەرەکانی بزوتنەوە نەتەوایەتییێکانمانە بەڕووی جیهانداو، نە پساندنی پێوەندییە شموولییێکانە لەتەك كێشەو تایبەتمەندییە زاتییەکانماندا.

ناسنامەی نەتەوایەتیمان، ئەو ناسنامە خێڵەکییانە نییە کە تائێستەیش بەناوی شۆڕشگێڕی‌و مۆدێرن‌و...تد وە، هەستی نەتەوایەتیمانیان پێ بەنجکردوون.. ئەوە هەستی نەتەوایەتی‌و ناسنامەی دەعبایێکی قاوغدارو لاتەرێك‌و شەرمن‌و تەنانەت مردارەوەبووشە.. هەستی نەتەوایەتی ئەو پێوەندییەی نەتەوەیە لەگەڵ گەردوون‌و مرۆڤایەتی‌و مێژوودا.. کە بەرەو کەنارەکانی ئازادی‌و بەختیاری‌و یێکسانیمان دەبات.

کوردە مارکسییێکان‌و شیوعییێکانی ئێراق بەتێکڕایی.. لەگشت ئەدەبیاتی سیاسیاندا هەردەم دژی نەتەوەی باڵادەستی زۆردار بوون.. دژی ڕەوتە شۆڤێنییێکانی عەرەب بوون‌و، هەوڵیان داوە کوردیش لە نەهجی



دەمارگیریی وریابکەنەوە.. با هەمووانیش ئەوە بزانن.. کە لە مانشێتی یێکەمین لاپەڕەی یێکەمین جەریدەی شیوعی (کفاح الشعب) ساڵی 1945دا دروشمی ئیستیقلالی کوردستان بەرزکراوەتەوە.. ناوی (ئازادی) لێنانی یێکەمین جەریدەی شیوعیی کوردی بەپێشنیاری سکرتێری گشتی حیزب هاوڕێ (فەهد) بوو.. بێگومان ئەو ناوە بێمەبەست نەبوو.. تائەمڕۆیش لەسەرەتای چلەکانەوە ئەو مارشە کوردییەی زمانی کوردایەتی پێدەپڕژێت (سروودی ئەی ڕەقیب) شیعری (دڵدار)ی کوردی مارکسیستەو.. سەدان نموونەو، دیکۆمێنتی دیکەشم لەبەردەستایەو، دڵنیابن نامەوێ موزایەدە بۆ کوردایەتیکردنی مارکسییە کوردەکان بکەم‌و.. ددان بەوەشدا دەنێم هەرچییێکیان کردبێت جگە لەوەی ئەرکی سەرشانیان بووە.. لەئاستی پێویسیشتدا نەبووە.. گەرچی ئەو سروودو مروودەشم بەلاوە پەشمە.. چونکە کێشەکە (خەبات‌و هەستی نەتەوایەتی) زۆر لەمە قووڵترو فراوانترەو.. بەدحاڵیبونێکی زەق‌و، تەمومژێکی زۆرتریش دەوری هەموو ئەندێشەکانی نەتەوەکەمانی داوە.. ئەگەر زۆر بەدرشتیش بێت بەپێویستی دەزانم هەندێ لەو تەمومژە ڕوونبکەمەوە.

سەردەمی (مارکس).. سەردەمی پێکهاتەی دەوڵەتە ناسیۆنالیزمەکانی ئەوروپا بوو.. ئەوسا دەوڵەت‌و نەتەوە یێك واتایان هەبوو.. دەوڵەتی فرە نەتەوەیی یان هەر نەبوو، یاخود کێشەییێك نەبوو شایانی باسبێت.. وەك ئەوەی ئێستە هەیە.. ئێمەو ئەمازیغ (بەربەر)و...تد، مارکسیش هێندەی بایێخی بەو کێشەیە داوە، هێندە کێشە سەرەکییێکە (دەوڵەت–نەتەوە)ی بەهەند وەرنەگرتووەو، لای خۆیەوە یێکالای نەکردۆتەوەو، بە کێشەییێکی بۆرژوایانەی کەم بایێخ‌و ناسەرەکی داناوە لەچاو کێشەی پرۆلیتاریاو ململانێی چینایەتیدا.. کە بەپێی یاسای نەفی نەفی دیالێکتیکی

بەکێشەیێکی پەراوێز ئاسایی کەوتۆتەوە.. بەڵام کە بابەتی فرەنەتەوەیی دێتە ئاراوە.. (مارکس) خۆی لە (کاپیتاڵ، ڕاس المال)دا، ئەوە ئاشکرا دەکات، کە سەربەخۆیی نەتەوەیی ئێرلاندە مەرجی سەرکەوتنی پرۆلیتاریای ئنگلیزە.. واتا دژی نەتەوەی باڵادەستی داگیرکەرە.. نەك وەك هەندێ شیوعیو، هەموو دژە مارکسییێکان لێی تێگەیشتوون.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت گەلێ جار کوردە مارکسییێکان بەوە تاوانبار کراون کە زیاد لە پێویست سەرقاڵی کێشەی نەتەوایەتینو، کێشە ئەنتەرناسیۆنالیزمییێکەیان فەرامۆشکردووە!!

ئەمجا لێرەدا مافی خۆمە بپرسم: ئەوە پێم ناڵێن شەڕی نێو شاخو شاری حزبە (ناسیۆنالیزمەکان!)ی کورد.. بە میللەتکوژیو ماڵی کورد وێرانکردنی بەردەوامیان چەند خزمەتی گیانی کوردایەتیو خەباتی نەتەوایەتییان کردوە؟! باشیش دەزانن چەندین نەفامو هەلپەرستو مەسڵەحەتچی نیو حیزبەکان وێڕای ئەوەی منداڵو گەنجانی میللەتەکەیان بەکوشت دەدا، هەوڵی ئەوەشیان دەدا شەڕەنگێزی حیزبەکانیان بە شەڕی مۆدێرننیتە تیۆریزە بکەنو، شەرعیەت بە کوشتنی کوردە دیلەکانیش بدەن و...تد.

ئەو شیوعیانەش (کە دەڵێت گورزی گرانیان ئاراستەی هەستو خەباتی نەتەوایەتی کردووە) چەندین ساڵە بە گیانی هەست بە مەسئولییەتکردنەوە لە هەوڵێکی بێوچانی ناوبژێکردنو شکاندنی ئەو چەقۆو تەورانەدا بوون کە دەیانویست خەباتی نەتەوایەتیو هەستی کوردایەتیمان بۆ هەتا هەتایە گۆشاوگۆش سەربڕن.

**شوان ئەحمەد: ئەوەی نێوە بەپێشخستنی مارکس ئایدیۆلۆژی**



**بەسەر مارکسی فەلسەفیدا تەنها مارکستان وێران نەکرد، بەڵکو ئافەرۆزی ئەو کەلەپورە گەورەو گرانەشتان کرد کە مارکسیزمی لەسەر دروستبوو.. (مەبەستم فەلسەفەی ئەڵمانیو، فەلسەفەی هیگڵ بەتایبەتی).. ئایا تۆرانی فەلسەفە لە واقعی ئێمەدا بەشێکی پەیوەندی بەو ڕەفتارە (ژدانۆڤیە)ی مارکسیێکانی کوردەوە نیە؟**

ڕەوف حەسەن: جارێ با ئەو ڕاستییە بزانین کە مارکسیزم وەك تیۆری، یان جیهانبینییێکی هاوئاهەنگ، بەشێوازێکی ئۆرگانی (ماتەریالیزمی دیالێکتیكو، ئابوری سیاسیو سۆشیالیزمی زانستیانە)ی لەناوی خۆیدا کۆکردۆتەوەو، هەر ئەمانەشە وایان کردووە فەلسەفەی مارکسیزم بەمەزنترین دەسکەوتەکانی فیکری بەشەریەت بناسرێت لە مێژوودا.. جا لەبەرئەوەی هیچ فەلسەفەیەك وەك مارکسیزم دانەبەزیوەتە سەر زەمینەی تاقیکردنەوە، بۆیێ لەهەموویان زێتر دووچاری زاڵبوونی باڵە ئایدیۆلۆژێکەی بەسەر باڵە فیکرییێکەیدا بوو.. ئەمەش — وەك لەمەوبەر ئاماژەم پێدا— دیاردەیەك نەبوو بەئێمەی کوردەوە تایبەتی بێت، تەنانەت لەحیزبە شوعییێکەی (مارکس) خۆیدا لە ئەڵمانیا ئەم دیاردەیە بەزەقی تەشەنەی کرد، کە مەڵبەندی فەلسەفەو هیگڵیشە.. مارکسیزم وەك هیگڵیزم فەلسەفەیێك نییە تەنیا کاغەزە سپییێکان (بۆر) بکاتەوە، لەنێو هزرو لەتاریکیدا بژی وەك هیگڵ خۆی ددان بەم هەقیقەتەدا دەنێو دەڵێ "فەلسەفە لە ئێوارەوەختەدا نەبێت بێدارنابێتەوە، کاتێ تاریکایی باڵمان بەسەردا دەکێشێت.. ئەوسا دەتوانین ڕابمێنینو بیر لە ڕووداوەکانی ڕۆژ بکەینەوە، هەر ئەم دابڕانە مەعریفییە (ئەپیستمۆلۆژیە).. مارکسیزم نەك

هەر لە هیگڵ، بەڵکو لە هەموو فەیلەسووفو فەلسەفەکانی دی جیادەکاتەوە، ئێمەش سەرباری ئایدیۆلۆژیا.. فیکری مارکسیشمان کەمتازۆر بەکورد ناساندووە، هەر لە ڕێگەی مارکسیشەوە هێندەی پێوەندیدار بێت پێوەی.. هیگڵیشمان بەخەڵك ناساند.

ژدانۆڤیش، هەر بۆ زانین ئەو پیاوە بوو کە بەرلەوەی دژی دومنانی مارکیسزم بێت دوژمنی مارکسیستەکان بوو.. ئەو ڕۆژەی ستالین پۆستی سکرتێری حیزبی لە لێنینگرادا پێبەخشی یێکسەر لە کۆی نۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب، حەوت ئەندامی لێ ئیعدامکردن.

ئەمجا باوای دابنێین ئەو کوردە ژدانۆڤانە –وەك جەنابت دەڵێیت – هیگڵ–، یان فەلسەفەیان – لە واقعی ئێمەدا تۆران.. باشە خۆ کەس نییە ئەو ڕاستییە نەزانێت کە واقیعی ئێمەی کورد لەوەتەی هەین بریتییە لە چۆڵەوانێکی کاکی بەکاکی لە گشت بوارەکانی فیکرو فەلسەفەدا.. جا شتێك کە وجوودی نەبێت چۆن دەتۆرێت؟

بەرلەوەی مارکسیزم بێتە ئێرەو ژدانۆڤە کوردەکان! پێبگەنو، بەرلەوەی خودی مارکسیش لەدایك بووبێت.. هیگڵو فێختەو فەلسەفەی ئەڵمانی هەبوونو دواتریش شپێنگلەر هەبوو.. ئەدی لەوساکەوە ئەم هیگڵە بۆ نەگەیشتەلامان؟! خۆ ئەگەر ژدانۆڤە! کوردەکان نەبوونایە کەسێکی کورد نەبوو هیگڵ بناسێو بەهۆی ئەوانەوە هیگڵ کەوتە سەرەتاتکێ لەگەڵمانداو.. وا وردەوردە خەریکە لەسەرێی لاوە ڕۆشنبیرەکانمانەوە زێتر پێی ئاشنادەبین.. کوردە (ژدانۆڤەکان!) حاکمو پۆلیس نەبوون بەسەر فیکرو فەلسەفەوە.. بەتایبەتی فەلسەفەیێکی مەزنی وەك فەلسەفەی ئەڵمانیو هیگڵ، کە بەهەموو جۆرە خوێندنەوە ڕەخنەییێکان زیندووتر دەبێتەوە.. ژدانۆڤە! کوردەکان زۆربەرز ڕەهەندە



چەپڕەوەکانی هیگڵیان نرخاندووە، تانهاش هەواداری لایەنی مێژووگەرایی فیکری هیگڵو دیالێکتیکەکەین.. پێدەچێت چۆن ئەوسا لایەنە میتافیزیکیە زەقو ڕەهاکەیان کە تا کەنارەکانی لاهووت دەمانبات، ڕەتدەکردەوە.. ئێستەش بەشیکردنەوەییێکی وردترو شێوازێکی سەردەمانە هەر مامەڵەییێکی نێگەتیڤانەی لەتەکدا بکەن.. نازانم ئێوە سەبارەت بەنەزعەی هیگڵ لەمەڕ (کۆتایی مێژوو) چیدەڵێن؟ کاتێ سیستمێکی دیسپۆتیزمیانەی وەك دەوڵەتی بڕوسی لەسەردەمەکەی خۆیدا بە بەرجەستەکردنی سیاسی (ڕەهایی)و کۆتایی گەشتەکە دەزانێت کە (فۆکۆیاما) لەم سەردەمەدا بەساویلکانەترین شێواز هاوئەندێشەی هەمان ئەو بۆچوونەی ئەوە.. ئێمە کەمتازۆر مارکسمان هێنا.. دەرگەو پەنجەرەکانی کوردستانیش ئێستە بۆ هیچ ئاواڵە نەبن.. بۆ هیگڵو فەلسەفەی ئەڵمانیو هەموو فیکرو فەلسەفەیێکی دی ئاواڵەنو.. لە سەردەمی ژدانوڤە! کوردەکانیشدا بە هەمان شێوە بۆ هەمووان ئاواڵەبوونو پێشوازیشیان لێدەکرا.. تەنیا بۆ(مارکس) نەبێت.. هەموو فیکرو فەلسەفەکان بەبێ ڤیزاو پاسپۆرت توانیویانە تەڕاتێن بکەن، تەنیا مارکسیزم نەبێت.. بۆیێ بە خوێنی خۆمان هێنامان.

**شوان ئەحمەد:** بەبۆچوونی (مارکس) دەبێت هەموو ڕژێمێکی شۆڕشگێڕ دیکتاتۆر بێت.. کەواتە تەواوی ئەو سیستمە دیسپۆتیزمیانەی جیهانی سۆشیالستی.. لە (ستالین)و (کاسترۆ)و (چاوسیسکۆ)و (سیادبەڕی)و...هتد لەم بوچوونەی (مارکس)ەوە ئیلهام وەردەگرن؟

رەوف حەسەن: پرسیارێکی چەند زیرەکانەیە، هێندە زیتر چەواشەکارانەیەو، بەنیسبەت خەڵکی ئاسایییوە ئیحای ئەوە دەبەخشێت هەرچی توندوتیژیو دیکتاتۆرێتیو بێمروەتی هەیە، تەنانەت لای دەستەو تاقمێکێش کە مارکسیستەکانی بەر لە نامارکسیستەکان تیرۆر دەکرد.. وەك ستالینو پوڵپۆت و...تد، هەمووی لەداوێنی مارکسیزمەوە کەوتوونەتە خوارەوە.. وەك ئەوەی لە دیسپۆتیزم (یان ئیمپراتۆریەتی قەمعو زەبروزەنگی سیاسیو تۆتالیتاریزم) زێتر هیچی دیکە لە قامووسەکانی مارکسدا نەبێت.. تا ئەو ڕادەیەی کە یەهووزاکان تەنیاو تەنیا لە قامووسی مارکسدانو، هەرچی قامووسەکانی دیکەیە لیپاولیپن لە مەسیح!

جاریٚ من بەشبەحاڵی خۆم زۆر لەمێژە ئەو گریٚ دەروونییە، یان ئەو مەیلە دیماگۆکییەم لە هەناومدا بەزاندووە کە ئەزموونەکان (پراکسیسەکان) تەنیا لەبەرئەوە بخەمە ژێر هەڵسەنگاندنەوە، تاکو هەڵەو تاوانەکان بخەمە ئەستۆیانو، فیکرو فەلسەفەکە بەبیگەرد ڕابگرمو وەك بەرزەکی بانان لە هەموو پۆخڵەواتیٚ بە دووری بخەمو.. وا بیربکەمەوە وەك ئەوەی مارکسیزم لە ئاسمانەوە داکەوتبیٚ.. وەك ئایینەکان کە هەرچی پۆخلەواتی ئیمپراتۆریەتو خەلیفەو سوڵتانەکانی ئەمەویو عەباسیو عوسمانی هەیە دەیخەنە ملی سیستەمو کەسەکانو، چی لایەنە ساغڵەمەکان –پۆزەتیڤەکان–یشە بۆ ئایینەکەی دەگەڕێننەوە.. تەنانەت لەمەیشدا هەتا بتوانن پۆخڵەواتەکانیشیان ئارایشت دەکەن.. یان.. یان...تد، نا.. من لەوانە نیم.. من پێموایە هەرچی پۆخڵەواتو پوختی، هەرچی ناشیرینیو جوانی، هەرچی هەڵەو دروستیی هەنو.. هەموو ئەزموونو پراکتیزەکان، گشتیان هەڵقوڵاوو خوێندنەوەو سروش (ئیلهامو



ئیحا)ی فیکرو فەلسەفەو ئایینەکانو، بەنیسبەت ئەزموونەکانی سیستمی (سۆشیالیزم)ی ڕۆژهەڵاتیشەوە.. هەر بەنموونە.. چۆن حساب بۆ مەزنی مارکسیزم دەکەم کە بەهۆیەوە وڵاتێکی دواکەوتووی وەك ڕوسیای تزاری لە ماوەیێکی کورتدا –20 ساڵێك– لەگشت بوارەکانی تەکنۆلۆژیاو ژیاندا گەیشتە ئاستی مەزنترین وڵاتی سەرزمینو، لەبەرامبەر مەزنترین سیستمە سەرمایەدارەکانی جیهاندا لەنگەری پۆڵایینی بلۆکەکەی خۆی ڕاگرت.. هەروەها چینی میللی و...تد، هەروەهاش حساب بۆ لایەنە نێگەتیڤو دیکتاتۆریەتو توندو تیژییکانیشیان دەکەم.. سووریش دەزانم ئەو خەوشانە لە خویندنەوەی سەقەتو کوێرانەی مارکسەوە هاتوون.. بەڵام ناکرێت (مارکس) وەك بەرزەکی بانان لەو جۆرە خوێندنەوانە هەڵاوێرد بکەم.. چونکە هەر خۆی هەرچەندە بە شێوەیێکی سنووردارو بەر تەسکیش بێت، دەرفەتی ئاوەهایشی داوە، کە خویندنەوەی سادەو ساویلکانەیشی بۆ بکرێتو، دیاردەی (ستالینیزم)یشی لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا تێدا سەرهەڵبداتو، دواتر وردەوردە بکوژێتەوە.. بەڕاستی ئەو بۆچوونانەم بەلاوە ستەمە کە فیکرو تیۆریو ئایینو دەقەکان بەپیرۆزو دوور لە هەموو هەڵەو خەوشێك ڕادەگرنو، ئۆباڵەکانیان دەخەنە ئەستۆی ئەوانەی خێبەجێیان دەکەن.. ئەمە فەرامۆشکردنێکی کوێرانەی ڕەهەندە مەعریفییێکانیشە.

ئەمجا با هەقیقەتی چەمکی (شۆڕشکێڕ)و (دیکتاتۆریەت)و (شێوازەکانی زەبروزەنگ)ی مارکسیزمت زۆر بەکورتی بۆ ڕوونبکەمەوە، بۆ پاساودانو داکۆکیکردن نا.. تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەو.. ئەوسا خۆتان حوکم بەسەر دیاردەی (ستالینیزم)دا بدەنو، ڕەفتارەکانی ئەو سیستمانەش کە ناویان لەپرسیارەکەتاندا وەك سیستمگەلێکی مارکسیانە ڕیزکراون

هەڵسەنگێنن..

دیاردەی ستالینیزمی و تەنانەت بێچووەکەیشی کە (کەسێتی پەرستن)ە لە بزوتنەوەی شیوعییەتدا لەگەڵ دەسەڵاتداریێتی ستالیندا دەستیپێکردو، بە مردنی لە ساڵی 1953دا دیاردەکە کاڵبۆوە.. چونکە ئەگەرچی ئەو دیاردانە لە سیستمەکانی پێشووی ڕووسیادا ڕەگی داکوتابوو.. وەلێ دوای ئۆکتۆبەر لەبری دەسەڵاتی کەسێتی دەسەڵاتی حیزب باڵادەست بوو.

دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاش کە بەلای (مارکس)ەوە وەك چەمکێکی تیۆری زۆر بایێخدار بوو، چونکە بەرامبەر ئەو دیکتاتۆریەتی بۆرژوایە بوو کە لە سیستمە سەرمایەدارەکاندا پێڕەو دەکرا.. لەدوای ئۆکتۆبەریش بەلشەویکەکان نەیاندەخواست دەستبدەنە توندوتیژیو، بەپێی پێڕەوی (مارکس) تەنیا بەشێوازی تیۆری –نەك کردەوەیی– دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ڕاگەیێندراو.. تەنانەت پارتی ئۆپۆزیسیۆنیش –مەنشەفیکە ڕاستڕەوەکان– بارەگای خۆیان هەبووو بەئاشکرا کاریان دەکرد.. بەڵام لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆو، پیلانو هەڕشەکانی دەرەوەدا، بەناچاری بەکردەوەش جەختی لەسەر کراو، هەر ئەمەیش بوو وای لە ترۆتسکی –کەسی دووەمی دوای (لینین)– کرد بڵێ: وادیارە بە دەستکێشی سپییەوەو بە ڕاڕەوێکی مەرمەڕینی بێگەرددا ناچینە نێو مەملەکەتی سۆشیالیزمەوە!

واتا هەر هیچ نەبێت ئۆباڵی بەشێکی هەرە گەورەی توندوتیژییێکەی ئەو ڕۆژگارە لە ئەستۆی سەرمایەدارانی نێوخۆو دەرەوەدا بوو.. هەروەکو چۆن (مارکس) هەموو شێوازەکانی زەبروزەنگ دەخاتە ئەستۆی موڵکداریی تایبەتو هۆکارەکانی بەرهەمهێنانو.. ئەمانە بەدایکی شەرعی



زەبروزەنگ دەزانێت.

(مارکس) چەمکی (توندوتیژی شۆڕشگێڕانە) بەشێوازێك لەو شێوازانە دادەنێت کە کارگەران لە بزاڤی ئازادیخوازانەیداو، لەکاتی گواستنەوەی سیستمی بۆرژوا (لە قۆناغی سەرمایەداریدا) بەرەو سۆشیالیزم دەیگرنەبەرو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاش بۆ گواستنەوە لە قۆناغی سۆشیالیزمەوە بەرەو کۆمۆنیزم.. ئەمەیش دوا توندوتیژییەکە سەرتاپای میللەت لە گشت شێوازەکانی زەبروزەنگ بۆ هەتاهەتایە ڕزگاردەکات.. واتا زەبروزەنگێکی کاتییەو، لەکارگەرانەوەیەو، لەپێناوی سڕینەوەی تەختو تاراجەکانی هەموو زەبروزەنگەکانی دنیادایە.

(مارکس)و ئینگڵزیش لەسەر ئەوە کۆکن کە (ئازادیی هەموو تاکەکەسەکان مەرجی بنەڕەتی ئازادیی کۆمەڵگەیە بەگشتی).. ئەمە هەرگیز واتای ئەوە نییە هەر کوودەتاییێکی عەسکەری لە هەر وڵاتێکدا کراو، ئینقیلابچییێکان ناوی (شۆڕشگێڕانە)و (پێشکەوتنخوازانە)یان لەخۆیان نا، ئیدی ئێمەیش بە خۆیانو هەموو تەفاهەتەکانیانەوە یێکسەر بیانخەینە سەر میلاکی (مارکس)و مارکسیزم! یاخود لە ئەنجامی جەنگێکی جیهانیدا چەند وڵاتێك لەتوپەتکرانو چەند لەتێکی بەر لایەنێکی براوەی جەنگەکە کەوت.. ئیدی ئەمە بە وەرچەرخانە مێژووییە مارکسییێکە حساب بکەین. هەر بە نموونە ئەو (سیادبەڕی)یەی ناوت هێناوە لە 1969دا لە صۆمال بە کوودەتاییێکی سەربازییانەی جڵەوی حوکمی گرتەدەستو پاش حەوت ساڵ حیزبێکی بەناو سۆشیالیستو شۆڕشگێڕ دامەزراندو خۆی کردە سکرتێریو، ئیدی تۆ بڵێی ئەم سیادبەڕییە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕە بە ئیلهام لە مارکسەوە چەكو پشتیوانی لە دەوڵەتانی خۆرئاوای سەرمایەداریو عەرەبی کۆنەپەرست

وەرگرتبێ بۆ بەرەنگاریکردنی یێکێتی سۆڤیێت لە ئسیووپیا؟!

بەنیسبەت زاراوەی (دیکتاتۆرێتی)شەوە کە لەنێو ئەو سیستمانەدا بەپلەی جۆراوجۆر پیادەکراوە.. تەنیا تاکە چەمکێك لەم بەریەوە لە مارکسیزمدا هەیە کە (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا)یەو، بەهەمان واتای (زەبروزەنگی شۆڕگێرانە)ی (مارکس) بەکارهاتووە.. بەتایبەتی لای (لێنین) کە سەرئەنجام دەبێتە مایەی دەستەبەرکردنی (دیموکراسییەت) بۆ هەمووان و.. ئەو دیکتاتۆریەتە تەنیا لە سەرەتای گوێزانەوە (شۆڕش)ەکەوەیەو، بەرامبەر کەمینەییێکی چەوسێنەرە.. ئەویش وەك (لێنین) دەڵێت (ئەگەر بەکارهێنانی ناچاری بوو).

پێدەچێت تێزی (لێنین) سەبارەت دەوڵەت و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و تەنانەت بەکارهێنانی توندوتیژیش، زێتر لەوەوە هاتبێت کە ئەوکاتەی کتێبی (دەوڵەت و شۆڕش)ی نووسی تارمایی دەوڵەتە وێرانەکەی ڕووسیای لە خەیاڵدا بووبێت.. کە دەرفەتی ئەوەی نەهێشتبۆوە بەرێگەی شارستانیانەی پەرلەمان و دەنگدان و ئەنجومەنی شارەوانییێکان و...تد گۆڕانکاری ڕادیکالانەی تێدا بێتەئاراوە.. بەپێچەوانەوەی وڵاتە سەرمایەدارییێکانەوە کە کەمتازۆر چانسێکی ئاوەهایان تێدا ڕەخساوەو.. هەر (لێنین) لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی شیوعی ڕووسیادا دەڵێت: وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری پێشکەوتوو، دەتوانن بە ڕێبازی شارستانییانە بگەنە سۆشیالیزمی.

کەواتە بڕگەی یێکەمی پرسیارەکە چەواشەکارییێکی ئاشکرای پێوە دیارەو، لەو فەتوایانە دەچێت کە بەهەق و ناهەق بۆ (غەزا) جۆراوجۆرکانی ئیسلام دراون.. ئەگەرچی غەزاکراوی بێدەسەڵات، لە غەزاکەری دەسەڵاتدار موسوڵمانتریش بووبن!



براله! ئاخۆ دەشێت ئەو مرۆڤانەی لەژێر زەبری توندوتیژیدا دەژین چوون (مەسیح) دەستخۆشانە لە بکوژانیان بکەن؟! ئایا ئێمە.. من و تۆ لەجێی (ستالین) بووینایە.. بەرامبەر نازیزم و فاشیزمی نەتەوەیی و سەرمایەداریی چیمان دەکرد؟! پێشوازیمان لە هێتلەرو مۆسۆلۆنی دەکرد؟! یان هەر ئەوەی ستالینمان دەکرد کە کردی؟ ئەمە پاکانەکردن بۆ ستالین نییە.. چونکە ستالین و ئەوانی دیکەش لەکاتی ئاساییشدا ڕێبازێکی توندڕەوانەیان هەبوو لە زەبروزەنگ نواندنداو، تەنانەت کوشتوبڕەکانی ستالین لە تەنیا چوار ساڵی بەر لە جەنگدا 1936–1939 نزیکەی ملیۆنێ کەسی گرتەوە کە زوربەیان شیوعی بوون و هەندێکیشیان هاوڕێی (لێنین) بوون.. ئەمە ڕەفتاری ئەو پیاوە بوو نەك پرۆلیتاریا.. هەروەکو دیکۆمێنت لێرەدا ئاماژە بە (بوخارین) دەدەم کە (لێنین) ناوی نابوو (منداڵە نازدارەکەی حیزب).. لە نامەکەیدا کە بەر لە ئیعدامکردنی بۆ ژنەکەی ناردووە دەڵێت: ژیانم کۆتایی هات، ئەوەتا ملم بۆ تەوری جەللادێك (ستالین) نەویکردووە.. بێگومان ئەوە تەوری پرۆلیتاریا نییە!

پێدەچێت کاریگەریی چەمکی (سۆسیۆ–دیموکرات)ی مارکسیزم.. یان (دیموکراسی میللی) ناچاریکردبن.. یاخود ئیحاییێکی ناراستەوخۆی پێبەخشیبن کە مەبەست لە دیموکراتی کۆمەڵایەتی (ئابوریە)و، ئەمەیش لای (مارکس) بەپلەی یێکەمین دێت و.. خوێندنەوەکەی ئەمان بۆ (سۆسیۆ–دیموکرات) هەر لەسەر کەلاکی دیموکراسیە سیاسیەکان بێت.. گەرچی بڕوام بەم لایەنە (دیموکراسی ئابوریی) بەرادەیێك هەیە، کە وادەزانم بەبێ ئەمە هەموو شێوازە (دیموکراسییێکان)ی دی، بەتایبەتی لەم دەڤەرەدا وەك (کەمالیات) دەنوێنن.. بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت لە

چاووڕاوێکدا (سۆسیۆ–دیموکراسی) بکرێتە دەمامكو، بەناوی (شۆڕشگێڕی)یۆە ئازادییە سیاسییێکانی پێ ئەتك بکرێت.. گەرچی لە زوربەی هەرە زۆری ئەو سیستمانەدا (سۆسیۆ–دیموکرات)ەکەش بەنیوەوناچڵی بەڕێوە دەچوو.. یان هەر نەبوو...

بەڕاستی قسەو باسێکی هیجگار زۆرم لەمەڕ ئەم کێشەیە هەیەو، ئەگەر دیاردەی ستالینیزمی (بە هەموو توندوتیژییێکانییێوە) دەرهاویشتەی سیستمی سۆشیالیزمی بێت، ئەوا هەموو کۆمەڵکوژییێکانی سەردەمی مۆدێرنیزم کە بەدەیان ملیۆن مرۆڤی ڕەگەزو نەتەوە جیاوازی ئەفەریقایی قڕتێخستو، دیاردەی نازیزمی هێتلەریش دەرهاویشتەی سیستمی سەرمایەداری بوون.

لێرەدا لەبەر زۆریی پرسیارەکان لەمە زیتر درێژەی نادەمیو، تەنیا بەم پرسیارە کۆتایی بەم وەڵامەم دێنم: بۆ دەبێت ئەو زەبروزەنگو دیکتاتۆریەتو دیسپۆتیزمیانە ئیلهامیان تەنیا لەو چەند ئێماژە وردە سنووردارنەی مارکسیزم وەرگرتبێو، لەو گەنجینە لپیاولیپ لە نازییێتی فاشییێتیو خوێنڕێژیو تۆقاندنو کۆیلایەتی و.. چیو چی.. یەی سیستمی سەرمایەداریو، هەروەها دەسەڵاتو ئاماژە ئایینییێکانەوە –کە لە زەمانی قابیلو قالوبەلاوە هەیە– وەرنەگرتبێ؟!

**شوان ئەحمەد: ئایا دەکرێت سیستمی تاکحیزبی لەدەرەوەی جیهانی خۆرئاوا وەک نیشانەیەکی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا سەیر بکەین؟**

ڕەوف حەسەن: پێموایە لە وەڵامی پرسیاری پێشودا چەمکی



(دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا)م ڕوونکردەوە.. کە چینێك پراکتیزەی ئەو (دیکتاتۆرییە–دیموکراسییە) دەکات.. ئەویش پڕۆلیتاریایەو.. زێتریش جەخت لەسەر لایەنە تیۆرییێکەی دەکات.. ئاشکراشە ئەو چینە تەنیا لە وڵاتە پیشەسازیە گەورەکانی (سەنتەر)دا پەیدابووەو لەدەرەوەی ئەواندا نییە.. یان تازە بەتازە سەرەتای پەیدابوونێکی لاواز پێکدەهێنێت.

بەپێچەوانەیشەوە ئاشکرایە شۆڕشە کۆمەڵایەتییێکان (شۆسیالیزمیەکان) لەدەرەوەی ئەو سیستمە تەکنەلۆژیە (مۆدیرنیزم)انەدا پەرپاکراون، کە پرۆلیتاریا تیایاندا لەسەرەتای شۆڕشو وەرچەرخانەکانیاندا کەمترین ڕێژەی پێکهاتەی چینایەتیان پێکدەهێنا.. بۆیێ گرفتی سەرەکی ئەو سیستمانە، تەنانەت هەرەسهێنانیشیان هەر عیللەتی گەشەنەسەندنی چینی پرۆلیتاریا بوو لەهەناوی سیستمێکی سەرمایەداریدا.. (لێنین) بەوردی دەستنیشانی ئەم گرفتە ئەکاتو دەڵێت: پێدەچێت ئەمە گەورەترین لەمپەر بێت لەبەردەممماندا بۆ وەرچەرخان بەرەو کۆمۆنیزم.. تەنانەت ئاماژە بەوەدەدات کە کوودەتا بۆ دەسگیرکردنی حوکم لەم جۆرە وڵاتانەدا ئاسانە، وەلێ وەرچەرخان بەرەو سۆشیالیزم ستەمە.

ئەو سیستمانەی لە دەرەوەی خۆرئاوادان، زوربەیان مولْکدارو بازرگانێکی مشەخۆری نیشتمانینو.. لە هەمان کاتدا پابەندو خزمەتکاری بۆرژوای ڕۆژئاوا –سەرمایەداری–ن.. بێبەرین لەو کلتوورو فەرهەنگو بەها گەشەدارانەی کە بۆرژوای ڕۆژئاوا لەگەڵ قۆناغەکەیدا هێنایینییە ئاراوە.

هەمدیسان پێدەچێت.. ئەو موعجیزەیەی لە سۆڤیێتو چین و...تد، لەبواری گەشەسەندنی بەتەوژمیاندا هاتەدی.. ئەو سیستمانەی دیکەی جیهانی سێیەمی والێکردبێت هەمان ڕێبازی (بازدان بەسەر قۆناغی سەرمایەداریدا) بگرنەبەرو، بەشێوازی ناسەرمایەداری –یان سەرمایەداری

دەوڵەت-دا لاساییان بکەنەوەو، بەهۆیەوە لە قاوغی جیهانی سێیەم.. یاخود لە (کەنار) دەربازبن.. (لێنین) لەم ڕووەوە سەبارەت بە ڕووسیا دەڵێت: ئێمە پێویستە شێوازی دیکتاتۆریانە بەکاربێنین بۆئەوەی زووتر ئاکاری ڕۆژئاوایی لە ڕووسیای پیرو پەککەوتەو بەربەریدا بچێنین.

جا بۆ بەردەوامبوونی هەژموون (هەیمەنە)ی دەسەڵاتی تاك حیزبیو ئاراستە تۆتالیتاریاکەیان.. ئاساییە پەنا بەرنە بەر هەر تاکتیكو پێڕەوێك، خۆ ئەگەر چەمکێکی مارکسیزمانەش بۆ ئارایشتکردنی هەژموونەکەیان بەکاربێنن، جێی سەرسامی نییە.

بەڵام باشتر وایە هەر هیچ نەبێت چەمکی (شۆڕشگێڕی)ێکە بەکاربێنن.. ئەمەیان شیاوترە بۆیان.. چونکە لە پرۆلیتاریای نەبوو.. (دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا) هیچ واتاییێکی نییە.

شوان ئەحمەد: بەڕای (مارکس).. سەرمایەداریی دوای گەیشتنی بەئاستێکی یەکجار بەرزی گەشەسەندن هەرەسدێنی.. بەڕای (ئنگلز)یش لە قۆناغی کۆمۆنیستیدا دەوڵەت دەپووکێتەوە.. بەدرێژایی سەدەیەك جۆقەییێك ئەم باڵۆرەیەی دەوتەوە، کەچی ڕەوتی مێژوو هەردوو پێشبینییێکەی بەدرۆخستەوە.. نەسەرمایەداری هەرەسی هێناو، نەدەوڵەتیش لە قۆناغی کۆمۆنستیدا پووکایەوە.. سەبارەت بەم مەسەلەیە چیدەڵێیت؟

ڕەوف حەسەن: ئەگەر (مارکس) یێکێك نەبێت لەو فەیلەسووفانەی کە هیچ پێشبینیو نوقڵانەیێکی نەبووبێت، ئەوا لە هەموو فەیلەسووفو، تەنانەت تیۆریستە مارکسیستەکانیش کەمترین پێشبینی هەبووە..



مەسەلەی هەرەسهێنانی سیستمی سەرمایەداری لای (مارکس) دەرهاویشتەو ئەنجامگریی ئەو کارکردنە زانستییانەیەتی لەنێو جەستەی سەرمایەداریدا کردوێتی.. هەر لە دروستبوونیو، گەشەسەندنی پێکهاتی ئابووریيو بەجیهانیبوونیو، خۆنوێکردنەوەکانی و... تا وەرچەرخانی بەرەو سیستمی سۆشیالیزمیو، ئەوجا کۆمۆنیزمی.. واتا ئەمەی (مارکس) خوێندنەوەییێکی زانستیانە، یان دیالێکتیکیانەی (ئابووری سیاسی)یەو، لەئەنجامی گۆڕانکارییە مێژووییێکانی شێوازەکانو پەیوەندییێکانی بەرهەمهێنانەوەیە.. لە ئاستە هەرە نزمو بێمروەتییێکانەوە بەرەو شێوازێکی باڵای مرۆڤایەتی.. بێگومان لەم سەروبەندەدا سەرمایەداری گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزو، لەهەمان کاتدا لە قەیرانێکی خەستو بازنەییێکی بۆشدا دەسووڕێتەوەو، ئەو سەرمایەدارە ناچارە هەر ڕۆژە باڵۆرەییێك لێبداتو، کاژێك بەکاژێکی نوێتر بگۆڕێت.. (لیبرالیزم بە نیولیبرالیزم)و، هانابردنە بەر چڵە پووشەکەی (فۆکۆیاما) وەك تەقەییێکی چرووکی ترسڕەوێنەوەیو، تەنازولاتی بەردەوام لەبەردەم چەند جەمسەرێکی (سۆسیۆ-دیموکراتی) (مارکس)دا و...تد،

ئەمجا با بێینەوە سەر ئەو جۆقەیە! کە بەوپەڕی جۆشو خرۆشەوە ئەو باڵۆرەیە! دەڵێتەوە.. بەڵێ ئەگەر ئەو مارکسیستانە جۆقە بنو ئەو ئاوازە ناوازەیەش باڵۆرە بێ، یان هەقیقەتێکی زانستیانە بێ.. ئەوە هەر ئەو ئاوازو هارمۆنیایەیە کە نۆتەکانی مەزنترین ئەندازیارو هونەرمەندی فیکری بەشەریەت لە سەرانسەری مێژووی بەشەرییەتدا دایناوە.. بۆ گۆڕانگاریی بەرەو ژیانێکی دوورلە وەحشییەتو، ئەو هەرەسەی سەرمایەداریش درەنگبێ یا زوو هەر ڕوودەدات.

بۆ نەمانی دەوڵەتیش لە قۆناغی (کۆمۆنیزمی)دا نەك سۆشیالیزمی..

ئنگلز هەر لە فیکری مارکسی هەڵهێنجاوە کە چارەنووسی دەوڵەتی نەتەوەیی و سیستمی بۆرژوای بەیێکدییەوە بەستۆتەوە.. هەردوکیان پێکەوە دەژیەن و، پێکیشەوە بەمەرگ شاددەبن.. نەهەر دەڵەت بەڵکو (خێزان) و زوربەی تاوانەکان و تەنانەت یاساکانیش وەك پێکهاتەو دامودەزگەییێکی بۆرژوا بەدووی یێکدا هەرەسدێنن.

(مارکس) زۆر جار چەمکی (دەوڵەت–سجن)ی بەکارهێناوە وەك دوو پێگەی یێك بونیاد.. بەندیخانەش مەبەست لە گشت هۆکارو شێوازەکانی زەبروزەنگە بۆ پارێزگاریکردن لە موڵکدارێتی تایبەت.. واتا ئەرکی دەوڵەت بەپلەی یێکەم حەسحەس و دەرگەوانی ئەو خاوەندارێتیە تایبەتییەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانەو پاسەوانی بانك و سامانی سەرمایەدارانە.. جا لەبەر ئەوەی لە سیستمی **کۆمۆنیزمیدا** هیچ پاشماوەییێکی ئەو موڵکدارێتییە تایبەتە نامێنێت.. دەوڵەتیش زەرووەتی بوونی لەدەستدەدات و.. **لەگەڵ هەوجارەکاندا بەرەو ئەنتیکەخانەکان دەکرێنەوە!** چونکە دەوڵەت لەبنەڕەتدا هەر نەبووەو، لەگەڵ موڵکداریدا هاتە وجوودو، بەنەمانیشی کۆتایی بەخەدەماتەکانی دێت.

ئەمجا لە ئەزموونەکانی ڕۆژهەڵاتدا.. نە هەر کێشەی نەمانی دەوڵەت، بەڵکو بە عیملاقبوونی دەوڵەتیش هاتەکایەوە.. هەلومەرجی (شۆسیالیزم لە تاکە وڵات)دا بەو بارەدا کەوتەوە.. کە هەموو کرێکاران موقەدەراتی خۆیان بەحیزب بسپێرن و، حیزبیش چارەنووسی خۆی لەپێکهێنانی دەوڵەتێکی پۆڵاییندا ببینێتەوە.. ئەمەیش گەوهەری ئایدیۆلۆژیای ستالین بوو.. هەر لەزووەوە (لێنین) مەترسی ئەوەی هەبوو.. کە دوومەڵی گەورەی بیروکراتی لەنێو حیزب و شۆڕش (دەوڵەت)دا بێتەئاراوە.. ئەو دەوڵەتە بەعیملاقبووانەی بلۆکەکە هیچیان لەئەنجامی هەرەسی سەرمایەدارییەوە



نەهاتبوونە وجوودو، تا دوا ڕۆژەکانی هەرەسهێنانیشیان نەبووبوونە سیستمێکی (کۆمۆنیزمیانە).. تا نهاش.. ئەوانەی ماون هەر ڕێچکەی (سەرمایەداریی دەوڵەت) لە شێوازی بەرهەمهێناندا پێڕەو دەکەن و.. ئەو ڕەوتە لەنێو هەڕەشەکانی نازیزم و فاشیزم و سەرمایەداریی جیهان و شەڕی نێوخۆدا بەبێ وجوودی دەوڵەتێکی پۆڵایین ئیدامەپێدانی ئەگەر مەحاڵ نەبێت، زۆر سەخت و ستەمە.

**شوان ئەحمەد: ئایا ئەوەی لە 1989دا مرد، لێنینیزم بوو.. یان مارکسیزم؟**

**ڕەوف حەسەن:** (مارکس).. ئەمڕۆ، دوای 1989 لە هەموو کاتێکی دی زیندووترە.. ئەوسا (مارکس) کۆمەڵە تێزێکی بەئایدیۆلۆژیای ڕووت گونجێنراو بوو.. بەهۆیەوە کۆمەڵێك ئەزموونی جۆراوجۆری بینی.. بەو ئەزموونانە.. بەو خوێندنەوە ناتەواوانە توانی نیو سەدە زێتر دەسەڵات بەسەر نیوەی دنیادا بگرێت.. گۆی زەوی دابەشبکات.. ئەی ئەگەر خویندنەوەی دروستی بکرێت! ئەوە هەموو گەردوون دەبێتە موڵکی خۆی.. (واتا موڵکی هەموو بەشەریەت).

بێگومان (مارکس) بەوە زیندووە کە ئەمڕۆ بواری ئەو خوێندنەوە دروستانەی لەبەردەمدا والابووە.. ئەمڕۆ زیندوانەتر لەگەڵماندا لە دیالۆگدایە.. بەئازادی ڕەخنەی لێدەگرین.. بەئازادی تاوانباری دەکەین.. بەئازادی گەڵ چەمك و بۆچوونی ڕەتدەکەینەوە، بەئازادی بەداهینانی نوێ لەنێو هزرو فەلسەفەکەیدا.. لە مێتۆدەکانیدا ئیزافە دەکەین.. من (مارکس)ی دوای 1989 دەبینم بەدەستی خۆی پەردە لەسەر ئەوانە

لادەبات کە زەماوەندی مەرگی دەگێڕن.. من زەماوەندگێڕەکانی مەرگی (مارکس) بەتۆقیوی لە(مارکس) دەبینم.. ئاواتەخوازن ئەم زەماوەندەیان نەگێڕایەو، (مارکس) هەر وەك جاران دیلو گۆیلەی (پێکەوەژیانی ئاشتیانە–التعایش السلمی)و، (شەڕی سارد) بوایە.. ئەم تەشەنەیەی نەکردایەتە نێو گشت جومگەو دەمارو نێوەندەکانی ژیانو هزرەوە.. ئەمڕۆ (مارکس) پیماندەڵێت نەهەر کۆتایی نەهاتووە.. بەڵکو مێژووو گۆڕانو گەشەسەندن لە قۆناغی کۆمۆنیزمیشدا کۆتایی نایەت.. دەڵێت من لەسەر کۆتایی نەهاتنی مێژوو، بەجورئەتێکی بێئەندازەوە هیگڵی مامۆستامو گەورە فەیلەسووفی دیالێکتیکیم ڕەتکردەوە، کە میژووی لە چوارچێوەی ئەم لیبرالییەتەدا چەقاندو لەگۆی خستو مرداریکردەوە.. جاران زەماوەندگێڕان فەیلەسووفو بیریاری مەزنیان هەبوو.. ئەمڕۆ (فۆکۆیاما)یەکی داماویان کردۆتە ئەو پووشکەیەی لەنێو گەرداوەکانی مارکسیزمدا قوتاریان بکات!

لەو بڕوایەدام هەتا خەونێك لە خەونەکانی بەشەرییەت مابێتو.. بۆ بەختەوەری بەشەرییەت نەهاتبێتەدی.. مارکسیزم نەمرە و.. هەتا بیرمەندێکی ڕاستینەیش لەنێو بەشەرییەتدا مابێت ئەوا بەبێ (مارکس) ناتوانێت پەل بۆ هیچ کارێکی فەلسەفیو هزری بەرێت.

بەنیسبەت لێنینیزمیشەوە.. کە چەندین ئیزافەی فیکری –تیۆری– بۆ مارکسیزم هەیەو، تەنانەت کاریگەریی لێنین لەبونیادی مارکسیزمدا گەیشتە ئاستێکی هێندە بەرز تێکرای پێکهاتەکە بە مارکسیزم–لێنینیزم بناسرێتو لێکدی دانەبڕێت.

پێدەچێت لەدەرەوەی ڕۆژئاوادا.. لەو سیستمانەدا کە بۆرژوای نیشتمانیی مشەخۆر نەیتوانیوە ئەرکە مێژووییەکانی خۆی بەرامبەر



گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ڕاپەڕێنێت.. هێشتا لێنینیزم ئەرکە تیۆریو پراکتیزەییێکەی لەئەستۆدا مابێتو، بەبێ سوود وەرگرتن لێی ستەمە ئەو سیستمانە بتوانن هەنگاوێکی گەورە لەبواری یێکسانیو ئازادیو دادوەری کۆمەڵایەتیدا بنێن.. لێنین هێشتا سەرکردەو ڕێبەری کرێکارانو چەوساوەکانی وڵاتانی کەنارە بەرەو شۆڕشی پێکەوە بەستراو.. (تێپەڕاندنی قۆناغی سەرمایەداری).. یان هیچ نەبێت بەرەو (سەرمایەداری دەوڵەت).. لێنینیزم کەمتازۆر خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە هەڵدەگرێت.. لە هەردوو مەیدانی سیاسیو پراکتیزەییدا.

(لێنین) تیۆرییێکان بە بۆری (خۆڵەمێشی) دەبینێ.. بەڵام درەختەکانی ژیان بۆ هەتا هەتایە بەپەلکی سەوزەوە دەیانبینێ! بۆیێ من لەو باوەڕەدام کاتێ خەرمانەی پیرۆزی لە (لێنین) دادەماڵرێ.. ئەوسا جوانیو بەهای مەزنی ئەو پیاوە ئاشکرا دەبێت.

**شوان ئەحمەد: ئەزموونی هەفتا ساڵەی کۆمۆنیزم لە بلۆکی خۆرهەڵاتو، بەشێکی زۆری دنیایدا، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە لەبری ئەوەی سۆشیالیزم لەخزمەتی مرۆڤدا بێت، مرۆڤ بوو بەخزمەتکاری سۆشیالیزم، لەم بارەیەوە چ ڕەخنەییێکت هەیە؟**

**ڕەوف حەسەن:** من پێموایە (سۆشیالیزم) قۆناغێکی بەرایی بەرەو (کۆمۆنیزم) چوونەو، چی پۆخڵەواتەکانی سیستمی بۆرژوا هەیە تێیدا دەمێنێ.. خۆ ئەگەر ئەو ئەزموونەی یێکێتی سۆڤییێت (بکەینە نموونە)و، وەك سیستمێکی (سۆشیالیزم)یش بۆی بڕوانین، کە لە سەرەتاوە (لێنین) بە (سەرمایەداریی دەولەتیی) داناوەو، بەپێویستی زانیوە ئەو هەلومەرجە

بابەتییانەیە پێبگەیەنرێت و.. گەشەیان پێبدرێت، تاوەك قۆناغێكی وەرچەرخان بەرەو بنیاتنانی سۆشیالیزم ببرێت.. ئیدی باسی پلیخانۆف هەر مەكە كە ئەو ئەزموونە (سۆشیالیزم لە تاكە وڵاتدا –رووسیا–) بەخوێندنەوەییێكی داهێنەرانەی ماركسیزم نازانێت و.. بە لە ماركسیزم لادانی دادەنێت.. واتا ئەو ئەزموونە، ئەو (كۆمۆنیزم)ە نەبوو كە (ماركس) خەسڵەت و سیماكانی دیاریكردووە.. ئەو ئەزموونە لە ئاستێكی گەشەسەندنیدا چەقی و.. پێدەچێت ئەزموونی (سۆشیالیزم لە تاكە وڵاتدا) هەر ئەوەندە لەگەشەسەندندا بڕبكات.. جا ئیدی یان هەرەسدێنێت، یاخود پێویستی بەشۆڕشێكی سۆشیالیزمانە دەبێت.. بەكورتی دیالێكتیك بەنەقیزە بەرەو پێشەوە ناچێت..

بەهەرحاڵ لە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەكانی سیستمەكانداو، تەنانەت لە (كۆمۆنیزم)یشدا، بەڕێژەییێك لە ڕێژەكان، مرۆڤ لەخزمەتیاندا دەبێت و، ئەوانیش لەخزمەتی مرۆڤدا دەبن.. تەنیا جیاوازی ئەوەیە لە (كۆمۆنیزم)دا ڕێژەی بەهرەمەندبوون لێی نەهەر لە لایەنە كۆمەڵایەتی (ئابووری)ێكانە (چەندت پێویستە دابیندەكرێت)، بەڵكو ئازادی لە كاركردنیشدا (چەندت لەتوانادایە) دەستەبەر دەبێت.. كە ئەو كاركردنە نامۆگەرایی (ئیستیلاب)ی ماتەری و گیانی (دەروونی) لێناكەوێتەوە، وەك لە سیستمە چینایەتییێكاندا هەیە و، كاركردن دەگاتە ئاستی زەوتكردنی ژیان و بەشێكی زۆری زەمەن (تەمەن)ی كارگەران و، هەست بەهەقیقەتی لەدەستدانی ئینسانێتی خۆی دەكات.. تەنیا لە كۆمۆنیزمدا هەموو لە خزمەتی هەمواندان و، هەموو هەست بەهەقیقەتی وجوودی خۆیان دەكەن.

**شوان ئەحمەد: (ژاك درێدا) لە كتێبی (تارماییێكانی**



**ماركس)دا باس لە ئەنتەرناسیۆنالیزمێكی نوێ دەكات و دەڵێ:**

**(من بیر لە پێكەوەگرێدانی جیهان دەكەمەوە)**

**لەسەردەمی بەجیهانیبووندا بیركردنەوە لە ئەركێكی وەها تاچەند ڕەوایە؟!**

**ئایا ئەو ئەنتەرناسیۆنالیزمەی لە ئاییندەدا دێتە ئاراوە، هەروەك جاران ئەنتەرناسیۆنالیزمێكی ئایدیۆلۆژی دەبێت، یاخود ئەنتەرسیۆنالیزمێكی شیعری؟**

ڕەوف حەسەن: سیستمی نوێی سەرمایەداری لەڕێی چەمكی بەجیهانیبوون، بەجۆرێك ئەنتەرناسیۆنالیزمەوە ڕێچكەی بەستووە كە ئیدی دەرفەتی گەڕانەوە و پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە.. خەرێكی بێسنووركردنی نیشتمانەكان و، بێ ناسنامەكردنی كولتوورەكان و، بێ بیرەوەری و بێ كەلەپووركردنی نەتەوەكان و، بێبەهاكردنی بەها مرۆڤایەتییێكان، سووككردنی شتە پیرۆزەكان و...تد، لەڕێی بەزاندنی سنوورە بێ ڤیزاو بێ پاسپۆرت و بێ بازگەیی كۆمپانیاو، سوپاو بازاڕو زانیارییێكان بەگشت كیشوەرەكاندا.. كە بەئاشكرا پێكەوە گرایێدانێكی چەتەیی ماددی و، لێكترازانێكی ڕۆحی گەورەی خستۆتەوە.. منی هێجگار بچكۆلەتر كردۆتەوە لەوەی هەم و، خۆیشی هێجگار گەورەتر كردووە لەوەی هەیە.. گوندێكی لەسەر گۆی زەوی دروستكردووە، خۆی ئاغاو منیشی ڕەنجبەر.. خۆی سەنتەرو من كەنارو پەراوێز.. نەدەستدەداتە باڵم برینی 300،400 ساڵە دواكەوتوویەتییێكەم ساڕێژ بكات و، نەوەك خێزانێكی دڵسۆزیش ڕەفتار لەگەڵ من و لەگەڵ ئەندامانی كۆمەڵگەكەی خۆیشیدا دەكات و.. جیاوازی چینایەتی تادێت لەنێو سیستمەكەی (سەنتەر)ی

خۆیداو (کەنار)ەکەی منیشدا زەقتر دەبێتەوە و...تد.

(ژاك دریدا) وەك بیریارێکی گەورە.. خوێندنەوە یێکی نوێو ناسکی بۆ (مارکس)و، بۆ دەوڵەمەندی فیکرو فەلسەفەکەی هەیە.. ئەو فەلسەفەیەی جێگەی چەندین خەونی کریستاڵیو پەلکە زێڕینەیی بۆ داهاتووی مرۆڤایەتیو گەردوون کردۆتەوە.. بەسەدانو هەزاران بیرمەندی لێهاتووی وەك دریدا، ئالتۆسێر گۆڵدمان.. مارکۆزە.. هۆرکهایمەر.. ئادۆرنۆ.. ڕایش.... تد، داهێنانو ئەفراندنی خۆیان لە خوێندنەوەکانیاندا بۆ (مارکس) نواندووە.. بیرکردنەوە لە پێکەوە گریدانی جیهان لەنێو کۆمارێکی فەلسەفی (ئیفلاتونیانە) یان شارێکی فەزیلەتداری ئایینی (فارابیانە) یان یۆتۆبیاییێکی (مۆڕانە).. یا.. یا.. زۆر لەمێژە خولیای بەشەریەت بووە.. بەڵام گریدانێکی شیعری، یان مۆسیقی کاردانەوەی زبریو تیژیو بێ گیانی ئەم نەزمە نوییەی جیهانە کە دروستترینو نازدارترین خوێندنەوەییێکی مارکسیزمە.. ئەو خەونەیە کە (مارکس) بەگشت مرۆڤایەتییێوە وەك هونەرمەند دیونی.. خەونو خویندنەوەییێکی شەبەنگیانە.. هینانەدی جیهانێکی پەلکەزێڕینەئاسا.. جیهانێکی ئاوریشمیانە.. جیهانێکی کریستاڵییانە.. جیهانێکی شیعرییانەی شەفاف.

جا ئیدی کێ دەیکات! پرۆلیتاریا یان ئنتلیجنسیا؟!، چۆن تانوپۆکانی ئەو ئەنتەرناسیۆنالیزمە شیعرییە دەچنن.. بەلای منو (مارکس)ی ئەمڕۆیشەوە گرینگ نییە.. گرینگ ئەوەیە ئەو مەملەکەتە (بەهەشتە)ی لەسەر ئەم زەوییە بۆ مرۆڤە ئازادەکان دادەمەزرێت لە شیعر بچێتو.. با ئاسمانیش –وەك هایینی شاعیر دەڵێت– بۆ فریشتەو باڵندەکان تەرخان بێت.



**شوان ئەحمەد: (سەمیر ئەمین) لە کتێبی (فی مواجهه ازمه عصرنا)و لە فەسڵی سێیەمی ئەو کتێبە لەژێر سەردێڕی (تحدی العولمه)دا دەڵێت.. (بەجیهانیبوون چارشێوێکە سەرمایەدارییەکی دڕندەو چاوبرسی لەپشتییێوە خۆی مەڵاسداوە)..**

**بەڕاست دەکرێت هێندە بەچاوی گومانەوە لە بەجیهانیبوون بڕوانینو، بەناوێکی دیکەی بزانین بۆ سەرمایەداریو، ئەمریکایەتی؟**

**ڕەوف حەسەن: ئەی بۆ نا؟ ئایا ئەوەشی پێڕەوا نەبینین؟**

نابێ هەر د.سەمیر ئەمین بەچاوی گومانەوە بڕوانێتە بەجیهانیبوون.. بەڵکو هەر مارکسیستێك لە جیهانداو، لەپێشەوەیانەوە سەمیر ئەمین.. ئەگەر ئەو بەربەرێتییەی ئەم نیوئمپریالیزمییەی ئەمەریکاو، چەتەگەرێتییێکانی سەرمایەداری لەپشت ئەم بەجیهانێبونەوە بەزەقی نەبینێ، ئەوە کوێرێکی هزری زگماکە.. بەهەر شێوازێکیش بێت، ئەگەر دۆنکیخۆتانەش بێت –وەك زۆر جار بە سەمیر ئەمین دەترێت– تەحەدای ئەم نیوکولۆنیالیزمییە نەکاتو، خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی پراکتیزەییشی بۆ نەکات.. لە مارکسیزمدا کۆڵەوارە.. ئەوەتا ئەمریکا بۆتە ئیمپراتۆریەتێکی تاکتەوەریی دەسەڵاتی سەرمایەداری لە جیهانداو، مرۆڤیش لەسایەیدا بۆتە (مرۆڤی تاکڕەهەندی ماددی)و، ئەمەیش بەهەموو حسابێك گەوهەری ئیستیلابو بەنامۆکردنی بەشەرییەتە.. لەم گلۆبالیزمەی سیستمی سەرمایەداریدا، نەك هیچ دەرفەتێکی بۆ یێکسانیو دادپەروەری و...تد نەهێشتۆتەوە، بەڵکو نەشیتوانیوە نەبازاڕی (کارکردن) ئازاد بکاتو، نەخودی (بازاڕە ئازادەکەشی) (کڕینو فرۆشتن)

لەکۆتو یاسا چاوبرسییێکانی خۆی ئازاد بکات.. ئازادی نرخدانان پیترۆڵو چەك و... ناگرێتەوەو، سەرمایەداریی دەخالەتی دیاریکردنی نرخیان دەکات.. سەرباری ئەمەش.. دوای هەرەسی بلۆکی (سۆشیالیزمی دەوڵەتی).. هیچ ئامانجێکی بەهاداری مرۆڤایەتی لەنێو توورەکەی تالانچێتێکەیدا دیار نییە.. تەنانەت بەهەلێکی زێڕینی دادەنێت بۆ ئیستیغلالکردنی ئەو وڕوکاسبوونەی جیهان لەپێناوی چارەسەرکردنی قەیرانە خەستو خۆڵەکانی سیستمە سەرمایەدارییێکاندا.. کاتێ گوێم لە(بوش)ی کوڕ دەبێت لەبەردەمی کۆنگریسێدا دەڵێت.. (ئەوی لەگەڵماندا نییە ئەوە تیرۆریستەو، هەموو جۆرەکانی چەکەکانیشمان بەرامبەری بەکاردێنین).. لەقەرەویلەو فڕنەکانی هۆلۆکۆستو برۆکۆست تێدەپەڕێتو، شێوازێکی نوێی سیستمی (کۆیلایەتی) تیادەبینم.

بەلای منەوە لۆژیکی (ئەوەی لەگەڵمدا نییە دوژمنمە) سەرچاوەی بنەڕەتی هەموو بیمروەتییێکانی ئەم جیهانەیە.. من زۆر لەوە بێگومانم کە هەرچی تیرۆریستانی مێژوو هەیە ئاویان لەو سەرچاوەیە خواردۆتەوەو، بەو بیرە ژەهراوییە گۆشکراونو، هەموو بەشەرییەت بە دوژمن دەزاننو،فەتوای قەتلوعامیان دەدەن چونکە دەستخۆشانەو پیرۆزبایی لەو فیکرو ئایینەی ئەوان ناکەن کە شمشێرو کێردی قەسابی پێ ڕەوابینیون بۆ سەربڕینی نەیارانیان.

باشە ئەی بۆچی ئەمەریکا هەر ئەوانەی ئەمڕۆ بە تیرۆریستیان دادەنێت، کاتێ پەلاماری سوپای سووری سۆڤییێتیان لە ئەفغانستان دەدا بە موجاهیدی مەزنی ناودەبردن؟!

ئەی دەشێ شۆڕشگێڕانی میللەتێکی لەتوپەتکراوی وەك کورد لە باکووری مەزنی کوردستاندا (لەم گلۆبالیزمەدا) بخرێتە نێو لیستی



تیرۆریستانی جیهانەوە؟ ئایا هەر لەبەر ناوی حیزبەکە نییە کە وشەی کرێکار، یان کارگەری پێوەیە؟

ئەمجا لەو بڕوایەدام سەمیر ئەمین بەپلەی یێکەم دژی ئەو بەجیهانیبوونە ئابوورییە دەوەستێتەوە کە (بۆتە سەرچاوەییێکی بنەڕەتی بۆ وەحشەتگەرییێکی بێسنوور)و، بەڕای ئەو، ئەم دیاردە (وەحشەتگەرییە) ئەو گوتارانەی بەجیهانیبون بەدرۆ دەخاتەوە کە گوایە (سیستمێکی نوێی جیهانییە بۆ دەستەبەرکردنی بنەماکانی دادپەروەریو ییێکسانیو مافو ئازادیو پارێزکاری ژینگە).. هەر ئەمەشە دکتۆر سەمیری والێکردووە ئیستەرەم لەسەر کارکردنی هەنووکەییو چالاکانە بکات لەپێناوی گوڕانکارییو بەرەو کۆمۆنیزمیدا.. بەپشتیوانی هەموو چینو توێژو فیکرو فەلسە دژ بەسەرمایەدارییێکان.. نەك تەنیا بە پشتبەستن بە چینی کرێکاران.. من پیموا نییە کاری مارکسیستەکان بۆ دژایەتیکردنی چارشێوەکە (بەجیهانیبونەکە) تەرخانکرێت.. بەڵکو بەپێچەوانەوە.. دەتوانرێت زۆرباش سوود لە مەوداو میکانیزمو تۆڕو ڕایەڵەکانی ئەم گلۆبالیزمە (چارشێوەیە) وەربگیرێتو، بخرێتە خزمەتی مەبەستە کۆمۆنیزمییێکانەوە.. ئەی کێ ناڵێت ئەم قۆناغەی گەشەی سەرمایەداری کە ئەم شێوازەی (گلۆبالیزم)ی هێناوەتە ئاراوە.. ڕاستو دروست ئەو زەمەنە بێت کە سەرمایەداریی دوا کەرەسەکانی گۆڕ بۆخۆ هەڵکەندنەکەی دابێتە دەستمان.. یاخود.. هەر ئەو زەمەنە بێت کە ئیدی پێویستی بە گوڕ هەڵکەنیش نەمابێت.. کێ ناڵێت؟!

**شوان ئەحمەد: لە سەردەمی بەجیهانیبووندا شوێنی (مارکس) لەکوێدایە؟ لەم قۆناغە تازەو پڕ لە هەراوزەنایەدا**

**(ماركس) قسەی هەیە بیكات؟ لەنێو ئەم قەیرانەدا (ماركسیزمی) نوێ دەتوانێت چیبكات؟**

**ڕەوف حەسەن:** پێمباش نییە (ماركس) لەسەروو پرسیارەكانەوە بێت.. یاخود ببێتە وەڵامی پێش پرسیار كردن.

كەواتە با سەرنجێكی ئەم گلۆبالیزمە بدەین و.. بزانین ئاخۆ ڕێگەچارەیێكی بۆ قەیرانە ڕیشە داكوتراوەكانی سەرمایەداری پێیە؟! یاخود كەمتازۆر قەیرانەكانی بۆ خەستتر ناكاتەوە؟ هەژارو برسێیكانی جیهان ئەمڕۆ زەق زەق بەچاوی خۆیان ئەو خۆشگوزەرانییە لەڕادە بەدەرانەی سەرمایەدارانی هەموو جیهان لە زۆر نزیكەوەو بەزیندوویی‌یش دەبینن.. بەتایبەتی ئەو جیاوازییەش لە ئاستی گوزەرانی لای خۆماندا هەیەو هێگار لەو جیاوازییەی لای ئەوان زەقترە.. ئەمە كارەساتێكە بۆخۆی.. تەواو لەو مارینەرە ئەمەریكاییە دەچێت –لە TV دا هەموو دنیا بینی– بەدەمانچەكەی فیشەكێك بەلاوێكی بێدیفاعی ڤێتنامییەوە دەنێت و، ئەو لاوە زیندووە لە بەرچاومان دەكوژێت.

ئەوەتا هێشتا موڵكدارێتی تایبەت و دەسەڵات وان بە دەست كەمینەیێكی سەرمایەدارەوە.. ساڵانە سەدان هەزار پرۆلیتاریا لە كار دەردەكرێن و، هیچ كاتێ ڕێژەی بێكاری ودەركردن لەو پلەو ئاستەی ئێستەدا نەبووە.. ژمارەی هەژاران و تاوانكاران بەرینتر دەبن.. تا ڕادەی هەڵوەشانەوەو لێكترازاندنی كۆمەڵگەی سەرمایەداری و.. پیرو پەككەوتەیی لە ئاستێكدایە مەگەر كوڕەوی وڵاتانی كەنارو، بەقیژەو قریوەو جوولەی منداڵان و لاوانی پەناهێندە، گیان بەبەر خامۆشی شارەكان و ژیانیاندا بكەنەوە.. ئەوەیش حاڵی ژینگەو قەتیسبوونی



گەرمایی و پیسبوونێتی و، تەنانەت خەریكە وای لێدێت بەكەڵكی هەناسەدانیش نەیەت و...تد.

ئەمانە بەشێكی كەمن لەو قەیرانانەی بەجیهانیبوونی سەرمایەداری تیایاندا دەژی و، كاتی خۆی (ماركس) ئەمانەی بەوردی دەستنیشان كردووە.

ئەمجا شوێنی (ماركس) لەم بەجیهانیبوونەدا.. لە یێكەمین ڕستەی نێو مانفێستۆی شیوعیدا دەستنیشانكراوە.. (ئەوەتا.. تارماییێك بەسەر ئەوروپادا دێت و دەچێت.. ئەوە تارمایی كۆمۆنیزمە)!

ئەوە (ماركس) و شەبەنگەكانێتی بەسەر گەردوونەوە دەگەڕێ و، (نیولیبرالیزم)یش لەژێر زەبری سامناكی ئەو تارماییەدا.. چاكسازی لە هەل و مەرجەكانی كاركردن و، بەرزكردنەوەی ئاستی ژیان و، بیمەی كۆمەڵایەتی و، دەستەبەركردنی ئازادییە سیاسییێكان و...تد، دەكات.

ئەوە (ماركس)ە ئەم تەنازولاتانەیان پێدەكات.. هەر ئەویشە وای لێكردوون كاژی كۆن فڕێدەن و كاژە نوێكانیان بە فیكری سۆشیالیزمی سووریاو بكەن.. (ماركس) ئەمڕۆ نە هەر قسەی هەیە.. تەحەدداش دەكات و دەڵێت:

فەرموون! جگە لە من چی چارەسەرێكی دیكەو، كام فیكرو فەلسەفەو میتۆدێكی زانستیانەتان بۆ ئاسوودەگی بەشەرییەت هەیە لەتەكتاندام!

فەرموون! ئەو بەجیهانیبوونە وەك ناتوانێ بەبێ خەسڵەتە بەربەرییەكانی سەرمایەداری بەرجەستە بێت، ناشتوانێت دەستبەرداری خەسڵەتە جوانەكانیشی بێت.. ئیدی كاتی ئەوە هاتووە بەهۆی تۆڕەكانی ڕاگەیاندن و، بچوكبوونەوەی جیهان و.. نزیكبوونەوەتان لەیێكدی و...تد، نەخشەی فیكری و سیاسی دواڕۆژتان.. بۆ بەدیهێنانی ئاسوودەگی

بەشەرییەت داڕێژن.. ئەو ئاسوودەگییەی مرۆڤایەتی بەر لە هاتنی من (مارکس) لە سەرەتای مێژووەوە خەونی پێوە دیوەو قوربانی بۆ داوە.

(مارکس) دەڵێت: ئەوە ئەرکی ئەمڕۆو داهاتووشتانە.. بەسوود وەرگرتن لە هەموو ڕەوتو قوتابخانە فیکریو سیاسییێکان، ئەوانەی چەوساندنەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤو هەر شتێکی دی ڕەتدەکەنەوە.. بەرەو وەرچەرخانە مێژووییە مەزنەکە!

بەڵێ (مارکس) ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی لەهەموو کاتێکی دی ئازادترە، بۆیێ لەهەموو کاتێکی دی زێتر قسەی دروستو جوانی هەیەو.. پێشموایە ئیدی کەس ناتوانێ چەواشەکاری لە بیرو بۆچوونەکانیدا بکات.

**شوان ئەحمەد: لەگەرمەی هەرەسی بلۆکی خۆرهەڵاتو گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکانی 1989دا، دروشمی سەرەکی بریتی بوو لە:**

**[ئەوەی دەتپەرست بیسووتێنەوە، ئەوەی دەشتسووتان بیپەرستە].**

**ئەی ئێوە وەک خۆتان چی دەکەن؟**

**ئەو ڕابوردووە دەسوتێننو دەستبەرداری مارکسیزم دەبن،**

**یاخود وەک پیاوێکی سوننەتی تا مردن لە مارکسیزم ناتۆرێن؟**

ڕەوف حەسەن: ڕاستە بەهەرەسی ئەو بلۆکە ڕستێك لە شتە پیرۆزکراوەکانو، هەروەها ڕستێکیش لە وەهمەکان هەرەسیان هێنا.. لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا –کە بەچارەنووسازیان نازانم–.

مارکسیزمو بزاڤی کۆمۆنیستیش لە جیهاندا چووە قۆناغێکی



نوێترەوە.. قۆناغێك کە دیالۆگێکی بێ ترسو هێجگار بەربەرەڵای خستەوە.. بەجۆرێك ئێستە دەتوانین بەئاسانی بچینە نێو چینە فکریو فەلسەفییێکانی (مارکس)ەوە.. سەر بەهەموو ئەو کونو کەلەبەرانەدا بکەین کە جاران یاساغبوون.

بەر لەو هەراوزەنایە.. (مارکس) ئێماژەی فکریی بۆ (سووتان)و (پەرستن)ەکان کردووەو، دەپرسێت تاکەی (خواوەندەکان) لەبەردەمی (مەخلووقاتەکان)یاندا کڕنووش بەرن؟

مەخلووقات، ئەو (کووتاڵ–شمەك)انەن ئەمڕۆ لە جاران زێتر کراونەتە (خواوەند)ی ڕەهاو، خالقەکانیشیان (کرێکارانو ئینتلیجنسیا و...) بوونەتە (کۆیلە)یان.. بەگوێرەی ئەو موعادەلە مارکسیزمانەیەو، هەروەها بەپێی ئەم بەیتو بالۆرەیەی دوای 1989.. دەبێت سەرمایەداریی بسووتێنرێتو پرۆلیتاریا بپەرسترێت.. بەڵام مەرامی ئەو دروشمەی نێو هەراوزەناکەی دوای هەرەسەکە چەند چەواشەکاری تێدایە.. هێندە زێتریش یاغنیشێتی تێدایە.

جا لەبەرئەوەی پرسیارەکە زێتر شەخسی خۆم دەگرێتەوە.. دەڵێم ئەگەر بە سووتاندنی (مارکس)و، بەسوجدە بۆ بەربەریەت بردن.. من لە تۆمەتو تانەی سونەتی (یان بنەماخوازی) بوونم قوتاردەبم.. ئەگەر بە سووتاندنی چەوساوەو سەرگەردانانی جیهانو، پەرستنی ئەمریکا دەبمە پیاوێکی مۆدێرنیست.. ئەگەر بە نەفرەتکردن لە (گۆڕانکاری)و، بەپیرۆزکردنی چەقبەستنو کۆتایی مێژوو ڤیزای سەردەمانەم بۆ بەزاندنی سەلەفییەت دەدەنێ ئەوا هەتا مردن هەر پیاوێکی سونەتیم.

ئەمجا با پێت بڵێم کە لە ژیانمدا کەسم نەپەرستووە، تا ئێستە بیسوتێنم.. کەسیشم نەسووتاندوە تا بچمە سەر مەزارە پیرۆزەکەیو

داوای بەخشسینی لێبکەم.. ڕێبازێکم بەحوسن و ڕەزای خۆم هەڵبژاردووە واتاییێك دەداتە ژیان و، هیچ شتێکی لە ڕەخنەبەدەرو، گومەز بەسەرو پیرۆزی شایانی پەرستنی تێدا نیەو، تەنیا و تەنیا تاکە حەقیقەتێکی نەگۆڕی تێدایە ئەویش (گۆڕان)ە.. من ناتوانم ئەو دەستەی نەتوانم بیبڕم ماچی بکەم.. وەك چۆن ناشتوانم ئەو لێوەی نەمتوانیوە ماچی بکەم بەنەفرەتی بکەم..من وەك چۆن ناتوانم مەسیح بپەرستم.. هەروەها ناشتوانم دەستخۆشانە لە مەسیحکوژان بکەم.

تۆ بڵێی ئەم سەردەمە سەردەمی مەرگی (خۆشەویستی) بێت؟! سەردەمی لەخاچدانی (ئەویندارن)و خنکاندنی (سترانەکان) بێت؟

**شوان ئەحمەد: دواپرسیارم ئەوەیە:**

**مارکسیزم چی پێبەخشیت وچی لێسەندیتەوە؟**

**ڕەوف حەسەن:** سەرت سوور نەمێنێ کە دەڵێم: مارکسیزم هەرچیم هەبوو لێی سەندمەوە.. تەنیا دڵەڕاوکێی پێبەخشیم.. دڵەڕاوکێی ئەوەی بە گەرمایی چ عیشقێك بەستەڵەکەکانی نێو هزرمان بتوێنێتەوە!؟

بە چ کلیلێك کەلەپچەو پێوەندەکانی دیلێتی بکەینەوە!؟

بە چ چەکێك بەگژ تەورەکاندا بچینەوە!؟

چۆن خەونە کریستاڵییێکانمان لەجیهانێکی ئاوریشمیدا بەدیبێنین!؟

ئا.. لە (مارکس) باشتر دەمزانی ئەم دنیایە تۆپەڵێك هەڵەیە.. لەویش چاکتر دەمزانی دەبێت ئینسان بیگۆڕێت.. نەك پینەوپەڕۆی بکات.. ڕیشەکێشی بکات.. نەك ئارایشت.

مارکسیسزم نا.. (مارکس) خۆی هاتە لام و پێیوتم:



با تەورو کەلەپچەکان لە دەست زاڵمان دەربێنین و، بیدەینە دەست زوڵم لێکراوان.

پێموت: بە دەست هەرکامێکیانەوە بێت چونییێکە!

ووتی: با لە مۆزەخانەکاندا بۆ شەرمەزار بوونیان دایانبنێین..

وتم: نا ! با بیانشکێنین.

وتی: ئاخر چۆن بیانشکێنین؟

نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە...

هەردوکمان لەدڵەڕاوکێی ئەوەدابین چۆن و بەچی بیانشکێنین!!

(مارکس) پێی وتم: قەفەزەکان سەروبن دانراون..

وتم: من خۆم لەنێو قەفەزێکیاندا دەژیم!

وتی: پێویستە ڕاستیان بکەینەوە.. هەڵیانگێڕینەوەو لەسەر بنەکانیان دایانبنێینەوە..

وتم: گرنگ نیە لنگەوقوچ بن، لەسەر لابن، ڕێکبن، خواربن.. هەرچۆنێکبن باڵندەکانی ناویان هەر دیلن.. دەبێ.. قەفەزەکان بشکێنین.

ئێستە هەردوکمان لە دڵەڕاوکێی ئەوەداین و.. دەپرسین:

– ئاخر چۆن بیانشکێنین!؟

2002/2/17

## دیداری دووەم

گفتوگۆییێكی ڕاستەوخۆ لەگەڵ

(ڕەوف حەسەن)دا..

لەمەڕ

ماركسیزمو ئایینو..
شیوعییە كوردەكانو ئیسلام

سازدانی دیدار

سالار حەمە عەلی

## مارکسیزم‌و ئایین ..
## شیوعییە کوردەکان‌و ئیسلام

**سالار حەمە عەلی: ڕۆژگارێکی درێژە ئیسلامە توندڕەوە فێندەمێنتالیستەکان کۆمەڵگەیان دابەشکردووە بەسەر دوو حیزب یان دوو بەرەدا.. بەرەی ئیمان‌و تەقوا کە بەرەو حیزبی خوایەو.. بەرەی کوفرو جەهل ئەمەش بەرەی شەیتانە.. بێگومان دەبێت هەرچی لە توانایاندا هەبێت بیکەن بۆ بەهێزکردنی بەرەی یەکەم دژی بەرەی دووەم‌و بۆ فەوتاندنی.. کە بەبڕوای ئەوان بەرەی دووەم (شەیتان) هەموو کەسایەتی‌و حیزب‌و لایەنە عەلمانی‌و دیموکراتخوازوو نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان دەگرێتەوەو لەسەرووی هەمووشیانەوە شیوعییەکان.. بەڕێزت ئەمجۆرە دابەشکردنە چۆن دەبینیت؟**

**ڕەوف حەسەن:** ئەو دابەشکردنە دووانەییە (دوالیزمییە) دژ بە یێکدییە نە هەر لەنێو هەندێ لە ڕەوتە توندڕەوو دەمارگیرە ئیسلامییەکاندا هەیە، بەڵکو لەنێو گشت حیزب‌و گرووپەکانی ئەم دەڤەرەدا بە ئاشکرا



هەیە.. پێت سەیر نەبێت ئەگەر پێت بڵێم ئێمەی شیوعی لە ساڵانی پەنجاو شەست‌و تا هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو جیاوازییێکی ئەوتۆمان لەگەڵ ئەو ئیسلامییە فێندەمێنتاڵیستانەو تەنانەت ئەم ئیسلامییە تیرۆریستانەی بەرودوای یانزەی سێپتامبەردا نەبووە.. پێمان وابوو ئەوەی کۆمۆنیست‌و سەر بە بلۆکی سۆڤییێتی نەبێت، یان چەپڕەو نەبێت خائینەو نۆکەری ئمپریالیزمە.. واتا (شەیتان)ەکەی ئیسلامییە دەمارگیرەکانە.. خۆ ئەگەر ئاراستە ئاشتیخوازانەکەی حیزب نەبوایە.. ئەوا کەمتازۆر ئامادە بووین وەك ئەوان کاری تیرۆریستانەیش بکەین.. ئەمە دەردە کوشندەکەی ئایدیۆلۆژیا و دۆگمای باوەڕە.

ئەو جووتە وشەو ئیدیۆمە دژ بەیێکانە لە زماندا کاریگەرییێکی زۆر خەتەری بەسەر دەروون‌و هزرمانەوە جێهێشتووە.. تا ڕادەی ئەوەی ئێمەی کردۆتە کۆیلەی خۆی.. دەبێ یان ڕەش بین یان سپی! ئیدی نە هەر هیچ ڕەنگێکی دی لەو ڕەنگە جوانانە نابینین کە لەنیوان ڕەش‌و سپیدا هەن‌و.. نەك ددان بەبوونیشیاندا نانێین.. بەڵکو بیر لەوە دەکەینەوە چۆن هەموویان قەتڵوعام بکەین.

**سالار: ئەم دوانەییە دژ بەیەکە ئیسلام دایهێناوە؟ یان لە ئایین‌و فیکرو فەلسەفەکانی دیکەی پێش ئیسلامدا هەبووەو، لەدوای ئیسلامیشدا هەر هەیە؟ ئایا خوێندنەوەی مارکسیزم لەم ڕووەوە بۆ ئایینی ئیسلام چییە؟**

**ڕەوف حەسەن:** بۆ مەسەلەی دوالیزم.. نا هەر ئیسلام نا.. بەڵکو لە (مانی)و دوالیزمی (ڕووناکی-تاریکی)و، لە (زەردەشت)و ململانێ دوالیزمەکەی نیوان (ئاهورامەزدا-ئەهریمەن)ەوە بیگرە.. لە ئیبراهیمەوە

بیگره هەتا محەمەدو ئایینەکەی.. بە مەسیحییەتیشەوە کە لە هەموویان زێتر گیانی لێبوردەیی و قبوولکردنی ئەویدی تێدایە بە دوژمنەکانیشیەوە.. (**دوژمنەکانت خۆشبوێ.. ئەوانەی نەفرەتت لێدەکەن پیرۆزبایییان لێبکە** -ئنجیل-)و.. تەنانەت ئەورووپاو سەردەمە مۆدێرنەکەیشی بەشدارن لە دروستکردنی وشەو چەمکی بەرامبەر لەو دوالیزمانەدا.. بنوارە ئەم وشانەو بەرامبەرەکانی:

داب و نەریت-گۆڕان.. میللی-جیهانی.. کۆنخوازی-تازەگەری.. سوننەتی-ئاییندەخوازی.. ئەخلاق (ئاکار) -بەرەڵڵایی.. پیاو (نێرینە) - ژن (مێینە).. بەندایەتی (عەبدی خوا) -ئازادی.. گوندی-ژیاری (شارستانی).. بەیعەت-هەڵبژاردن.. عەشایەری-سڤیلی.. سوڵح و شەرع- یاساو دادگە.. پەچە-سفوور.. کشتوکاڵ- پیشەسازی (یان تەکنۆلۆژیا).. ڕەعیەت-هاوولاتی.. دەرەبەگایەتی-بۆرژوازی.. ئیماندار-مولحید.. ڕەها- ڕێژەیی.. موقەددەس-ئاسایی.. ئینقیلاب-شۆڕش.. دیموکراتی- دیکتاتۆری.. خورافیات-زانست.. ئاسمان-زەوی.. قیامەت-دنیا.. ڕەسەن-مۆدێرن.. بە دەیان و سەدان جووتە وشەو چەمکی دژ بەیێك و هاوواتاو لەهەمانکاتدا پێچەوانەی یێکدی.. تێکرا گوزارە لە دووجۆر سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و، هەروەها سیستەمی فیکری و دەروونی و پەروەردەیی و ئایدیۆلۆژیش دەکەن.. دوو سیستەمی بیرکردنەوە.. ئەوانەی لای ڕاست (بەگشتی) ئێمەین.. ئێمەی کەنار.. ئێمەی ڕۆژهەڵات و خوارووی.. ئەوانەی لای چەپیش، ئەوانی سەنتەرن.. ئەوانی ڕۆژئاواو سەروون.. مەملەکەتی ئێمە لە ئاسیاداو لەسەر باری درێژی، لە سنووری خۆرئاوای (هندستان)ەوە دەستپێدەکات و لەسنووری ڕۆژهەڵاتی (ئیسرائیل)ەوە کۆتایی دێت.. لەسەر باری پانیش.. لە (عەدەن)ەوە..



تەنانەت لە (سۆماڵ)ەوە بە سوودان و میسرو لیبیاو جەزایرو تونس و.. - بەجیاوازیییێکی ڕێژەیی لەڕووی چەندیێتییێوە لەنیوانیاندا-.. لەملایشەوە بەسەرتاپای سعودیەو کەنداوو ئێران و ئەفغانستان و پاکستاندا تا کەنداوی ئەسکەندەروونەو مەرزی زاخۆو نەسیبین و گرۆزنی و دەریاچەی قەزوین و بوخاراو تاشقەند.. مەملەکەتی ئەوانیش لەدەرڤەی ئەو سنوورانەیە.. ئێمە جارو بارو بۆ چەند ساڵێك هەندێ گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوەچوون بەخۆمانەوە دەبینین و.. لەپڕ کاتێ بەخۆمان دەزانین بە سەدان ساڵ بەرەو دواوە گەڕاوینەتەوە.. ئێمە تا ئێستا ناتوانین و ناشزانین ناوێك لەو سیستەمە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بنێین کە تێیاندا دەژین.. زوربەیان لەدوای مەشاعیەتەوە.. لەسەردەمی کۆیلایەتییەوە بگرە تا ئەمڕۆ وەك (شێوازی بەرهەمهێنان) ناوێکی دروستیان نییەو.. لەڕووی ئابووری و پێکهاتەی چینایەتییێوە لە (چێشتی مجێور) دەچین.. تەنانەت (مارکس) نەیتوانی ناوێکی زانستیانەمان لێبنێ، وەك (کۆیلایەتی- دەرەبەگایەتی-سەرمایەداری-شۆشیالیزمی).. بەڵکو بەناچاری ناوێکی گشتی لەم شێوازی بەرهەمهێنانەی ئێمە نا.. ئەویش (شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیاوی)یە!.. بەواتاییێکی دی ئەم مەملەکەتە پان و بەرینەمان سەدان ساڵە لە دەرەوەی مێژوودا دەژی.

ئیدی ئەوەبوو (لێنین) لەژێر کاریگەری ئەو بۆچوونانەی (مارکس)دا لەڕووی پێکهاتە شپرزەو شێواوە چینایەتییێکەی دەڤەرەکەوە لە لاییێك و، بەئومێدیی خۆی بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری و، پێکهێنانی سیستەمێك کە (دادوەرێتی کۆمەڵایەتی) تێدا پەیڕەوبکرێت.. نامەییێکی بۆ گەلانی موسوڵمان نارد.. تێیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەتوانرێت سوود لە لایەنە کراوەو گەش و مرۆڤایەتییێکانی ئایینی ئیسلام (لە قورئان و

فەرموودەکان) وەربگیرێت.. بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوەو، دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ جەماوەری خەڵکی ناوچەکە.

**سالار:** بە ڕای تۆ ئەم دەڤەرەمان هەروا بۆ هەتاهەتایە هەر لەدەرەوەی مێژوودا دەمێننەوە یان نا؟ ئەگەر نا، کەی دەچنە نێو مێژووەوە؟ ئایا ئەم هەموو جەنگە ئایینیو فتووحاتو ڕووداوانەی هەزار ساڵ زیاترە ڕوویانداوەو بەردەوام ڕوودەدەن.. ئەمانە ئەگەر مێژوو نین ئەی چین؟

**ڕەوف حەسەن:** جارێکی دییش دەیڵێمەوە ئەگەر ناچار نەبم ناخوازم لەم دیدارانەدا ڕای خۆم دەربڕم.. چونکە بەو مەبەستە ئەم دیدارەمان ڕێکخست کە قسە لەسەر دیدو بۆچوونی (مارکس)و مارکسیزم بکەین.. وەڵێ مەگەر زۆر ناچار بم ئەمجا بۆچوونی خۆشمی تێکەڵ دەکەم..

با لەدوا برگەی پرسیارەکەتەوە وەڵامێکی کورتت بە (نەخێر) بدەمەوە.. چونکە ئەگەر ئەو جەنگو فتووحاتانەی لەم هەزارو هەند ساڵانەی ئەم مەملەکەتەدا ڕوویانداوە بە مێژوویان لەقەڵەم بدەین.. ئەوا ناچارین ئەو هەموو درۆو دەلەسەو چاوو ڕاوو فشەکردنانەی لای خۆیشمان کە بەناوی بیرەوەرییەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەوانیش بخەینە مێژووەوە! بەڵام نە هەر ئەمانەو تەنانەت ئەو بیرەوەریانەی بەڕاستیو بە ویژدانیشەوە نووسراونەتەوە فریان بەسەر **مێژووەوە** نییەو.. تەنیا لە خانەی حکایەتدا جێگەیان دەبێتەوە.. میسرییەکان گوزارەیێکی پڕ بەپێستی ئەمەیان هەیە.. بەمانە دەڵێن **حەدووتە** کە لە (گورگانە شەوێ)ی خۆمان دەچێ.. هەر هەموو ئەو قەتلوعامو غەزایانەش.. لەبەر ئەوەی



نەبوونە مایەی ئەوەی شێوازێکی بەرهەمهێنانی نوێ بێننە کایەوەو.. گۆڕانکارییێکی ڕادیکالانە (لە پێشڤەچووندا) بکەن.. هەر دەچنەوە خانەی (سەرگوزوشتە) نەك **مێژوو**.. ئەمە بەدەست منو تۆ نییە.. ئەمە حەقیقەتی جەنگە ئایینیێکانە.. ئەو جەنگە ئایینیانە بەتەبیعەت ناتوانن **مێژوو** دروست بکەن.. ڕەنگە هەندێ جار بتوانن کەمتازۆر گۆڕانکاری ڕووکەش دروستکەن.. وەڵێ ناتوانن مێژوو دروستبکەن.. یان بچنە مێژووەوە.

**سالار:** بەڕێزت دەمێک دەڵێیت ڕۆژهەڵات بە گۆڕانکاری دەچینە مێژووەوەو.. دەمێکیش دەڵێت ئایین گۆڕانکاری کردووەو.. کەچی بەلای تۆوە هەر پێ ناخاتە مێژووەوە؟! ئەمە مەتەڵە؟ یان ناتەباییە لە ڕوونکردنەوەکەتدا؟.

**ڕەوف حەسەن:** ئەمە نە ناتەباییە لە باسەکەداو نە بۆچوونی منە.. ناتەبایی نییە چونکە زۆر جار ئێمە واتای (گۆڕان)و (بۆ پێشەوە چوون) تێکەڵ دەکەین.. تەنانەت لەگەڵ **نوێگەری یا تازەگەری** شدا لێکیان جودا ناکەینەوەو دەیانشێوێنین.. ئەمانەی دوایی واتای **مۆدێرن** دەبەخشن.. **گۆڕان** بەتەنێ مێژوو دروست ناکات.. وەڵێ (تازەگەری–مۆدێرن) مێژووە.. مۆدێرن لای (مارکس) بەرهەمی بۆرژوازییەتە.. وێڕای ئەوەی ئایین دواجار دەبێتە پێگەیێکی دەسەڵاتی سیستمی سەرمایەداری، وەڵێ ئایین بۆرژوای نەهێناوەتە کایەوە.. بەڵکو لەگەڵ هاتنە کایەی بۆرژوازییەوە ئایین لەسەرتاسەری سیستمەکاندا –لەڕووی دەستخستنە نێو کاروباری دەوڵەتەوە بەشێوەیێکی ڕاستەوخۆ– پاشەکشەی کرد.. بە واتایێکی ڕوونتر هەمیشە ئایین لەبەردەم ڕۆژهەڵاتدا کۆسپ بووەو، هەر ئەو نەیهێشتووە ئەم دەڤەرە بچێتە نێو مێژووەوە.. جا تاکو ئەو چینە (بۆرژوا)

ئایین لە سیستمی حوکم جیانەکاتەوە.. نە تازەگەری بەخۆمانەوە دەبینین‌و نە مێژوو.

**سالار: جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بە واتا عەلمانییەت.. ئایا لەو سیستمەدا چۆن جێگەی ئەو هەموو شتانە -بە بیرو ئیمان‌و کوفرو کەلەپوورو نەریت‌و شارستانییەتەوە- دەبێتەوە؟! ئایا ئەمە خەیاڵ نییە؟ یان وەک موسوڵمانان دەڵێن زەمانی محەممەدی مەهدییە کە گورگ‌و مەڕپێکەوە ئاو دەخۆنەوە؟!**

**ڕەوف حەسەن:** ئەها هەر ئەو وتانەی نێو پرسیارەکەت کاریگەری دوالیزمی (خوا-شەیتان)ی بە ئاشکرا پێوەیە.. بێگومان ئەگەر (خوا) حوکم بکات هەرگیز نایەڵێت (شەیتان) تەڕاتێن بکات‌و.. بەپێچەوانەشەوە هەر وایە.. وەلێ من نە خواوەند لەسەر زەوی دەبینم‌و نە شەیتان.. کۆمەڵێک مرۆڤی بیرو ڕا جودا لەسەر ئەم گۆی زەمینە هەن.. ڕەنگە هەر یێکەیان خۆی لەویدی بە گەورەترو باشترو پاکترو دادپەروەرترو دڵ‌و دەروون فراوانترو.. تد بزانێت.. بەڵام هیچیان خۆیان لەویدی بەکەمترو خراپتر نازانن.. جا ئیدی ئەوانە سەر بە وشەی یێکەمی (دوالیزمەکە) بن، یان بە هی دووەمیان.

دەبێت هەر هەموویان ئەوەیان لا ڕوون بێ کە هەر کەسێک بیەوێ لەسەر ئەم گۆی زەمینەو لەم دنیایەدا بژی هیچ چارێکی نییە ئەبێ ئەویدی قبووڵکات‌و.. بزانێ وەک خۆی مافی ژیان‌و بڕواداری‌و بێبڕوایی‌و ڕادەربڕینی هەیە.. دەبێ لەوە بیگومان بێ کە هەقیقەتی تەواو تەنیا لای خۆی‌و فەلسەفەو ئایین‌و مەزەبەکەی نییە.. بەپێچەوانەشەوە.. ئەوا دەبێ



خۆی بۆ خوێنڕشتنێکی گەوجانە ئامادە بکاو، ئەنجامیشی لە نەفرەت‌و ڕیسوابوون زێتر ناماڵێتەوە.. کە ئەمەی دواییان سەدان ساڵەو تا ئێستەیش لای ئێمە سەقامگیرو باوە.. ئێمەی ئیسلام‌و.. ئێمەی حیزب‌و.. ئێمەی دەسەڵات‌و.. ئێمەی نەتەوەو.. ئێمەی عەشرەت‌و.. ئێمەی داب‌و نەریت‌و.. ئێمەی هەموو شتێک.. بۆیێ تا ئێستەیش نەبووین بە هیچ‌و، ئەگەر هەرواش بەردەوام بین بێگومان هەرگیز نابین بەهیچ!

ئەمجا دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت‌و دەڵێم بەڵێ.. بەڵێ لە سیستمی عەلمانییەت (سێکیۆلاریزم)دا دنیا لە سەردەمە خەیاڵێیەکەی (محەمەدی مەهدی) باشترو تەباتر دەبێ.. چونکە لەوانەیە ئەگەر بەڕاستیش محەمەدی مەهدی بێتەوەو حوکم بکات، ئەوا هەرگیز لە (اراء اهل المدینة الفاضلة)ی فارابی پوختەتر نابێ‌و.. لەو مەملەکەتەشدا ئەولیا موسوڵمانەکان حوکم دەکەن‌و.. بێگومان جگە لە ئیسلامەتی ڕێگە بە هیچ ئایین‌و بیرو بۆچوونێکی (شەیتانانە!) نادەن‌و لە باشترین حاڵەتدا لاسایی دادگەکانی تەفتیشی پاپا مەسیحییێکان دەکەنەوە.. وەلێ لە عەلمانییەتدا.. نە ئەولیاو نە شەیتانەکان هیچیان لەسەر تەختی دەسەڵات نین‌و.. مافی هەردوولایان وەک یێک دەپارێزرێت.

**سالار: ئەی ئەوە نییە ئیسلامییەکان لە دانانی دەستووردا هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە شەریعەتەکانی ئایین سەرچاوەی یەکەمی حوکم بێت‌و.. نابێ سیستمی حوکم عەلمانی بێت.. واتا ململانێکە لەنیوان شەریعەتی ئیسلام‌و عەلمانییەتدایە.**

**ڕەوف حەسەن:** بەداخەوە.. زۆر کەس‌و بەتایبەتی ئیسلامییێکان

وادەزانن، ململانێ و ناکۆکی سەرەکی بۆ سیستمی حوکمڕانی وا لەنیوان ئایین و سێکیۆلاریزمدایەو.. ئەوان عەلمانییەت و چەمك و وشەکانی دووەمی دوالیزمەکەی پێشوویان تێکەڵ کردووە.. عەلمانییەت هەرگیزاو هەرگیز واتای مارکسیزم نابەخشێ، کە لە جەنگێکی بێئاماندان بەرامبەری.. هەروەها واتای لیبرالیەت و نەتەوایەتی و...تد نابەخشێ.. ئیسلامییێکان (نەك موسوڵمانەکان) ئەوەیان لەبیرکردووە، یان خۆیان لەوە هەڵەکردووە کە عەلمانییێتی نە ئایینەو نە فەلسەفەیێکی دیاریکراوەو نە نەتەوایەتییەو نە شەیتانیشە تا بەرەنگاری بوەستنەوەو جیهادی لە دژ بەرپا بکەن.. بەڵکو سیستمێکی دەسەڵاتەو لەسایەیدا موسوڵمان و مولحید و مەسیحی و جوولەکەو مارکسی و نەتەوەیی و لیبرالی و...تد گشتیان دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و بژین و.. هەر یێکەشیان دەتوانێ بە ئازادی پرۆسەی سرووت (ڕیتواڵ)و ڕێ و ڕەسم و بانگەشەی خۆی بکات و.. لە پرۆسەی هەڵبژاردن و پەرلەمان و دەسەڵاتدا بەنۆرەو بەپێی متمانەی جەماوەر پێی بەشداربێ و، دەسەڵات بەبێ توندوتیژی لەنیوانیادا دەستاودەست بکات.

وەلێ لە دەوڵەتی ئایینی، یان نەتەوەیی، تەنانەت مارکسیشدا.. تاکە دەستەو تاقمێك لەڕێی کوودەتاوە قۆرغی دەسەڵات دەکەن و.. ئیدی ململانێ دیموکراسییێکە دەبێتە پێکدادان و جاڕی جەنگ بەرپاکردن بەسەر یێکدیدا.. جەنگی ئیسلام بەسەر مەسیحی و مارکسی و نەتەوەیی و، پەیپێچەوانەیشەوە لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر.. بۆیێ لەم هەلومەرجەدا تەنیا سێکیۆلاریزم چارەسەرە.. چونکە تەنیا عەلمانییەت لەم جەنگانەدا تەرەف و سەنگەر لەیێکدی گرتن نییە.. بەڵکو ڕێکخستنێکە بۆ بنەماکانی گەمەکە.. بۆ بەربەستکردنی کوشتارو توندو تیژی نیوانیان.. گۆڕینی



گەمە خوێناوییێکەیە بە گەمەییێکی دیموکراتی.

**سالار: ئایا لەو بڕوایەدایت ئیسلامییەکان بەم گەمە (دیموکراتییە) قایلبن؟ ئەمە بەلایانەوە گەمەییێکی دنیاییەو، ئەم سیستمە سێکۆلاریزمییەی حوکم تاچەند لەگەڵ شکۆمەندی دەسەلاتی دێرین و پیرۆزی ڕاشیدین و، خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی و سەڵتەنەتی عوسمانلییەکانیاندا یەکدەگرێتەوە کە گشتیان یان دەسەلاتی ئایینی پەتی بوون، یان مۆرکی تەواوی ئایینیان پێوەبوو.. ئایا مەعقوولە لە حوکمی (سێبەرەکانی خواوە لەسەر ئەرز —وەک وا ناونرا بوون-).. لەو دەسەلات و ئیمپراتوریەتە ئایینیانەوە ملکەچی ئەم (حوکمی بەشەر)و گەمەیە دنیاییە بن؟!**

**ڕەوف حەسەن:** تا ئێستا هیچ ڕەوتێکی ئیسلامی (نەك هیچ موسوڵمانێك) بە سەلەفی و میانڕەوو ئوصوولییێوە جگە لە ئایدیۆلۆجیا نەگۆڕو دەقگرتووەکەی خۆی نەیتوانیوەو ناشییەوێ هیچ بیرو بۆچوون و داهێنان و گۆڕانێك بەدیبێنێ.. بەردەوام لەو قاڵبەدا تەفسیرو تەئویلی خۆی دەکات.. واتا جگە لەوەی لەڕووی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیستمی حوکمی قەزاو شەرعدا خۆی دووبارەو ملیاربارە دەکاتەوە، هیچی دی لەڕووی ڕیفۆرمەوە نەخستۆتە سەر.

ئەمەیش هەر لەو خۆ بەهەڵەبردنەوە هاتووە کە وادەزانن مادام لە تەسکەرەی نفووسی زوربەی خەڵکەکەدا نوسراوە ئایین: **موسوڵمان**.. ئیدی

وای دادەنێن هەرهەموو ئەمانە ئیسلامین‌و ئەندامی حیزبەکانیانن! ئەوان موسوڵمان‌و ئیسلامی (سیاسی) لێك جیاناکەنەوە، لەکاتێکدا لە شەڕەکانیاندا زۆر بەزەقی ئەو موسوڵمانە (ی ن ك)انەیان دەدی چۆن بێبەزەییانە بەرامبەریان دەجەنگین.. ئەوانە هیچیان نەك هەر مارکسی‌و کافر نەبوون.. بەڵکو بە کردەوە دوژمنی مارکسی‌و شیووعیش بوون.. واتا دەبێ ئیسلامییێکان وەهمی ئەو تەسکەرەی نفووسە –هەڵەیە– لە خەیاڵی خۆیان دەرکەن‌و، هۆشمەندانە واقیعەکە بخوێننەوە.

(مارتن لۆسەر) لە چەرخی شانزەهەمدا بزاڤە ڕیفۆرمییێکەی لە ئایینی مەسیحیدا بەرپاکرد.. واتا پێنجسەد ساڵ لەمەوبەر.. بێئەوەی گوێبداتە شکۆمەندی‌و دێرینی پیرۆزی خۆی‌و ئایینەکەی.. چونکە زۆر باش دەیزانی سیستمی حوکمی ئایینی (سیۆکراتی)، لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی سەردەمدا بڕناکات.. ئەوان خۆیان بوونە مایەی پێکهێنانی سیستمی عەلمانی لە ڕۆژئاوادا.. بەتایبەتی لە ئەمەریکا.. ئەوان لە مێژە لەو ڕاستییە گەیشتوون ئایینەکەیان لە سیستمێکی دیموکراتیدا زێتر خۆی ڕادەگرێت‌و تەشەنەش دەکات.. دەیانزانی سەردەمی ڕۆشنگەری‌و شۆڕشی پیشەسازی‌و مۆدێرنیتەو سیستمی مەعلووماتی لە ئەورووپای بۆرژواکاندا، جێگەی حوکمی سیۆکراتی تێدانابێتەوەو.. ئەگەر ئایین دەیەوێت ڕێزی خۆی بگرێت دەبێت خۆی لەدەسەلات بەدوور بگرێت‌و، لە هەناوی خەڵکیدا جێگیربێت.

ئیسلامییێکان تا ئێستە نە بەوە قایلن‌و نە بەرنامەیێکی جیددیان بۆ نوێبوونەوەو ڕیفۆرم هەیە.. بەزۆری پێ لەسەر ئەوە دادەگرن سیستمێکی حوکمڕانی وەك سەردەمی ڕاشیدین بێتەئاراوە.. چونکە وادەزانن ئەو سیستمە پوختەترین شێوازی حوکمڕانی بووە لە مێژووی بەشەرییەتداو،



بۆ هەموو دنیاو هەموو ڕۆژگارێکیش دەسدەدات.. لەکاتێکدا زانایانی ئیسلام زۆرباش دەزانن لە سەردەمی ڕاشیدیندا سیستمێکی تەواوی حوکمڕانی ساغڵەم لەئارادا نەبووەو.. ئەو دەسەڵاتە شێوازێکی چەسپاوی وەرنەگرت‌و.. بە مۆڵەقی مایەوە تا سەردەمی ئەمەوییێکان، ئەوجا لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییێوە سەقامگیر بووو شێوازێکی تەواوی لە ڕێکخستندا وەرگرت.

ئەمە وێڕای ئەوەی لەسەرتاپای (قورئان)دا بەهیچ جۆرێك تیۆرییێکی ئاشکراو ڕوون‌و ڕاشکاوانە لەمەڕ سیستمی حوکم‌و دەسەڵات‌و دەوڵەت بەدیناکەین.. ئەوەی هەیەو نییە لە چەند بۆچوون‌و ئیجتیهادو تەفسیرکردنی یێك دوو ئایەت زێتر نییە.. (وامرکم شوری بینهم –الشوری 38)و.. (واذا حکمتم بین الناس ان تحکموا بالعدل –النسا ء58).. زۆر ڕاشکاوانە ئەویان لەسنووری ڕاوتەگبیری خەڵکی زێتر نییە لە هەندێ کاروباری شەرعی‌و عیبادەتداو.. ئەمیشیان لەمەڕ گەڕاندنەوەی شتێ بەئەمانەت لای کەسێ دانرابێت‌و پێیان دەفەرموێ (ئەگەر–یان هەرکاتێ) بوونە دادوەر، دادوەرانە ناوبژی خۆتان بکەن.. چونکە بمانەوێ‌و نەمانەوێ سیستمی حوکمڕانی کێشەیێکی دنیاییەو ئایینی نییە.. بڕوا ناکەم هیچ موسوڵمانێك هەبێت‌و خەریکی ئەم کێشەیە بێت‌و، ئاگای لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر نەبێت کە لەمەڕ چاککردنی دارخورماکانەوە بە عەرەبەکانی وت: (ئێوە خۆتان باشتر لە کاروباری دنیاکەتان دەزانن).. یاخود –هەر بەنموونە– سزای بڕینی دەستی ڕاستی دز لە ئیسلامدا –جا کارێکی ڕاستبێ یان چەوت– بەر لە ئیسلام وەك حوکمێکی دنیایی هەبووەو، ئیسلام لە شەریعەتی خۆیدا جارێکی دی سەپاندوێتی.

هێنانەوەی ئەو نموونانە لێرەدا بەهیچ جۆرێك بەو مەبەستە نییەو

ناشخوازم بچمە نێو مەعمەعەی مشتومڕی تەفسیرو تەئویل‌و هۆکاری هاتنەخوارەوەو وتنی ئایەت‌و فەرموودەکانەوە.. چونکە دەزانم ئەو جۆرە مشتومڕانە کۆتاییهاتنیان نییە.. بەڵکو تەنیا بۆئەوەیە کە هەندێ لە ئیسلامییەکان لەو بڕوایەدان مەیدان چۆڵکردنی مەسیحییەکان بۆ سیستمی عەلمانییەت لە ڕۆژئاوادا –بەخواییشتی خۆیان بووبێت یان بەزۆر– لەبەر ئەوە بووە لە ئایینەکەیاندا دیسپلینێکی گشتگیری تۆکمەی حوکمڕانی وەك هی ئیسلام تێدا نییە.. واتا تەنیا بۆ بەرچاوڕوونی موسوڵمانانە لەمەڕ کێشەی حوکم‌و دەسەڵاتی سیاسی لە ئایینی ئیسلامدا، تا بزانن لەم لایەنەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ مەسیحییەتدا نییە.. تەنانەت لەڕووی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتیشەوە.. بێگومانم هیچ موسوسوڵمانێکی شارەزاو لێزان نییە –ئەگەر لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێت– هیچ یەکێ لەو سیستمانەی خەلافەتی ئەمەوی‌و عەبباسی‌و عوسمانلی وەك دەسەڵات‌و سیستمگەلێکی پوختی ئینسانیانە پەسەند بکات.. هەر خۆیان بە هەزاران گەندەڵی‌و خەوش‌و عەیب‌و عاریان لێدەدۆزنەوە.. واتا مەرج نییە هەمیشە (پێشین–سەلەف) (باش–صالح) بێت.. مەرجیش نییە (نەوە–خەلەف) هەمیشە (خراپ–طالح)و توخمی شەیتانبن.

هەر لەو سیستمانەی کە نەك ئیسلام تێیاندا ئایینی دەوڵەت بوو، بەڵکو ئایینی ئیمپراتۆرییەتیش بوو.. خەلیفەو سوڵتانگەلێکیش حوکمڕانی دەکرد کە بەگشتی خۆیان بە (سێبەری خوا لەسەر زەوی) دادەنا.. بزانە چیها موسوڵمانی پاك‌و مەزن لەو سیستمانەدا حەللاج‌و حسێن ئاسا بەوپەڕی دڕندانە لەتلەتکران‌و کەللەسەریان بەنووکی شمشێرەکانەوە کرانە دیاری بۆ خەلیفەو والییەکان؟! کام لەو خەلیفەو سوڵتانانەی نێو ئەو ئیمپراتۆرییەتانە پێڕەوی ڕێنمایيە ئایینییەکانیان



کردو، دانەخزانە نێو لەزەتە دنیاییە حەرامکراوەکانەوە؟!

بێگومانم نەك من بەڵکو هەر نیمچە خوێندەوارێك بگری دەتوانێ بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئایینییە بڕوا پێکراوەکان، دەیان جزوبەند لەمەڕ گەندەڵی‌و تەنانەت هەمەجیەتی دەسەلآت لەنێو جەرگەی ئەو (ئیسلام ئایینی دەوڵەت)انەدا بنووسێتەوە.. دەیان جزوبەند لەمەڕ قڕکردنی یێکدی کە بەبیانووی جیاوازی مەزهەبییەوە لەنێو ڕەوتە ئیسلامییەکان خۆیاندا ڕوویان داوەو.. زۆر جاریش کار گەیشتۆتە قڕتێخستن‌و کۆمەڵکوژی‌و، تەنانەت یێخسیر کوشتن لە یێکدی.. لە کاتێکدا ئیسلام نە هەر کوشتنی یێخسیرە غەیرەدینەکانی حەرامکردووە، بەڵکو کەمتازۆر ڕێزیشی لێگرتوون.

ئەی باشە کێشەی (عوسمان)و (عەلی) لەسەردەمی حوکمڕانی (ڕاشیدین)دا کێشەیێکی ئایینی بوو؟! بێگومان تەنیا کێشەی دەسەڵات‌و حوکم‌و دەستکەوت‌و تالآنی بوو.. کێشەیێکی دنیایی هێندە زەقیش بوو کە دەگاتە ئاستی خیانەتکردن لە ئایین.

بەواتاییێکی دی‌و، بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی پێشەوە.. ئەوەمان بۆ دەسەلمێت ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە لە ئێمە باشتر دەزانن لە سیستمێکی بەناوو بە ڕووکەش ئیسلامی زێتر، ناتوانن سیستمێکی تەواو ئیسلامی بەسەر زەوی ئەمڕۆماندا بە تۆپزیش بسەپێنن.. خۆیشیان بە سیستمێکی دنیایی پێشکەوتنخوازو دیموکراتی قایل نین.. وادیارە دەیانەوێت هەر لە (بەرزەخ)دا حوکمڕان بن‌و، دۆزەخێك لەم دنیا لای ڕاستیانەوە بۆ خەڵکی پێکەوەنێن‌و، بەهەشتێکی ئەوەدنیاش –بوبڕوای خۆیان– بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

کەواتە لەبەر ئەوەی کێشەی حوکمڕانی کێشەیێکی دنیایی‌و ژیارییە..

هیچ چارەیێك نییەو، دەبێت ددان بەو ڕاستیەدا بنێن لەمیانەی ئەم هەزارو هەند ساڵەدا زەوی لە سووڕاندنەوە نەکەوتووەو لەجێی خۆیدا ڕانەگیراوە.. بەردەوام گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕوویداوە.. دەبێت لەمەودوا ئیسلام (و ئایین بەگشتی) هەوڵبدات دەسەڵاتو شەرعییەتی خۆی لە خەڵکیو بەپیرەوەچوونی خەڵکییەوە وەرگرێت، نەك لە شەرعییەتپێدانی ئاسمانییەوە.. کە ئەمە لە دیموکراسیێتیدا نەبێت فەراهەم نابێت.. ئەمەیش گەمە مرۆڤایەتییە جوانەکەیەو، ئیدی کێ پێی قایلە یان ڕەتیدەکاتەوە ئەوە کێشەیێکی دیکەیەو.. نەهامەتییێکەش لەوەدایە ئەوانەی ڕەتیدەکەنەوە دوایی هەر خۆیان باجەکەی نادەن.. بەڵکو هەموو میللەتیش بەخۆیانەوە گیرۆدە دەکەن.

**سالار: ئەی ناکرێ (بەیعەتکردن)ی ئیسلامەتی بە جۆرێك لە پرۆسەی هەڵبژاردنو دیموکراتییەتی ئیسلام لەقەڵەم بدەین؟!**

**ڕەوف حەسەن:** ئەگەر چاوپۆشیمان لە هەموو ئەو بەرتەسکیو سنووردارێتییەی پرۆسەی (بەیعەت) کرد.. چ لەڕووی ئاستەنگی بەشداریکردنی جەماوەرییەوەو، چ لەڕووی ئەوەی تەنیا یێکجار لەسەرەتای خەلافەتدا بۆ خەلیفەیەك (ئەبوبەکر) کرا، نەك بۆ نوێنەرانی میللەتو، ئیدی ئەمە دووبارە نەبۆوەو.. وامان دانا ئەوەش جۆرێکە لە پرۆسەی دەنگدان یان ریفراندۆم.. بۆ تۆ وادەزانی دیموکراسییەت بریتییە لەم نیو پرۆسەیەی نیو مزگەوتو، ئیدی ئاو بێنەو دەست بشۆ!؟

براله! ئێمە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمو، لەم هەزارەی



سێیەمەشدا لە دەیان وڵاتی ئیسلامیدا، نەك هەر بەیعەتو مەجلیسی (شوورا)کەیان، بەڵکو سەدان پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرتاسەریمان بینیوەو، بە هەزاران کاندیدی پەرلەمانو دەیان ملیۆن دەنگدەرانەوەو.. کەچی نەك هەر دیموکراسییەتمان نەبینیوە، بەڵکو بەهەموو پرۆسەکان دیکتاتۆرو ملهوڕی وامان هێناوەتە سەر تەخت کە لە سەرتاپای حوکمڕانییێکەیاندا –لە تەلەڤزیۆندا نەبێت– نەیانوێراوە بۆ تەنیا ساتێكو لە کونی دەرزیشەوە خۆیان نیشانی جەماوەر بدەن!.

ئەی نابینی هەموو سەرەك حکومەتو کۆمارو مەلیكو میرو والییێکان، هەر چەند ساڵ جارێکو، بە پشتبەستن بەمجۆرە (بەیعەت)و ئەنجومەنی (شوورا)یانە، درێژەیان بەڕەوایی ملهوڕییێکەی خۆیان داوەو ڕێژەی دەنگەکانیشیان هەمیشە لەسەدا نەوەدونۆ پۆینت نەوەدونۆ بووە؟! پێمبڵێ کامیان ڕێگەیان داوە بە پرۆسەیێکی هێمنو ئاشتیانە حوکم دەستاودەست بکات؟! پێم ناڵێی کامیان تا دواهەناسە دەستبەرداری حوکم بوون؟! تەنانەت کامیان دوای مردنیش نەوەکانیان بە تۆپزی لەجێی خۆیان دانەناوە؟!.

**سالار: ئەم وتانە بەگشتی عەرەبو ئیسلام دەگرێتەوە.. ئاخۆ بۆ کوردیش هەروەهایەو هیچ تایبەتمەندییەکی خۆی لەم کێشەیەدا نییە؟**

**ڕەوف حەسەن:** من بێگومانم موسوڵمانان بەگشتیو بەدرێژایی سەدان ساڵ مەینەتدیدەی دەستی زوڵمو جەوری دیکتاتۆریەتن.. تەنانەت لەسایەی ئەو وڵاتانەشدا کە لە دەستووردا ئیسلامیان بە ئایینی دەوڵەت

تۆمارکردووه.. چونکه ئیسلام چەندین لك‌و پۆو ئاییینزای لێ جیابۆتەوە.. لەسیستمی دەسەڵاتی ئیسلامی سوننی مەزەبدا شیعە دەچەوسێتەوەو.. بەپێچەوانەیشەوە هەر زۆر ڕاستە.. لە هەمان کاتدا ئاییینەکانی دیش (مەسیحی‌و جوو)و.. هەروەها بێدینەکان‌و خاوەن بیروباوەڕە زانستی‌و سروشتییێکانیش.. سەیر لەوەدایە وێڕای ئەو مەینەتییانەش، گەلێ لە ئیمانداران بە جیاوازی مەزەبەکانیانەوە تائێستەیش لە مشتومڕی ئەوەدان ئاخۆ زوڵم‌و چەوساندنەوە ڕەوایە یان نا؟! ئایا ئەو زۆردارە ملهوڕە بە ویست (ئیرادە)ی خواوەند بەسەریانەوە دانەنراوە؟! تەنانەت بیر لەوە دەکەنەوە چۆن پشتگیری لێبکەن‌و بیپارێزن‌و، داکۆکی لە ڕەفتارە دزێوەکانی بکەن‌و پاساوی بۆ بهێننەوە؟! ئەمە کوێرەوەرییێکی بێسنوورو جەهالەتێکی لە ڕادەبەدەرە.. بڕواو ئیمان لەلاییێك‌و، زۆرداری‌و تۆقاندن لەلاییێکی دی بگاتە ڕادەییێك سەرکردەییێکی ئیسلامی کورد ناچار بێت بڵێت: (دژایەتیکردنی حوکمی سەددام حسێن دژایەتیکردنی ئیرادەی خوایە!).

هەر ئەمەیشە وای لە (مارکس) کردووە بێتە سەر ئەو بڕوایەی بڵێ دوور نییە پیاوانی ئایین لە هەلومەرجێکی دیدا —جا بۆ هەر مەبەستێك بێت— فەتوا بدەن کە (پرۆلیتاریا کوشتن ڕەوایە).. چونکە پرۆلیتاریا دەیەوێت دژی ئەو ئیرادە یێزدانییە بوەستێتەوەو.. گۆڕانکاری لەو ویستە ئاسمانییەدا بکات کە تەخت‌و تاجی حوکمڕانی بەو ملهوڕانە بەخشیوە.

ببوورن ئەگەر لە گەوهەری پرسیارەکە کەمێك دوورکەوتبێتمەوە.. بەنیسبەت ئیسلامی کوردییەوە کێشەکە زۆر نالەبارو ئاڵۆزیش دەکەوێتەوە.. ئەوانەی لەمەوبەر باسمکردن تەنیا بۆ عەرەبی خاوەن دەوڵەتن.. عەرەب ئەگەر تا سەر ئێسکیش وابەستەی ئیسلام‌و سیستمی



ئیسلامی بن هەر نەیسەو، کولتوورێکی خۆیانەو شکۆمەندی (ئەمجادی) نەتەوەیی بۆ ڕەخساندوون‌و شانازی پێوەدەکەن.. خۆیان‌و زمانەکەیانی پاراستووە.. وەلێ کورد —و نەتەوە غەیرە عەرەبەکانی دییش— چ وەك مرۆڤێك‌و چ وەك نەتەوە، چەند قوربانی بۆ ئیسلام بداو وابەستەی بێت، جگە لە پەیوەندییە ڕۆحییێکەی لەگەڵ خوای خۆیدا هیچی دی لێ بەهرەمەند نابێت.. بە واتاییێکی دی بەنیسبەت ئەو تاکە کوردە ئیماندارانەوە هیچ بەرژەوەندییێکیان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا نابێت.. بگرە لەوانەیە بەهۆی تایەفەگەری‌و ئاییینزاییەوە —وەك ئاماژەشم پێدا— دووچاری کێشەی دڵتەزێنیش بن.. وەلێ لە سیستمی عەلمانیدا وێڕای ئەوەی سەرجەم مەبەستە ئیمانی‌و ڕۆحییێکەیان بە ئازادی‌و بەبێ کێشە مەیسەر دەبێت، لەڕووی نەتەوایەتیشەوە لە وابەستەیی بە حوکمی **سیۆکراتییەوە** قوتار دەبن.

کەواتە ئێمەی تا ئێستە بێ دەوڵەت‌و، تەنانەت لەکاتی هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییشدا.. گرێی دەست بۆ بخەینە ددان!؟ بۆچی داکۆکی لە زمانەکەی خۆمان نەکەین‌و لە خزمەتی زمانێکی دیدا بین کە هەرگیز پێویستی بەکەس نەماوە خزمەتی بکات.. ئایا هەر ئەو بەتەنگەوە هاتنەی زمانی عەرەبی سەرئەنجام بۆ ئێمەی کورد نابێتە مایەی ئەوەی بەئاسانی دەستەمۆمان بکەن؟! هەموو شێوازێکیان بۆ فەوتاندن‌و تواندنەوەو بندەستەکردنی ئێمەو نەتەوە غەیرە عەرەبەکانی دی لە دەڤەرەکەدا بەکارهێناو مایەپووچ دەرچوون.. ئەمجا بە حوسن‌و ڕەزای خۆمان‌و، بەناوی زمانە پیرۆزەکەوە کە زمانی (قورئان‌و فەرموودەکانە) خۆمان‌و دەسەڵاتیشمان پابەندو تەسلیمی زمان‌و نەتەوەییێکی دی بکەین؟!

سالار: باشە ناتوانین بەزمانی خۆمان خواپەرستی بکەین؟! ئایا ئیسلام لەمەدا ڕێی لەهیچ نەتەوەییێک گرتووە بەزمانی نەتەوەیی خۆی خواپەرستی خۆی بکات؟! ئەوەی تۆ باسی دەکەیت ئیستیعماری زمانەو، بەزۆری ئنگلیزو فەڕەنسییێکان لە وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکانیاندا بەکاریان دەهێنا.. جا بۆ هەر مەبەستێکیش بووبێت، بەڵام ئەنجام لە گەلێ وڵاتدا لە فێربوونی ئەو زمانانە بەهرەمەند بوون.. وەک هندستانو جەزایرو.. هتد، ئایا ئەمە سەبارەت بە زمانی عەرەبیشەوە بۆ ئێمەی کورد هەر واناکەوێتەوە؟!

ڕەوف حەسەن: نا قوربان نا.. ئەو زمانانەی پێشتر باست کردن زمانی پیرۆز نەبوون.. زمانی تەوراتو ئنجیل نەبوون.. ئەوانە زمانگەلێکی جیهانینو هەردەم کراوەنو قابیلی گۆڕانو پێشکەوتنن.. مامەڵە لەگەڵ مۆدێرنیزمو تەکنۆلۆجیادا دەکەن.. وەلێ زمانی عەرەبی زمانێکی پیرۆزە.. زمانی پیرۆز بەواتای زمانی دەقگرتووو بەسەرخۆیداو لە قاوغەکەیدا گرمۆڵەبووو داخراو.

زمان چییە؟ زۆر بەسادەیی زمان واتا بیرکردنەوەی دەنگدار.. بیرکردنەوەش زمان یان ئاخاوتنی بێدەنگە.. چەند زمان کراوە بێت هێندەش سیستمی بیرکردنەوە فراوان دەبێت.. ئەو زمانە بەگشتی زمانی وەعزو ئیرشاد بووە.. زمانی ئینشاو ڕێزمانو ئیعراب بووە.. تەنیا یێك ڕێگەچارەی حازربەدەستی بۆ گشت کێشەکانی گەردوون پێبووە.. ئەو مرۆڤانەی ئەو زمانە بەرهەمیان دێنێت هەموو فۆتۆکۆپی یێکدین.. بیرکردنەوەیان تووتی ئاسایی بووە.. لەو زمانەدا ئێستەو داهاتوو لە



خزمەتی کەلەپوورو ڕابردوودان.. زمانی ملکەچیو ڕامبوون و...تد، هەموو ئەمانە مانای ئەوەنین زمانەکەی ئێمەی کورد زمانی پرسیارو دیالۆگو مۆدێرن بووەو.. چەندین ڕێگەچارەی فیکری وەبەردەست خستووەو.. جەختی لەسەر تاکەکانی وەك قەوارەی سەربەخۆو جیاواز کردووەو.. ڕابردوو تێیدا لەخزمەتی ئێستەو ئاییندەدا بووەو.. زمانی بۆێریو یاخیبوونو خوێندنەوەی ڕەخنەییانەو پلوورالیزمو دیموکراسیو مۆدێرنەو.. و..و.. بووە.. نا.. زمانی ئێمەو گەلێ نەتەوەی دی دەڤەرەکەش نازانم لەوەوبەر چۆن بوون.. لێ دوای ئەوەی کەوتنە ژێر کاریگەری زمانە پیرۆزەکەوەو، دەقیان پێوەگرت.. نە هەر ڕەنگو ڕوخساری ئەویان گرت، بەڵکو خەریکبوو وشە بە وشەش جێی ڤۆکابولەری (موفرەدات)ەکانیان بگرێتەوە.

وابزانم پێویست ناکات لێرەدا ئاماژە بە لایەنی بەهرەمەند بوون بدەم، کە وێڕای ئەولایەنە نێگەتیڤانەی وتم بێگومان ئێمەیش بە حوکمی واقیعەکە لە زمانی عەرەبی بەهرەمەند بووین.. ئەویش لەڕێی تەرجەمەکردنێکی باش یان شێوێنراوی فیکرو فەلسەفەو شاکاری جیهانییێوە.. ئەمە ئینکاری لێناکرێت.. وەلێ بەهرەمەندبوونێکی ناچاری بووە.. بەواتاییێکی دی ئەگەر لەجێی ئەو زمانە، زمانێکی ئەوروپیانە بوایێ ئەوا بەهرەمەندبوونەکە زۆر ڕەسەنو مەزنتر دەبوو.

با بگەڕێینەوە سەر لایەنە ئایینیو پیرۆزییێکەی زمانی عەرەبی لە عیبادەتکردندا.. ئیسلام هەرگیز ددان بە وەرگێڕانی قورئاندا نانێت بۆ زمانانی دی.. ئەگەر وەریشگێڕدرا ئەوا بە وەرگێڕانی دەقەکەی دانانێ.. بە وەرگێڕانی واتا (مەعنا)یی دادەنێتو.. ئیعتیراف بە هیچ زمانێك ناکات بۆ خوێندنی قورئانو بانگدانو نوێژکردن بەکاربهێنرێت.. دەقی پیرۆز هەر بە

عەرەبییەکەیەو.. لەسەرەتاشەوە ئێمە مەبەستمان لەمە بوو کە بووە مایەی ئەوەی [ڕۆشنبیریو فیکری عەرەبی (و ئیسلامیش) لەبازنەی زمانە پیرۆزەکەدا چەقببەستێو، لەخۆ دووبارەکردنەوەدا بسووڕێتەوە].. هەر لەبەرئەمەش بوو لەمێژەوە لەنێو فارسەکانو لەم دواییەشدا لەنێو تورکەکاندا هەوڵی جیددی درا بۆ خۆ دەربازکردن لە زمانی پیرۆز.

**سالار: دەڵێیت لەمێژەوە.. واتا لە ساڵانێکی دێرینەوە هەوڵی قوتارکردنی زمانەکانیان لە زمانی عەرەبی داوە.. کەچی تا ئێستەیش بەشێکی زۆری ئاخاوتنو نووسینی فارسیو تورکی هەر وشەو دەستەواژە عەرەبییەکانن!**

ڕەوف حەسەن: وتم هەوڵدراوە.. بە نیسبەت فارسەکانەوە نزیکەی هەشت سەدە لەمەوبەرو بە درێژایی دووسەد ساڵێك خەباتی سەخت لەو پێناوەدا کراوە.. ئەوەی (قەڵای ئەڵەمووت) بخوێنێتەوە ئەوجا دەزانێت ئەوانەی بە (باتنییەکان) یان (بەنگکێشەکان) ناسرابوون، بە سەرکردایەتی (حەسەن سەباح)ی خواوەندی (ئەلەمووت)و.. بە پڕەنسیپێکی پۆڵایینی نهێنی، چیها شۆڕشو ڕاپەڕینیان بەرپاکردوەو.. چیها قوربانیشیان داوە، بۆئەوەی لە مۆتەکەی زمانی عەرەبی قوتاربنو.. خواپەرستی خۆیان بەزمانی خۆیان بکەن.. تەنانەت لەپێناوی ئامانجەکەیاندا ئەو فەرزانەی بۆ خودی خواوەند بوو، وەك نوێژو ڕۆژوو.. بەشێوەیێکی کاتی وازیان لێهێناو.. پابەندی ئەوانی دی (وەك زەکاتو سەرفیترە..) بوون.. چونکە لەو بڕوایەدا بوون ئەو فەرزە ئایینیانەی بۆ خودان دەکەونە بری جیهادەکەیانەوە.. ئەمانە بەنگکێش نەبوون.. بەڵکو بازرگانییان بە



حەشیش –خەشخاش–ەوە دەکردو.. هەم لەڕووی ئابوورییەوە دەسکەوتێکی باشیان بەدەستدەهێناو، هەم لەڕووی تەندروستییەوە بۆ چارەسەری چەندین نەخۆشیو نەشتەرگەری بەکاردەهێنرا.

بەنیسبەت تورکەکانیشەوە.. نازانم بزووتنەوەی دژە عەرەب لەنێو بەگلەرو پاشاواتو ئەفەندییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا چەند کاریگەربووو.. چەندیش ئیدیۆمو وشەی تورکییان بەسەر ویلایەتە عەرەبییە ژێردەستەکانیاندا سەپاند.. وەڵێ هەر دوای یێکەمین جەنگی جیهانی، بە پڕەنسیپێکی داڕێژراو دەستکرا بە هوشیارکردنەوەی خەڵکی.. سەرەتا شاعیرو بیرمەندی ناوداری تورك (زیا عکۆك ئەڵپ) بە قەسیدەیێکی بەناوباگ بەناوی (وەتەن)ەوە داوایکرد بانگدان لە مزگەوتەکاندا بە زمانی تورکی بدرێت.

دواتر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری عەلمانی تورکیاوە، مستەفا کەمال (ئەتاتورك) نە هەر ئایینەکەی لە دەوڵەت جیاکردەوەو.. خوێندنی ئایینو مێژووی ئایینەکانی لە قوتابخانەکاندا قەدەغەکردو، وشەو دەستەواژەی پیرۆزکردنی پێغەمبەرو خەلیفەکانی وەك (حەزرەت)و (صلی الله علیه وسلمو.. تد) لە کتێبو بەرنامەکانی خوێندن دەرهێنا.. بەڵکو زمانو ڕێنووسی عەرەبیشی لەکلتوورەکەیان وەدەرنا.. پیتی لاتینی کردە ئەڵتەرناتیڤی ئەلفوبێی عەرەبیو.. تا ئێستەیش مێژوناسەکانی تورك لە کتێبەکانی قوتابخانە ناوەندیێکانیاندا مێژووی عەرەبیان پشتگوێ خستووەو.. خۆ ئەگەر ناوی عەرەب لەهەر لایێکەوە هاتبێ، ئەوا وەك (دوژمن)و (خائین) باسکراوە.. چونکە گوایە (لەپشتەوە خەنجەریان لە تورك داوە).

**سالار: ئایا بەڕای تۆ.. لەم جۆرە عەلمانییەتەدا هەست بە توندڕەوی‌و پەڕگیری‌و تەنانەت دەمارگیریش ناکرێت؟ واتا ئایا ئەم ڕەفتارانەی ئەتاتورک زیاتر لەوەی سکولاری بێت، دوژمنایەتیکردنی ئایینی ئیسلام نییە؟**

**ڕەوف حەسەن:** بێگومان.. زۆر بەزەقی هەست بە هەردوکیان (دەمارگیری نەتەوایەتی‌و دوژمنایەتیکردنی ئایین) دەکرێت.. ئەگەرچی ئەتاتورک هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی مۆدێرنە نەک دوژمنایەتیکردنی ئیسلامەتی.. وەلێ من لەو بڕوایەدام لە مێژوودا تەنیا یێک جۆر عەلمانییەت نەبووە.. بەڵکو هەلومەرجەکان جۆری عەلمانییەتییەکەیان دیاریکردووە.. هەلومەرجی دوای ئیمپراتۆرییەتێکی داگیرکاری فراوانی بەناو ئیسلامی کە سەدان ساڵ لە ئەستەمووڵەوە حوکمڕانی وڵاتانی کردووە.. سەڵتەنەتێک کە لەڕووی ئابوورییەوە وێران‌و، بە (پیاوە نەخۆشەکە) ناودەبرا.. بەو توندڕەوییەی ئەتاتورکەوە نەبێت عەلمانیەت هەرگیز سەقامگیر نەدەبوو.. مۆتەکەی ئەو کولتووره قورس‌و گرانە بە بڕیارو هەنگاوی ڕادیکالیانەی بوێرانە نەبێت ناڕەوێتەوەو لانابرێت.. چونکە تا ئەو کاتەی مستەفا کەمال دەسەڵاتی گرتە دەست، گشت سوڵتان-خەلیفەکانی پێشوو زۆر بەتوندی دژی هەموو پێشکەوتن‌و گۆڕانکاری‌و گەشەسەندنێکی کۆمەڵایەتی‌و ژیاری دەوەستانەوە.. تەنانەت فەرمانیان بە سەربازو پۆلیسە نهێنییەکانیان دەدا هەر کتێب‌و دیکۆمێنتێکی زانستی‌و کۆمەڵایەتی ئەورووپیانە لای هەر کەسێک ببینن بیانسووتێنن‌و، خۆیشی بە تاوانی کوفرو ئیلحاد لەزینداندا توند بکەن.



ئەتاتورک ئامانجی ئەوەبوو دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی بەسەر دەوڵەت‌و کاروباری کۆمەڵەوە نەهێڵێت.. ئەوەبوو سیستمی سەڵتەنەت-خەلافەتی سڕییەوەو، کۆماری تورکیای دامەزراندو عەلمانییەتی چەسپاندو، ئایینی خستەوە نێو چوارچێوەکەی (ئیمانداری‌و خواپەرسی تاکەکەسی)و، لەهەمان کاتیشدا هەرچی تەکییەو خانەقای دەروێش‌و تەریقەتەکان هەبوو دایخستن‌و، دواتریش پۆستی (شەیخولئیسلامی) لابرد.. ئیدی کەمتازۆر وەزعەکە لەخەم ڕەخسا.. ئەوەبوو دوای نزیکەی سی ساڵ، لە سەردەمی (عەدنان مەندریس)دا ڕێگە درا بە عەرەبی بانگبدرێت‌و نوێژیش بکرێت.

پێدەچێت ئەم پاشەکشێ‌و جڵەو شلکردن‌و تەنازولاتانەی (مەندریس) بۆ ئایینی ئیسلام لە ئەنجامی سەرکەوتنی سۆڤییەت بەسەر نازیزم‌و فاشیزم‌و مەترسی زێتر بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیزم‌و شیوعییەتەوە لە تورکیادا بووبێت.. وێڕای ئەمانەیش ئیسلامی سیاسی لە تورکیا بەردەوام کەنەوەی خۆی هەر دەکردو.. لەم دە-پانزە ساڵەی دواییدا بەناوی ئازادی تاکەکانەوە تاوە ناتاوێ کێشەی لەچک (سەرپۆش) لە پەرلەمان‌و قوتابخانەکاندا دەوروژێنن.. وەکو بیانەوێ (جەسونەبز)ێکی سیستەمەکە بکەن.. وەلێ نە هەر دەسەڵاتی تورکی لەم کێشانەدا بەرامبەریان زۆر گیربوو.. بەڵکو زوربەی جاریش زۆر بەخراپی بەسەر خۆیاندا شکاوەتەوە.. وەک ئەو دیدارە تەلەڤزیۆنییە ئابڕووبەرەی لە ساڵی 2000دا لەگەڵ ژنە پەرلەمانتارە لەچک بەسەرەکەدا کرا کە لە هۆڵی پەرلەمان کردیانە دەرەوەو.. دواتر کامێراکە بۆی دانەوییەوەو هەر لەپاوپووزییەوە تا ناوگەڵی‌و ناوکیشی بەڕووتی نیشانی عالەم دا.. واتا دەرکەوت ئەمەی ئیسلامی سیاسی لەوێ دەیکات نە ئایینەو نە نامووس‌و حەیاو حیشمەتی ژنە.. بەڵکو گەمەیێکی سیاسی پەتییە!

ئەو عەلمانییەتەی ئەتاتورك‌و، هەلومەرجی عەلمانییەتی سەردەمی ڕۆمانی‌و یۆنانییێکان‌و، عەلمانییەتی (کۆموونەی پاریس)و، عەلمانییەتی یێکێتی سۆڤییێت.. لەگەڵ عەلمانییەتی قۆناغی بۆرژوای ئەمەریکاو ئەوروپای ئەم سەردەمەدا جیاوازی زۆریان هەیە.. لە ئەمەریکاو لە گەلێ لە وڵاتانی ئەوروپاشدا مەسیحییێکان خۆیان دەستپێشخەری‌و پێشەوایەتیان بۆ بە سێکیۆلاریزمی حوکم کرد.. وەلێ بەبڕوای من عەلمانییەت (تەنیا پرۆسەی جیاکرنەوەی ئایینە لە سیستمی حوکمڕانیی وڵات.. نەك دوژمنایەتیکردنی ئایین).. (مارکس) بە تیۆرە زانستییێکەی ئەمە لایەنەی بەتەواوەتی ڕوونکردۆتەوە، زۆر ڕادیکالانەش چارەسەری کردووە.. ڕەنگە دواییی پرسیارێکی زۆریشت لەم ڕووەوە هەبێت.. بە هەر حاڵ جارێ تەنیا ئەوەندە دەڵێم (**سێکیۆلاریزم‌و ئازادی مرۆڤ هاوواتای یێکن**).. ئەگەر نا ئەوا عەلمانییەتیش دەبێتە شێوازێك لە شێوازەکانی حوکمی (سیۆکراتی–ئاخوندەیی).. وەك حوکمڕانی خەلافەت‌و سەڵتەنەت‌و کڵێسە و...تد.

**سالار: کەواتە با وردەوردە بچینە نێو کێشە فیکری‌و زانستیەکانەوە.. بەپێی بیرو بۆچوونی مارکسیزم ئایین لەسەرەتاوە چۆن پەیدا بوو؟! ئایا وەک پێویستییەکی مەوزووعیانە لەو سەروبەندە دێرینەی بەشەرییەتدا ئایین تا چەند پێویست بوو، تا چەندیش ڕۆڵی خۆی گێڕا؟ واتا کورتە هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی ئایین‌و.. مارکسیش لە کتێبەکانیدا تا چەند توانیویێتی ئەم کێشەیە ڕوونبکاتەوەو چارەنووسی ئایین بە کوێ دەگەیەنێت؟**



**ڕەوف حەسەن:** خەتەرترین کارەسات بەنیسبەت ئایینەوە هەڵسەنگاندنە مێژووییەکەیەتی یان هەڵسەنگاندنە سۆسیۆلۆژییێکەیەتی.. چونکە هەردووکیان دەچنە نێو هەڵسەنگاندنی زانستیانەوەو.. بێگومان کارو لێکدانەوەکانی زانست لەسەر سروشت‌و ژیان (ئەم واقیعە) یەو، لەتەك لێکدانەوە ڕۆحی‌و لاهووتییێکان (میتافیزیك) دا تەنیا لەو خاڵەدا یێکدەگرنەوە کە هەر هەموو ئایین‌و ئەفسانەو ڕۆح‌و.. تد، بۆ سروشت‌و جیهان‌و مرۆڤ دەگەڕێننەوە.. واتا شتە مادییێکان دەکەنە سەرچاوەی ئایین.

پێش (مارکس) گەلێ فەیلەسوف‌و زانای وەك کانت‌و هیگڵ‌و نیچەو فیۆرباخ‌و.. تد، قسەیان لەمەڕ ئایین کردووە.. بەزۆری قسەی جوان‌و تەنانەت زانستیانەشیان کردووە.. وەك ئەوەی دەڵێن (مرۆڤ خواوەندی دروستکردووە)و، (خودی خۆی تیا بزرکردووە)و، (هێندە سیفاتی مەزنی بەو خواوەندە بەخشیوە وەك: هێزو توانا و ئیرادەی گۆڕانکاری.. هێندەیش لەشان‌و شکۆی خۆی کەمکردۆتەوەو خۆی کردۆتە کۆیلەییێکی بێدەسەڵات‌و گوناهکاری دەستی ئەو) و...تد.

(فیۆرباخ) لە ڕەخنەگرتنی (هیگڵ)دا باس لەوە دەکات کە خواوەندەکەی (هیگڵ) هەر مرۆڤەکەیەو سەرەوخوار کراوەتەوە.. بیرو خەیاڵی مرۆڤ خواوەندەکانی دروستکردووەو کردوونی بە هەموو شتێك‌و، خۆیشی کردووە بە هیچ.. ئەوی نەمرو جاویدان‌و دەسەڵاتدار کردووەو خۆیشی فەوتاوو نوقسان‌و چەپەڵ‌و کەنەفت‌و هیچ لەبارانەبوو.. هەموو سیفاتە مەزن‌و جوان‌و شکۆمەندە ئینسانییێکانی خۆی‌و، هەموو موقەدەراتێکی خۆیشی بەخشیوەو داوێتییە دەست ئەوەی خۆی دروستیکردووە.. ئەمەیش نامۆبوونە مەزنەکەی مرۆڤە لە کائینێکی دیکەدا.

لەڕاستیدا نەمبیستووە (مارکس) کتێبو دانراوێکی تایبەت بە ئایینی هەبێت.. تەنانەت هیچ باسو تۆژینەوەیێکی سەربەخۆی (مارکس)م دەربارەی ئایین نەدیوە.. (مارکس) دوایئەوەی تێزەکانی خۆی لەمەڕ (فیۆرباخ) نووسیو، کتێبی (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی) تەواوکرد.. ئیدی سەرقاڵی کێشە گەردوونییە چارەنووسسازەکان بوو.. ئایین لە کارەکانیدا جێگەیێکی دیاریکراوی سەربەخۆی نییە.. بەڵکو بەشێکە لە تێکڕای بیرو بۆچوونە گشتگیرەکانیو.. لەبەردەوامی کارکردنی لە بونیادی سەرمایەداریدا (لە جزوبەندەکانی –سەرمایە–)و، لە کتێبی (ڕەوشی یەهوودییەت)و، لە (ڕەخنەگرتنی فەلسەفەی هەق لای هیگڵ) دا.. کێشە ئایینییێکان ڕوونتر دەکاتەوەو ڕاشکاوانەتر لێیان دەدوێتو.. بەشی زۆری ڕەخنەکانیشی لە تیڕوانینو هەڵسەنگاندنی ڕووە ئایدیۆلۆژییەکەی ئایینە.. نەك لە ئایین وەك خۆی.

(مارکس) لەو باوەڕدا بوو ئایین بۆ سەردەمی دێرینی نەزانیو نەفامی بەشەرییەت زۆر پێویست بوو.. مرۆڤانی ئەو سەردەمە نەیاندەزانی ئەو دیاردانەی سروشتو ژیان چینو چۆن ڕوودەدەن.. خەونو خەیاڵ شتی عەجایەب بوون.. منداڵبوونیش.. برسێتیو نەخۆشیو پەتاو مەرگ، ترسو سامێکی ڕادەبەدەریان لەهەناویان دەخست.. هەروەها بەڵاو کارەساتە سروشتییێکانیش.. بوومەلەرزە، لافاو، هەورەبروسکە...تد، وێڕای دیاردە سروشتییێکانی دی.. شەوو ڕۆژو، بزوتنەوەی ئەستێرەو مانگو تەنە ئاسمانییێکانی دی.. نەزانینی نهێنی ئەمانە بەناچاری دەبوایە پەنایان ببردایەتە بەر دەسەڵاتێکی سەروو توانای بەشەر.. ئەو دەسەڵاتە (واتا ئایین، یان خواوەند)، وەك (مارکس)و هەروەها گەورە بیرمەندانی مێژوو (کومتو سان سیمۆنو ئەریك فرۆم و...تد) دەڵێن، وەڵامدەرەوەی



گشت پرسیارە زانستییێکان بوو لەمەڕ ئەو دیاردە سروشتییانە.. ئەویش بە یێك تاکە وەڵام: (خواوەند هەموویانی دروستکردووەو، هەر ئەویش هەڵیان دەسووڕێنێت) .

بەڵام زانست وردەوردەو هەنگاو بەهەنگاو وەڵامی یێك بە یێکی ئەوانە دەداتەوە.. ئەوسا بەڕەکە لەژێر پێی ئایین دەردێنێت.. واتا کاتێك مرۆڤ خۆی وەڵامی پرسیارە زانستییێکان دەداتەوە.. وەڵامو سیحرەکانی قامووسی ئاسمان بەتاڵ دەبێتەوە.

**سالار: هەروا بەئاسانی ئەم کەلتوورە ڕۆحییەی هەزاران ساڵە بەشەرییەت پابەندێتی.. بەپێشکەوتنی زانست هەرەسدێنێت؟**

**ڕەوف حەسەن:** (مارکس)و (ئەنگلز) بڕوایان بەوە نییە بەتەنیا پێشکەوتنی زانست دەبێتە مایەی کۆتاییهاتنی ئایین.. بەڵکو ئەوە لە قۆناغێکی دییدا ڕوودەدات.. لە قۆناغی شیوعییەت، یان سۆشیالیزمی زانستیدا.. وەلێ پێشکەوتنی زانست مەرجی بنەڕەتی دروستبوونی قۆناغەکەیشە.. ئێستاکە بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە، دەبینین گومانێکی زۆر لای خەڵکی دروستبووەو، ڕۆژبەڕۆژ گومانەکە قووڵتر دەبێتەوە.. ئەریك فرۆم دەڵێت: [ئەگەر بەشەرییەت توانی هێندە خۆراك بەرهەمبێنێت بەشی هەموو خەڵکی بکات.. ئیدی پێویست بەوەناکات لەپێناوی نانی ڕۆژانەدا نوێژبکەن].. (بڕگەیێکی نوێژی مەسیحییێکان داوای –نانی ڕۆژانە–یە لە خواوەند).. نانی ڕۆژانەیش شتێکە ئەگەر مرۆڤ بییەوێت دەتوانێت بە هەوڵو کۆششی خۆیو بە پشتی زانستو تەکنۆلۆژیا بەئاسانی پەیدای بکات.. ئەوەتا لە سەردەمانی نوێدا.. سەردەمی گالیلۆ، داروین، فرۆید،

(مارکس).. تد، ئایین بەشێکی زۆری لەو بنچینە مەعریفییەی خۆی لە دەست دا.. مرۆڤیش لە بوونەوەرێکی ئایینییەوە بەرەو بوونەوەرێکی عەقڵانی دەچێت‌و.. تا بێت زێتر لە سروشت‌و دیاردەکانی تێدەگات‌و.. زێتر بەسەر دیاردەکانیدا زاڵدەبێت‌و، کەمتر پەنا وەبەر لێکدانەوەی ئایینیانە (میتافیزیکیانە) دەبات.

دووبارەی دەکەمەوە کە نە (مارکس)و نە (ئەنگڵز)یش نوقڵانەی ئەوەیان لێنەداوە ئایین [تەنیا بەپێشکەوتنی زانستی لەنێودەچێت].. یان [یێکسەر دوای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیێکی میکانیکی نامێنێت].. چونکە بەپێی (مارکس) ئەو ئینسانەی ئایین (خواو لاهووت‌و میتافیزیك)ی دروستکرد، ئیدی وەك دروستکەر نەمایەوە.. بەڵکو دوائەوەی خۆی دایە دەستییەوەو تەسلیمی بوو، ئەوانە هیچیان لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا نەمانەوەو.. ئینسانە دروستکەرەکە خۆی بووە کۆیلەو پابەندی ئەو شتە وەهمیانەی دروستکراوی بیرو هۆش‌و داڵغەو خەیاڵی خۆی بوون.

کەواتە لابردنی ئایین لەنێو کۆمەڵگەدا کارو بەرنامەی گەورەی دەوێت.. ئەو بۆشاییەی ئایین پڕیکردۆتەوەو.. هەزاران ساڵە ژیان‌و هۆشی مرۆڤی داگیر کردووەو.. ئاسوودەیی‌و بەختەوەرییێکی ڕۆحی بۆ دەستەبەر کردووە، چۆن وا بەئاسانی دەستی لێهەڵدەگرێت؟! با سەرتاپای ئەو ئاسوودەگییە ڕۆحییە وەهمیش بێت.. دەبێت لەبری ئەو وەهمە هەلومەرج‌و ئەڵتەرناتیڤی ڕاستی‌و واقیعی بخرێتە شوێنی.. (مارکس) لە کتێبی (بەشداریکردن لە ڕەخنەگرتنی فەلسەفەی هەق لای هیگڵ) دا دەڵێت.. [لابردنی ئایین وەك ئاسوودەگییێکی *وەهمی* بە نیسبەت میللەتەوە، مانای داواکردنی بەختەوەرییێکی *ڕاستینە* دەبەخشێت.. کە تۆ



داوا لە ئینسان دەکەیت دەستبەرداری ئەو وەهمانە بێت کە دایناوە.. ئەمە خۆی لە خۆیدا داواکردنی نەهێشتنی ئەو هەلومەرجەیە کە پێویستی بە دروستکردنی وەهمە].. کەواتە تۆ بەرلەوەی داوای واز لە ئایین هێنانی لێبکەیت، دەبێت بارودۆخێکی وای بۆ بخولقێنیت بیر لەو وەهمانە نەکاتەوە کاتی خۆی پێویستی پێیان بووە.

لەڕاستیدا ئەمە ململانێ‌و کێشە بنەڕەتییێکەی نیوان فیکر (ڕۆح)و وجوود (مادە)یە.. ئەو بۆچوونە مارکسییە بێکومان بۆچوونێکی ماتەر (مادی)یانەیە.. سەرچاوەکەی لەوەوە هاتووە کە (مادە) بنچینەیەو خولقێنەریشە.. مادە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە سروشتدا هەن.. بە بێگیان‌و گیاندارەوە.. هەموو توخمەکان پێکهێنەری گەردوون‌و بوونەوەرەکانی نێو گەردوونن.. بە زەوی‌و خۆرو ئەستێرەو مانگ‌و پەروانەکانەوە.. هەروەها بە ڕووەك‌و زیندەوەریشەوە.. ئەمانە هیچیان فیکرو هۆش دروستی نەکردوون.. بەڵکو بەگەشەسەندنی مادە لە سروشتدا زیندەوەرو غەریزەکانی دروست بوون‌و.. بەگەشەسەندنی زیندەوەرو باڵابوونی غەریزەکان بیرو هۆش پێدەگات.. (مارکس)و (ئەنگڵز) لە کتێبی (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی)دا، باس لەوە دەکەن بەشەر خولقێنەری بیرو هۆشێتی.. [ئەوە هۆش نییە کە ژیان دیاریدەکات، بەڵکو ئەوە ژیانە هۆش دیاریدەکات].

بێگومان سەرچاوەی ئەم بۆچوونانەیش لەمەڕ پێشینەیی مادەو پاشینەیی فیکر، واتا بنەمای ئەم فیکرو فەلسەفە مادی‌و ئیلحادییەی (مارکس) دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسووفانی وەك (ئەبیکۆڕو سپینۆزاو فیۆرباخ‌و.. تد)، یان هەر هیچ نەبێت ئەوان ڕیشەی تەواوی ئەم بۆچوونانەیان داکوتا.. (مارکس) لە تێزەکەیدا لەمەڕ ئەبیکۆڕ

دەڵێت [ئەبیکۆر مرۆڤی لە خۆفی خوا ئازاد کرد].

**سالار: هەر بەم بۆنەیەوە کاتێ (پرۆمیسۆس) دەڵێت (ڕقم لە هەموو خواکانە).. (مارکس) بە جوامێرترین و پاکترین گیانبەختکردووی مێژووی فەلسەفەی دادەنێت.**

**ڕەوف حەسەن:** هێندەی لێی بزانم پرۆمیسوس لە میسۆلۆژیای یۆنانیدا وەك (ئاگردز) ناسراوە.. ئاگری لە خواوەندەکان دزیوەو داویتییە مرۆڤ تا بەکاریبێنێ و.. بەمەیش کەوتە بەر غەزەبی خواوەندەکان و سەختترین سزای درا.

پێدەچێت ئەو وتەیەشی کە (مارکس) ئاماژەی پێداوە.. وەك شکاندنی تەلیسمێك بکەویتەوە، کە بۆ یێکەمین جارە وتەییێکی وا بوترێت جورئەت بە خەڵکی ببەخشێت.. وتەیێك نەهەر ڕەخنە لە موقەدەسات بگرێت، بەڵکو ڕەتیشیبکاتەوەو، تەنانەت دژیشی بوەستێتەوە.. هەر لەم ڕووەوە (مارکس) دەڵێت [خەباتکردن دژی ئایین خەباتکردنە دژی ئەو دنیایەی بۆن و بەرامەی ئایینی لێدێت].. مەبەستی دنیای هەمەجی چینایەتییە.. ئەو دنیایەیە کە پرۆمیسوس تێیدا دژی خواوەندەکانی زەمین و ئاسمان دەوەستێتەوە.. هەر لەم بارەیەوە (دیدرۆ)ی فەڕەنسایی دەڵێت [هەر کە مرۆڤ لە ڕەخنەلێگرتنی (خواوەندی ئاسمان) دا سەرکەوت.. ئیدی سڵ لە ژێرەوزەبەرکردنی ئەو (خواوەندی زەمین و دنیا)ییەی مرۆڤایەتی دەچەوسێنێتەوە، ناکاتەوە].. چونکە ئەو دوانە پێکەوە خۆیان ڕادەگرن و پێکیشەوە هەرەسدێنن.. کەواتە پەسەند کردنی پرۆمیسۆس لای (مارکس) لە پێکەوە گرێدانی خواوەندانی زەوییە بە



خواوەندەکانی ئاسمانەوە.. کە هەر یێکەیان تەواوکەری ئەویدین.. بۆیێ بەلایەوە ڕەخنەگرتن لە ئایین مەرجی سەرەتایە بۆ هەموو ڕەخنەیێك.

**سالار: باشە ئەم ئایینانەی کە ملیارەها مرۆڤ پابەندیانن و، بەدرێژایی ئەم هەزاران ساڵەو تا ئێستەیش بەردەوامە.. بەڵای مارکسیزمەوە هیچ ڕووناکییەکو لایەنێکی پۆزەتیڤی تیایاندا بەدینەکردووە؟**

**ڕەوف حەسەن:** (مارکس) گەلێ جار ئاماژەی بەوە داوە: مەرج نییە ئەوەی زوربەی خەڵکی لەتەکدایە ڕاست و دروست بێت.. ئەوەی (مارکس) لەمەڕ ئایین کردویێتی خوێندنەوەییێکی ڕەخنەگرانەی ئاوەزئامێز (عەقڵانی)یە، نەك هێرشکردنە سەرێکی دوژمنانە بۆی و.. تەنانەت لەچاو مارکسیستەکانی دی و گەلێ لە فەیلەسووفەکانیش کەمتر بایێخی بە ئایین داوەو، وەك ئەوان هێندە بەهەندی وەرنەگرتووە.. لەمەش واوەتر.. هەروەکو ئاماژەمان پێدا ئایین لای (مارکس)و مەزنە بیرمەندانی جیهانی بۆ سەردەمێکی بەشەرییەت و وەك وەڵامدەرەوەی پرسیارە زانستییێکانی سروشت و ژیان پێویست بوو.. نە هەر ئەمەیش بەڵکو (ئەنگڵز) بە وەحی وەرگرتنەوە لە (مارکس) ئاماژە بە لایەنی شۆڕشگێڕی و پۆزەتیڤانەی ئایین دەدات.. بەتایبەتی لە چەرخەکانی ناوەڕاستداو لە جۆشدانی شۆڕشی جوتیاراندا لەڕووی تێکۆشان و یاخیبوون و بەرەنگاریکردن و هاندانی جەماوەرو ناڕەزایی دەربڕینەوە.. واتا مارکسیزم کەمتازۆر ڕێزی لە لایەنە پۆزەتیڤ و گەشەدارەکانی ئایین کرتووە.

**سالار: فالح عەبدولجەبار دەڵێت: (مارکس) بەنیازبوو مێژووی ئایینەکان بنووسێتەوە، بەڵام مەرگ بواری پێنەدا ئەو پرۆژەیە بەئاکام بگەیەنێت.. لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانیاریە لێرەدا دوو پرسیارمان هەیە:**

**1- ئایا ئەوە بەڵگە نییە بۆ گرنگی ئایین لای (مارکس) کە ئەو بایەخەی پێداوەو ویستویەتی مێژووەکانیان بنووسێتەوە؟**

**2- لەسەر بنەمای خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی مارکسیزم، هەندێ باسی سەرهەڵدانو دروستبوونو گەشەسەندنی ئایینت کرد.. ئەی لەداهاتوودا چارەنووسی ئایین بەلای (مارکس)ەوە چۆن دەبێت؟**

**ڕەوف حەسەن:** بەڕاستی ئەوەیان نازانم داخۆ (مارکس) نیازێکی وای هەبووە یان ناو.. پێیشموایە فالح عەبدولجەبار لە من باشتر ئاگای لەو مەسەلەیە هەبێت.. لێ ئەوەندەی لەم بارەیەوە دەتوانم بە دڵنیاییەوە قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە.. (مارکس) زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری هەردوو ئایینی (جوولەکەو مەسیحی) بوو.. هەموو خوێندنەوەو ڕەخنەکانیشی بە پلەی یێکەم لە سنووری ئەو دوو ئایینەدا بوو.. ئەمە جگە لەوەی خوێندنەوەی زانستیانەی خۆی هەبووە لەمەڕ مێسۆلۆژیاو ئەفسانەو لاهووت (میتافیزیک بەگشتی).. بەڵام بەنیسبەت ئایینی ئیسلامەوە (بەتایبەتی) شتێکی ئەوتۆی نییەو، دەتوانرێت بۆچوونەکانی لەمەڕ میتافیزیکو ئایینەکان بەگشتی بەسەر ئەم ئایینەشدا لە زۆر ڕووەوە بچەسپێت.. چونکە بنەما گەوهەرییەکانی ئایینەکان هەر ئەوانە بوون ئاماژەمان پێدان..



فیکر، هۆش، ڕۆح (خواوەند) خستنە پێش هەبوون (مادە-وجوود)ەوە.. دروستکردنی مادەو زیندەوەر لە شەش ڕۆژدا لەلایەن خواوە...تد، بە پێچەوانەی بۆچوونە مادییە زانستییەکانەوە.. کە سەرتاپای گەردوونو زیندەوەران لەلایەن سروشتەوەو بەملیارەها ساڵ دروستبوونو.. لەمەدا تیۆرییەکەی (داروین) لەمەڕ (نەژادی جۆرەکان).. کاریگەرییەکی بێهاوتای هەبوو لەڕوونکردنەوەی گەشەسەندنی ژیانو زیندەوەرەکانی سەر ئەم گۆی زەمینە.. ئەوجا پێگەیشتنی فیکرو هۆشو.. هەورووەها دروستکردنی ڕۆحو خواوەند لە هزری مرۆڤدا.

لەبەر ئەوەی دیدارەکەمان لە چوارچێوەی (مارکسیزمو ئایین)دایە، پێویست ناکات لێرەدا هەموو تێزە ماتەریالیزمەکانی مارکسیزم شیبکەینەوە.. هەروەکو پێویستیش ناکات هەموو ئایین (لە ئیبراهیمەوە تا محەمەد) باسبکەینو.. تەنانەت پێش ئەوانیش لە بتو پەیکەرەکانەوەو.. هەروەها ئایینو فەلسەفەکانی هندستانو چینو ئێران (هندۆسی، بوودایی، کۆنفۆشیۆسی، تاو (لاوتسی)، میتری، مەزدەیی، زەردەشتی.. تد)و.. پەیوەندییە دژو تەباییەکانی نیوانیان.. هێندەی لێرەدا پێویست بێت ئەوەیە.. سەرەتا چ بتپەرستی بووبێت، یان خواوەندە زهنییەکانی نێو ئەفسانە یۆنانیو ڕۆمانییەکان.. واتا پێش یێکتاپەرستی کەمتازۆر ئازادی مرۆڤ لەئارادابوو.. ئەوان نەبووبوونە عەبدی تاکە خواوەندێك کە سەرتاپای ژیانو مەرگو هۆشو دەروونو کردارو ویستیانی قۆرغکردبێت.. کەواتە لە فرە ئایینیو فرە خواوەندێتیدا شکۆمەندیو تایبەتمەندی مرۆڤ پارێزراوتر دەبێت.. پێشکەوتنی فیکریو فەلسەفی یۆنانییەکان بەهۆی فرە خواوەندییەوە بوو نەك تاكو تەنهایی یێزدانەوە.. ڤۆڵتێر دەڵێت [ئەگەر تەنیا یێك ئایین لە ئنگلتەرەدا هەبوایێ ئەوە ستەمەکەی تۆقێنەر دەبوو..

ئەگەر دوو ئایین هەبوایە، یێکێکیان ئەویدی وێراندەکرد.. وەلێ لەبەرئەوەی 30 سی ئاییینی تێدایە.. ئەوا هەموو پێکەوە بە ئاشتیو دڵنیایی دەژین].

بۆ وەڵامی بڕگەی دووەمی پرسیارەکەشتان سەبارەت بە دواڕۆژی ئایین لای (مارکس).. ئایین لای (مارکس) سەرخانێکی بەهێزی بنەما ئابوورییێکەی کۆمەڵگەی چینایەتییە.. چارەنووسیشی پابەندی چارەنووسی ئەو سیستمە بەربەرییەیە.. بە هەرەسهێنانی سیستمەکەو سەقامگیر بوونی سیستمێك جیاوازییە چینایەتییێکان بسڕێتەوە، ئاییینیش وردەوردە لەتەکیدا دەپووکێتەوە.

**سالار: واتا لە سیستمی عەلمانییەتدا (لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە چینایەتییەکە هەر وەکو خۆیەتی).. ئایین وەک سەرخانو وەکو خۆی بەردەوامە؟**

**ڕەوف حەسەن:** بەڵێ.. لای (مارکس) عەلمانییەت چارەسەری کێشەی ئایین نییە.. (مارکس) وێڕای ڕێزی زۆری بۆ ئەو بیرمەندە سۆسیۆلۆژیانەی ئیستەرەم لەسەر بەعەلمانیکردنی دەوڵەت دەکەنو، هەروەها لە خودی دەوڵەتی عەلمانیدا ئەوە خەڵکی نییە کە لە ئایین قوتاربوون.. بەڵکو تەنیا خودی دەوڵەتە ئازادی سیاسی خۆی لە مۆتەکەی ئایین وەدەستهێناوە.. تەنانەت کاتێ (مارکس) لە کتێبی (ڕەوشی جوولەکایەتی) دا، لە ڕەخنەگرتنەکانیدا لە عەلمانییەتو جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت قوولتر دەبێتەوە.. واتا لە مانەوەی ئایین لای هاووڵاتیان لە لاییێکو، مانەوەی دەوڵەت لەسایەی بۆرژوادا لە لاییێکی دی.. (مارکس) لەو بڕوایەدایە ئەو دەوڵەتە هەر بە دەوڵەتێکی ئاییینی دادەنرێت.



**سالار: لەمەوبەر وتت گوایە "مۆدێرن لای (مارکس) بەرهەمی بۆرژوازییەتە".. مۆدێرنو (عەلمانییەت) یش هاوواتای یێکدین.. بێگومان لەم حاڵەتەدا دەبێت عەلمانیەت وەک سیستمی حوکمڕانی سەرمایەداری لای خودی (مارکس)و مارکسیزم ڕەتبکرێتەوە! وانییە؟**

**ڕەوف حەسەن:** یێکەم.. بۆرژوا وەك قۆناغێکی پێشکەوتوو ڕێزو باییێخێکی لەڕادەبەدەری لای (مارکس) هەبووە.. چونکە بەبێ پەیدابوونی ئەو چینو قۆناغە، دامەزراندنی سۆشیالیزم مەحاڵەو، بەشەرییەت هەرگیز پێی تێناخات.. ئەی هەر ئەوە نەبوو بووە مایەی هەرەسهێنانی سۆڤییێتو بلۆکی بەناو سۆشیالیزمی؟! چۆنکە هەر وەکو لە دیدەنییێکەی پێشوومدا ڕوونمکردەوە.. ئەو سیستمانە بە قۆناغی سەرمایەداریدا نەڕۆشتبوون.. واتا دەورە مێژوویێکەیان نەبڕیبوو.. بە بازدانێکی نا دایلەکتیکیانەو، لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا ویستیان گۆڕانکاری بکەنو.. بنیاتی سۆشیالیزمی بنێن.. بێگومان ئەنجام هەر دەبێت ئەو ڕێبازە بگرێتەبەرو، لەنێو ئەو سیستمانەی خۆیاندا کە ناوی سۆشیالیزمیان لێنابوو، وردە وردە بەرەو سەرمایەداری بچنو.. تەنانەت ((لێنین)) وتەنی بگەنە بەرزترین پلەی سەرمایەداری (کە ئمپریالیزمییە).. ئەوجا بە وەرچەرخانی سۆشیالیزمیانە دەتوانن لە بەربەرییەتی چینایەتی (سەرمایەداری) قوتاربن.. ئەمەیان وا.

بەنیسبەت سیستمی حوکمی عەلمانیشەوە.. لەبەرئەوەی چەوساندنەوە چینایەتییێکە هەر بەردەوامەو، تەنیا لەڕووی سیاسییێوە دەوڵەت –نەك میللەت– لە ئایین قوتاردەبێت، ئەوا میللەت هەر پابەندی

ئایین‌و واقیعەکەی خۆیەتی.. ئەو واقیعەی هۆکاری خولقاندن‌و بەردەوامبوونی ئایین‌و هەموو وەهمە خۆشەکانی دییشە.. (مارکس) بەپێچەوانەی فیۆرباخەوە، مەردوم لە چوارچێوەو ڕەوتی پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌و ئایینییەکەی خۆیدا دەخوێنێتەوە.. نەك وەك ئەو کە لە بازنە ئایینی‌و نامۆبوونە زاتییەکەی نێو ئاییندا دەیهێڵێتەوە.. ئینسان لای (مارکس) بوونەوەرێك نییە وابەستەی دەرەوەی ئەم جیهانە بێت.. (ئینسان خۆی جیهانی ئینسان‌و دەوڵەت‌و کۆمەڵیشە).. هەر بەم پێیەش تێکۆشان‌و ڕەخنەگرتن دژی ئایین لای (مارکس)، بەشێوەییێکی ناڕاستەوخۆ تێکۆشانە دژی ئەو دنیا واقیعەیەی خەرمانەی پیرۆزی لە دەوری ئایین گێڕاوەو، بە ئاسوودەگی ڕۆحی دادەنێت.. [بۆئەوەی وەهمی ئەو ژیانە خۆشەی ئەوە دنیا (بەهەشت–ئاسمان) نەهێڵیت.. پێویستە ژیانێکی ئاسوودەو باشتری هەقیقی لەسەر زەوی بهێنیتە ئاراوە.. تا چیدی مرۆڤ پێویستی بەو وەهمە نەبێت].. لەبەر ئەوە (مارکس) بەپێویستی دەزانێت‌و، دەبێت ئەو سیستمە دنیاییە هەڵتەکێنرێت کە ئەو وەهم‌و نامۆبوونە ئایینییە بنجی لەسەر داکوتاوە.. ئەویش بێگومان سیستمی سەرمایەدارییەو.. (مارکس) بەبەراوردێکی زۆر جوان‌و زیرەکانە ئەو حاڵەتە دەخاتەڕووو.. دەڵێت: [لە ئاییندا ئینسان بە زەینی خۆی بت (خواوەند) دروستدەکات.. لە سەرمایەداریشدا بە دەستی خۆی بت (کالا–کەلوپەل) دروستدەکات].. هەردوکیان (خواوەند–کالا) لە مرۆڤە خولقێنەرەکەیان جوداو سەربەخۆن‌و.. دابڕاو لەو ڕەنجەی تێیاندا دراوە.. هەر یێکەیان (بەها–نرخ) یان (توانست–زەبر–زاڵی)ی خۆیان تێدایە.. ڕوونتر بڵێم چۆن سەرمایەدار هێزی بەرهەمهێنان دەکاتە کالاو، مرۆڤە دروستکەرەکە (کرێکارەکە) پێی نامۆیە.. چۆن هەموو هیزی جەستەو توانای بیری خۆی دەداتێ تا



دروستی دەکات.. ئاواش مرۆڤ هەموو سیفەتە جوانەکانی مرۆڤی بەخشی بە نادیارێك‌و لە خۆیی جیاکردەوەو ناوی لێنا (یێزدان).. ئەمجا خۆی وەك گوناهبارێك خستە قەباڵەیەوەو کەوتە پەرستنی.. هێزی ئەم (یێزدان)ەو، ئەو هێزە شاردراوەیەی لە (کالا) کاندا هەن بەلای (مارکس)ەوە هەردوکیان یێك شتن‌و دەستکردی مرۆڤن.

ئیدی لێرەوە مرۆڤی ئیماندار دەست لە خودی خۆی دەشواو.. هیچ بەهاییێك بۆ خۆی دانانێ‌و بەتەواوی تەسلیمی بوونەوەرێکی وەهمی دەبێت.. بۆیێ فیۆرباخ دەڵێت (پێویستە هەرچی ئەو سیفاتانەی ئینسان لە خۆیی داماڵیوەو بەخشیوێتی بەو.. هەمووی بۆخۆی بگەڕێنێتەوە) .

ئەمە شیعر نییە.. ئەمە ئەوەنییە گۆران دەڵێ (چی بنووسم خوایە هێزی ئینشاییێك!).. ئەمە سیستم‌و دامەزراوێکە لەسەر وەهم بنیاتنراوەو لە واقیعدا زەبر دەنوێنێ.. ئەو بەرائەتەی لە داستان‌و ئوستوورەو خەونەکانی سەرەتاو منداڵێتی بەشەرییەتدا هەبوو.. نەما.. ئایین هەمووی کردە ڕێکخراوێکی تۆکمەی دژوار لە وەهم‌و واقیع‌و بۆ مەبەستی تایبەت‌و دیاریکراوی خۆی خستویێتییەگەڕ.

**سالار: ئەو مەبەستە تایبەتییە چییە؟! ئایا هەر ئەوە نییە لەنێو خەڵکیدا بەگشتی زۆر بڵاوە؟ مەبەستم لەو وتەیەی (مارکس)ە لەسەر ئایین.. وتوێتی گوایە (ئایین تلیاکی گەلانە).. واتا مەبەستەکەیان هەر بێهۆشکردنی خەڵکەکە نییە؟**

ڕەوف حەسەن: ئەمە ئەو وتەیە نان‌و پیازێکی زۆرتری لە مەبەستە

ڕاستەقینەکەی خۆی پێوە خورا.. بۆ؟

یێکەم: لەبەرئەوەی وتەکە لای نەیارانی (مارکس) وەك ڕووکەش ئاسانو ڕاسەوخۆ دیارەو پێویستی بەبیرکرنەوەو چوونە بنجو بناوانەوە نییە.

دووەم: شوپهاندنی ئایین بە تلیاك کە شتێکی قەدەغەو ناچیزەیە، بەئاسانی دەتوانرێت بکرێتە بیانوویێك بۆ سووکایەتی بە ئایین کردنی (مارکس).. لەهەمان کاتدا بۆ جۆشدانی ئیمانداران بەرەو نەبەردی جیهادو غەزاکردن دژی مارکسیستان.. لەکاتێکدا هەموومان —بەتایبەتی باوەڕداران— دەزانین (نیچە)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی بەدەیان عیبارەتی — زۆر لەمەی (مارکس) توندو تیژتری— دژ بە ئایین هەیەو.. هیچیان وەك ئەم عیبارەتە نەرمەی (مارکس) ژاوەژاوو هەڵلای نەنایەوە.. بیگومان لەبەرئەوەی ئەمەی (مارکس) زۆر جیددیو زانستیانەیەو مەبەستداریشە.

مایەی سەرسوڕمانە کە ئیسلامییێکان لە مەسیحییێکان زێتر ئەو قسەیەیان قۆستەوەو، بۆ دژایەتی مارکسیزم بەکاریان هێنا.. کە لە بنچینەدا بۆ مەبەستو مەراسیمێك وتراوە تەنیا لای مەسیحییێکان هەیە.. ئەویش ئەو ددان بە گوناهدانانەیە لەسەرەمەرگو لەبەردەم پاپادا دەیکەن.. بۆ سەبووریدانەوەی ڕۆحی خۆیان.. ئیدی لەمەوە واتاکەی گشتگیرتر دەبێتو.. دەتوانرێت ئەو تلیاکە بەرامبەر وشەگەلێکی هاوواتای وەك (ملکەچیو قایلبوونو خۆبەدەستەوەدان، فریودانی ئایدیۆلۆژی، خۆدزینەوە، بیانووهێنانەوە، ئامانجداریی، هێورکردنەوە، دواخستنو دەسیدەسی پێکردن، سەبووریدانەوەو دڵنەوایی، هەڵاتن لەم دنیایە، ڕازیبوون بە ستەمدیدەیی، وادەی ئەوە دنیاو چاوەڕوانکردنی ئەجرو پاداشی قیامەتو.. تد).. دابنرێت.



(مارکس) لە گۆڤارێکی ئەڵمانی فەڕەنسیدا دەڵێت: (ئایین تلیاکی میللەتە)، نەك (میللەتان).. لە بەرگی سێیەمی (کۆبەرهەمی) (مارکس)و (ئەنگلز)دا هاتووە: [ئایین تلیاکی گەلەو.. سڕینەوەی ئایینیش بەو سیفەتەی دڵنیاکەرەوەیێکی وەهمییە، مانای داواکردنی ڕەخساندنی دڵنیاییو خۆشگوزەرانییەکی ڕاستینەیە.. ئەمە.. ڕەخنەیە لە دۆڵێکی پڕ لە فرمێسك].. ئەم گوزارەیە —ئایین تلیاکی گەلە— لە بنچینەدا (مارکس) لە (کانت)ی وەرگرتووەو.. بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە وتراوە.. کە دەشێ نە هەر بۆ کریستیان، بەڵکو بۆ گشت بیرو بڕواو ئایینێکی دییش بەکاربهێنرێت کە مەلاشووی شوێنکەوتوانیان بەوە هەڵدەدەنەوە گوایە ویستی گۆڕینی ئەو ژیانە پڕ مەینەتییە چیدی لە دەست مرۆڤدا نەماوە.. تەنیا لە دەسەڵاتو ئیرادەیێکی ئاسمانیدایەو.. دیارە ئەم ستەمو ئازارانە ویستی خواوەندەو، باشتر وایە ملکەچی فەرمانی خوابین.. هەروەکو سەرکردەیێکی ئیسلامی کورد وتبووی (ئەوەی دژی سەدام حسێن بێ، دژی ئیرادەی خوایە!).. بەو جۆرە (تلیاکە) پاکانە بۆ هەموو ملهوڕێتیو بەربەرییەتێکی دەسەڵات دەکەنو، دەبێ شان بدەینەبەر زوڵمی دەسەڵاتداران (خەلیفەو، سوڵتانو، ئیمپراتۆرو، شاهنشاو، مەلیكو، سەرەك کۆمارو، والیو، میرو.. تد).. ملکەچکردن بۆیان لە یاخیبوونو بەربەرەکانێ کردنیان باشترەو.. گوایە ئەمانە سزای دادوەرانەی خواوەند بەسەرماندا دەدەن بەرامبەر بەو گوناهانەی ئێمەی (عەبدو ڕەعیەت) کردوومانو دەیانکەین.. ئەوە حیکمەتی خوایەو.. (خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا)و.. تد.

هەموو ئەمانە باشترین بیانوو دەدەنە دەست زۆردارانو، هەل بۆ هەموو سوڵتانەکان دەڕەخسێنن بۆئەوەی (ئایین) وەك بەهێزترین (تلیاك) بۆ

خەڵکی بەکاربێنن، تا ملکەچی زوڵمەکانیان بن‌و.. ستەمە دنیاییێکان قبووڵکەن، تاکو لەوە دنیا خوا قەرەبوویان بۆ بکاتەوە.. باشە توخوا تلیاککێشان هەزار هێندەی ئەم حاڵەتە خەتەرناکە پڕ شەرمەزارییانە باشتر نییە؟!

**سالار: کەواتە تەنیا لە کۆمۆنیزمیدا مرۆڤایەتی لە ئایین (میتافیزیک بەگشتی) ئازاد دەبێت؟**

**ڕەوف حەسەن:** وەك ئازادبوونی تەواوی بەشەرییەت لە ترس‌و خۆفی شتە نادیارو وەهمەکانی ئەودیو سروشت‌و.. قوتاربوونی لە کۆیلایەتی بەتەمابوونی ئەوە دنیاو.. ڕزگاربوونی ڕۆحی نامۆبووی مەردومەکان لەم دنیا هەمەجییەو لەم ژیانە بێمروەت‌و بێ دڵ‌و بێ گیانەی سیستەمە چینایەتییێکان سەپاندوویانەو.. ئایینیان تێدا کردۆتە دڵ‌و گیانی سەبووریبەخش.. پێویستی بەوە هەیە سەرتاپای هەڵگێڕێ‌و ژێرەوژەبەر بکرێ.. تا مرۆڤ –(ئەنگلز) وتەنی– لە مەملەکەتی عەبدایەتییێوە بەرەو مەملەکەتی ئازادی بچێ.. ئەمە بانگەشەیێکی عەقڵانییە بۆ ئەم دنیایە، نەك بۆ ئەوەدنیا (قیامەت–ئاسمان).. ڤۆڵتێر دەڵێت: [بەڵێ بەختەوەریی مرۆڤ لەسەر زەوی شتێکی مومکینەو، ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە دنیابین لێی بەهرەمەند بین].. بێگومان ئەم مەملەکەتی بەختەوەری‌و ئازادییە لە هیچ سیستەمێکی چینایەتیدا بۆ بەشەرییەت ناڕەخسێت‌و.. تەنها لە گۆمەڵگەی سۆشیالیزمی زانستی (شیوعی) دا فەراهەم دەبێت‌و، ئەو زەواجی موتعەیەی نیوان ئایین‌و سیستەمی چینایەتی بە تەڵاقدان دەچێ.



**سالار: دیارە مەبەستت لە زەواجی موتعەی نیوان سەرمایەداری‌و ئایینەکانە.. بەڵام ئەوەتا هەموو ڕەوتە ئیسلامییەکان بە توندڕەوو میانڕەویانەوە نەفرەت لە ئیمپریالیزم بەگشتی‌و ئەمەریکا بەتایبەتی دەکەن‌و، بە شەیتانی مەزنی دادەنێن!.**

**ڕەوف حەسەن:** من زۆر خاترم گرتن‌و ڕاشکاوانە نەموت زەواجی شەرعی! لێرەدا لەبری وەڵام من لەتۆ دەپرسم: ئایا هەتا ئێستەیش هیچ سیستەمێکی سێکیۆلاریزمی سەرمایەداری دەستبەرداری ئایینی مەسیحی‌و جوولەکە بووە؟ ئایا هیچ سیستەمێکی گەندەڵی ئەم ڕۆژهەڵاتە بە دەستوورو ئاڵاکانیشیانەوە –بەڕاستیان بێ یان درۆ– ئایینی ئیسلام تا بینەقاقایان نەهاتووە.. ڕەنگەکانی ئاڵاکانیان‌و ئەو هەموو شایەتمان‌و، ئەڵڵاو ئەڵڵاهوئەکبەرو، شمشێرو.. مانگ‌و.. تد، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئایینەکە نین؟ خادیمولحەرەمەین‌و عەبدوڵڵاهولموئمن‌و ڕووحوڵڵاو ئایەتوڵڵاو.. تد، چین؟ تەنانەت ئەوسیستەم‌و حیزبانەی گوایە عەلمانی‌و تەنانەت سۆشیالیزمیشن –بەعس وەك نموونە– هەر کە نابووت دەبن نەك (ئەڵڵاهو ئەکبەر و...تد) لە ئاڵاکانیاندا دەنووسن، بەڵکو میللەتکوژییێکانیشیان بەناوی ئەنفال‌و قادسیەو.. تد دەکەن.. ئایا کۆڵەکەیێکی بنچینەیی هەر هەموو ئەو سیستەمانە هەر ئایینەکان نییە؟ ئەی لەمەوبەر ئاماژەی تەواوم بە نموونەکەی (مارکس) نەداو، لێکچواندنی هەردوو بتەکان (کاڵا)ی سەرمایەداری‌و (یێزدان)ی ئایین‌و (بەها)و (قودرەت)ەکەی ناویان.. ئەی خودی ئایین سەرخانێکی بنکەی ئابووری‌و شێوازی بەرهەمهێنانی سیستەمە چینایەتییێکان نییە؟

بەنیسبەت ڕەوتە ئیسلامییێکانیشەوە.. پێمباشە.. یاخود ناچارم هەندێ لایەنی ئەم کێشەیە ڕوونتر بکەمەوە.. من لەو باوەڕەدام ئیسلامییێکان بە گشت ڕەوتەکانیانەوە زیرەکانە کاری خۆیان دەکەن.. ئەوان زۆر باش دەزانن هیچ فیکرو فەلسەفەیێك هێندەی مارکسیزم بەرامبەر بە ئایین و دەسەڵاتە سیۆکراتییێکان (ئاخوندەیی و پاپایی و.. تد) خەتەر نین.. ئەوان شەڕی ژن و مێردایەتی لەگەڵ هەموو ئەو سیستمە سەرمایەداییانەدا دەکەن و.. زۆر جار لە جوێن و فەزیعەتیش تێیدەپەڕێنن و لەیێکدیش دەدەن.. وەلێ ئەمانە تەنانەت وەك ژن و مێردی ئاساییش هەگیز نایگەیێننە تەڵاقدان.. هەموومان ئەو موغازەلەو تێکئاڵانەی فێندەمێنتالیستەکانی تالیبان و ئەمەریکامان لەبیرە چۆن پێکەوە دژی سیستمی شێوە ئیشتیراکی ئەفغانستان دەجەنگین و.. بە چەکی قورسی ئەمەریکاوە جیهادییان بۆ پاراستنی سەرمایەداری دەکردو.. لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکادا بە مەزنە (موجاهیدین) ناو دەبران.. ئیسلامییێکان –نەك موسوڵمانان– پێیان شەرم نییە لەگەڵ شەیتانیشدا – خۆیان ئەم ناوەیان لە ئەمەریکا ناوە– دژی شیوعییەت، یان مارکسیزم یێکبگرن.. ئەگەرچی (مارکس) ئیعلانی جەنگی بەرامبەر ئایین نەکردووەو.. تەنیا خوێندنەوەیێکی ماتەرلیزمیانەی بۆ ئایین کردووە.. چونکە بەلای (مارکس)ەوە ئایین –وەك وتمان– دیاردەیێك یان خەسڵەتێکی کۆمەڵگەی چینایەتییەو.. (مارکس) جەنگی دژی ئەو کۆمەڵگەیە بەرپاکرد.. بەڵام هەروەکو چۆن سەرمایەداری (کاپیتالیزم) بۆ پاراستنی سیستمەکەی ناهەقی نییە لەگەڵ شەیتان –میحوەری شەڕ– یشدا یێکبگرێت.. ئیسلامییێکانیش لەبەرپاکردنی جەنگ دژی مارکسیزم ناهەقیان نییەو.. بگرە دەبێت پەیوەندی ستراتیژیشیان لەنیواندا هەبێت..



چونکە بە هەرەسهێنانی سەرمایەداری (وەك ژێرخانی ئابووری) ئایینیش (وەك بەهێزترین سەرخانی ئەو سیستمە) هەرەسدێنێت.

**سالار: تا ئێستە کۆمەڵێک لەو بیرو بۆچوونە ڕادیکالییە گەوهەرییانەی مارکسیزمت لەمەڕ ئایین ڕوونکردەوە.. ئەڵبەت ئەو مارکسیستە کوردانەی لەنێو ڕیزەکانی حیزبی شیوعیدا بوون و، تەنانەت ئەوانەش خۆیان لەدەرەوەی حیزبدا بە مارکسی، یان چەپڕەو دەزانی.. دەبوایە پەیڕەوی ئەو بیرو بۆچوونانەیان بکردایە.. بەشێوەیێکی گشتی نەک هەر نەمان بینین پابەندی ئەو پێڕەوانە بن.. بەڵکو وەک هەر موسوڵمانێکی ئاسایی ڕەفتاریان دەکرد.. زوربەیان نوێژیان دەکردو بەڕۆژوو دەبوون و، هەندێکیان دەچوونە حەجو.. تەنانەت لە هەندێ هەڵوێستدا لە خەڵکی دی زیاتر بەتەنگ داب و نەریتی کۆمەڵایەتیشەوە بوون و...هتد، ئایا ئەمە ناودەنێیت چی؟! دژواری؟ دووڕوویی؟ تێنەگەیشتن لە مەبدەئەکە؟ چی؟!**

**ڕەوف حەسەن:** ئەم قسەیەت نە هەر بەنیسبەت کوردە کۆمۆنیست و چەپەکانەوە ڕاست و دروستە، بەڵکو بەنیسبەت کۆمۆنیستە عەرەب و فارس و تورك و گشت نەتەوەکانی دی وڵاتە ئیسلامییێکانەوە دروست و بەجێیەو نکوولی لێناکرێ.. لەوانەیە لەنێو کۆمۆنیستەکاندا کەسانێکی گەلێ زۆر هەبن لەڕووی ئایینەوە تەنیا ئەوەندە لە مارکسیزم تێگەیشتبن کە شیوعێتی مولحیدییەو هیچی دی.. واتا فریان نەبووبێت بەسەر وردەکارییە زانستی و فیکرییێکانی مارکسیزمەوە لەمەڕ ئایین.. کە بەپلەی

پێکەم من لێرەدا ئەمەیانم مەبەستە.. چونکە گرفتی گەورەی مارکسیستەکان وەك لەوەوبەریش باسمکرد دەگمەنی یان هەر بەتەواوی نەبوونی سەرچاوەی فیکریو فەلسەفی مارکسیزم بوو لە دەڤەرەکەدا لەلاییێكو.. لەلاییێکی دییەوە نزمی ئاستی خوێندەواریی زوربەی هەرە زۆری جەماوەرەکە بوو.. کەواتە لێرەدا دوا بڕگەی پرسیارەکەشت وەك (تەنیا تێنەگەیشتن) دەسەلمێنم، بێئەوەی پەیوەندی بە ڕەفتارەکانیانەوە هەبێت.. وەلێ ئەو ڕەفتارو مەراسیمو سرووتە ئایینانەی مارکسیستەکان پێڕەویان کردووە، نە پەیوەندییان بە دووڕوویی و دژوارییەوە هەیەو، نە بە تێنەگەیشتنی دیدو بۆچوونی مارکسیزمەوە هەیە.. من باش دەزانم تۆ ئەو پرسیارەت بۆچی کردووەو، خۆت وانیشاندەدەیت گوایە لەو ڕەفتارە ئایینیانەی مارکسیستەکان سەرسامیت! دەزانم بەلای تۆو هەموو مارکسیستێکی هۆشمەندەوە ئەوانە ڕەفتارگەلێکی زۆر ئاساییین.. من لە تۆ دەپرسم ئایا کەسێکی مارکسی دەوڵەمەند لەم سیستمە چینایەتییانەدا هەیە –کە کەسی وا دەوڵەمەندو لەهەمانکاتدا تێکۆشەریش لەنێویاندا زۆر دەگمەنن‌و.. ئەگەر هەشبن بەزۆری لەڕێی خیانەتکارییێوە دەوڵەمەند بوون– ئەگەر ئەو مارکسیستە تێکۆشەرە دەوڵەمەندە هەموو سامانەکەی نەبەخشییەوە بەناو خەڵکیدا.. بە دووڕووو تێنەگەیشتوو دادەنرێ؟! بێگومان دەبێ ئەو کەسە زۆر ئەحمەق بێت‌و هیچیش لە مارکسیزم نەزانێ، ئەوجا کارێکی وەها گەوجانەی لێبوەشێتەوە.. (مارکس) گوتەنی: چۆن دەتوانین لە کۆمەڵگەیێکدا شۆڕشی پرۆلیتاریا بەرپانەکرابێ‌و وەرچەرخانە مێژووییە مەزنەکە بەرەو سۆشیالیزم ڕووی نەدابێت، چۆن پرۆسەی سۆشیالیزمی لە سیستمێکی چینایەتیدا پیادە دەکرێ؟! ئاخۆ دەستپێشخەرییێکی تاکوتەرای لەم جۆرە، سیستمێکی ناچینایەتی لێ



فەراهەم دەبێ؟! ئایا خاوەن سامان‌و سەرمایەدارەکانی دی دەستبەرداری ماڵ‌و موڵکی خۆیان دەبن؟!.

بەنیسبەت بەجێهێنانی ئەرکە ئایینێکانیشەوە هەر بە هەمان باردا دەکەوێتەوە.. مارکسیست‌و چەپەکان وەك هەر تاکێکی دی کۆمەڵ لەنێو هەمان سیستمی چینایەتیدا دەژین.. ئەو سیستمەی بۆتە مایەی سەرگەردانی زوربەی هەرە زۆری خەڵك.. ئەو سیستمە بێمروەتەی (ئایین) لە دەرگەوە تووڕدەداتە دەرەوەو، لە پەنجەرەوە باوەشی بۆ دەگرێتەوەو، وەکونی ژوورەوەی دەخاتەوە.. هیچ سەبووریبەخش‌و پشت‌و پەناییێکی لەسەر ئەم زەوییە بۆ نەهێشتۆتەوەو، ناچاری کردووە پەنا وەبەر خواوەندو ئاسمان‌و ئەوەدنیا بەرێت.. بەپێی (مارکس) –وەك لەمەوبەریش ئاماژەم پێدا– کاتێك خەڵکی دەستبەرداری ئایین (خوا، لاهووت، میتافیزیك، خورافیات) دەبێت، سیستمێکی کۆمەلایەتی‌و سیاسی ئەوتۆ لەئارادا بێت پێویستییان بەو وەهمانە لە ژیانیاندا نەمێنێت.. من لەو بڕوایەدام پابەندبوونی مارکسییێکان بە داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتی‌و، تەنانەت ئایینیشەوە، کارێکی دژوار نییەو، لە زۆر ڕووەوە لەبەرژەوەندی بزوتنەوەکەیانە.. مەلاو تەنانەت هەندێ شێخانی نەتەوەکەمان ڕۆلێکی کاریگەریان لەپێشەوەبردنی بزاڤەکەداو، هوشیارکردنەوەی خەڵکی‌و، بنجداکوتانی گیانی تێکۆشان‌و نیشتمانپەروەریدا هەبووە.. هەڵکردنی ئاڵای بێئیمانی لەنیو ئەو خەڵکە موسوڵمانەدا نە هەر ئەوپەڕی گەوجێتییە.. بەڵکو دۆڕان‌و شکستی سەرتاپای کێشە ڕەواکەشیانە.. ئەمە تاکتیك‌و فێڵ‌و فەرەج نییە.. ئەمە بینینی واقیعەکەیە کە دەتەوێت بیگۆڕیت.. تۆ کە هێشتا هیچت بۆ ئەو خەڵکە نەکردووە.. هیچ ئەڵتەرناتیڤێکت بۆ دەستەبەر نەکردووە.. هیچ کۆڵەکەیێکی ژێرخانە

ئابوورییێکەیت نەلەرزاندووە.. چۆن بەهێزترین سەرخانی ئەو سیستمە — کە ئایینە— هەڵدەتەکێنیت؟! ئەمە لە کلکەوە لغاوکردنە.. عەرەبانە خستنە پێش ئەسپەوەیە.

ئەمجا دەبێت ئەو هەقیقەتەش فەرامۆش نەکەین.. کە مارکسیستە نوێژکەرو ڕۆژووگرو مەلاو شێخەکانیش.. ئایینیان نەکردۆتە (تلیاك)ی هۆشبەرو خەمڕەوێنی دەستەوسانی.. بەڵکو لەنێو ئایینیدا.. بەتایبەتی ئایینی ئیسلام.. سەدان ئایەتی قورئانو فەرموودەیان دەرهێناوە کە لە خزمەتی دادوەری کۆمەڵایەتیدانو، بۆ هوشیارکردنەوەو جۆشدانی جەماوەر دژی ملهوڕیو، بۆ ڕەتکردنەوەو بەگژداچوونەوەی زوڵمی دنیایی بەکاریان هێناوە.. هەندێ لەوانە —ئەگەر ئیسلامییێکان مەبەستیان بێو، بە جیدی کاری لەسەر بکەن— هەر تاڵە موویێك لە سۆشیالیزمیان جیادەکاتەوە.. بەتایبەتی بۆ ئەم دەڤەرەی —وەك وتمان— کە لە پەراوێزی مێژوودا دەژی.. هەر بۆ نموونە بڕوانە ئەم ئایەتو فەرموودانە.. بەنیسبەت ئەوانەی سامان کەڵەکەدەکەن: ئایەتەکانی [ویل لكل همزة لمزة. الذی جمع مالا وعدده.. تد]و.. [اللذین یکنزون الذهب والفضة ولا ینفقونها فی سبیل الله فبشرهم بعذاب الیم]و.. [کی لا یکون دولة بین الآغنیاء منکم]و.. بۆ ئازادی بڕوا ئایەتەکانی [فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر]و [أفانت تکره الناس حتی یکونوا مؤمنین].. یان لە بەرەنگاریبوونەوەی ملهوڕانی دەسەڵاتداردا، فەرموودەی: [وتنی وشەی حەق لەبەردەمی سوڵتانە ملهوڕەکاندا جیهادە]و، لە بەشکردنی پارەوە ناندا: [ئەوەی دراوسێکەی برسیو خۆی تێربێ لە ئێمە نییە]و، لە یێکسانی ئینساندا: [مەردومەکان وەك ددانەکانی شانە چونییێکن]و.. و.... تد.

وتم ئەگەر مەبەستیان بێ دەتوانن لەم ڕووەوە کاری زۆر مەزن بکەن..



تەنانەت دەتوانن نوێکردنەوەو وەوچەرخانیش لە کۆمەڵگەو فیکریشدا بێننە ئاراوە.. دەنا ئەگەر مەبەستیان نەبێو کار بە دەقە پێچەوانەکانی بکەن، ئەوا بە پشتبەستن بە گەڵێ ئایەتو فەرموودەو ئیجتیهاداتو تەئویلی دی کە گشتییان جەخت لەسەر کۆکوژی دەکەنو بۆیشیان بلوێ.. ئەوا دەتوانن کارێکی وا بکەن شمشێر سەروەر بێو نیشتمانیش بۆ هەتاهەتایە خڵتانی خوێن.

**سالار:** لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا.. هەمیشە شمشێر (بە هەموو جۆرەکانییەوە) بەرامبەر ڕەخنەگرتن لە سێکوچکە حەرامکراوەکە لە ئارادا بووە.. (ئایین، سێکس، سیاسەت).. ئەم دیدارەش لانیکەم دوو لەو تەوەرە حەرامکراوانەی لەخۆ گرتووە.. ئایا هەتا هەتایە ئەو باسانە هەروا بە قەدەغەکراوی دەمێننەوە؟ بۆچی ئیسلام هێندە سڵیان لێدەکاتەوەو، باسکردنیان وەک هەموو بابەتەکانی دی ژیان بەئاسایی وەرناگرێت؟

**ڕەوف حەسەن:** من هەرگیز ئەو قسەیە بەڕاست نازانمو، چ بەلای ئیسلامەوەو، چ لای سیستمە حوکمڕانەکانی دەڤەرەکەو دەرەوەش، شتێك نییە ناوی سێکوچکەی حەرامکراو، یان قەدەغەکراو بێت.. بەتایبەتی باسکردنو ڕەخنەلێگرتنییان.. چونکە لەوانەیە هەر ئەو سێکوچکەیە واتای هەموو بوارو مەوداکانی ژیان ببەخشێت.. تۆ لە سەرتاپای کۆمەڵگە ئیسلامییێکانداو، لە دێر زەمانیشەوە دەتوانیت نە هەر باسی ئەوانە بکەیتو خوێندنەوەی ڕەخنەییشیان بۆ بکەیت، بەڵکو دەتوانیت

(بەکردەوە) پراکتیزەشیان بکەیت .

جارێ ئەوان هەر خۆیان نەك ئیسلامەتییەکەیان کردۆتە (سیاسەت).. بەڵکو زۆرجاریش کردوویانە بەپاشکۆی سیاسەتو، خستوویانەتە خزمەتی سیستمە چینایەتییێکانەوەو، لەم ڕووەوە بەڵگەگەلێکی زۆرو زەبەندی ئاشکراو نکوولی لێنەکراویش هەیە.. باسی ئایینیش هەروەها بە هەزاران جزوبەندو لەهەموو ڕوویێکەوە لە ڕابردووەوەو تا ئێستەیش خوێندنەوەی بۆ کراوەو.. لەم ڕۆژگارەدا بیرمەندانی عەرەب هەڵسەنگاندن‌و قسەوباسی زۆر وردو مەعقوولیان لەمەڕ ئیسلامی سیاسی هەیە..

مەسەلەی سێکسیش لە ئیسلامدا نە هەر باسکردنی حەرام نەبووە بەڵکو بە سەدان شێوەو زێتر لە ئایینەکانی دی ڕێگەی پراتیزەکردنیشی دراوە.. چ بە نهێنی‌و پێچ‌و پەناو حیلە شەرعی، چ بەئاشکراو ڕاشکاوی.. پێت سەیر نەبێت لە سەردەمی (خەلیفە عوسمان)دا سۆزانی ئاشکرای وەك (هندی کچی عتبە) هەبوو.. جگە لە (ئوم وەلید)و (فاتیمەی ئەسدییە)و (ئوم جەمیل)و (ئامینەی کچی عەلقەمە) و...تد کە سوزانی نهێنی بوون.. لە سەردەمی ئەمەوییێکاندا (مەرجانەو قەتام‌و شەحنە و...) سۆزانی ئاشکرا بوون.. ئەوە سەردەمی عەباسییێکان بە سەردەمی کەنیزەك‌و غیلمان ناسراوەو، لەم ڕووەوە کار گەیشتبووە ئەوەی هەردوو کوڕەکەی هاروونەڕەشید هەتیوی خەسێنراوییان کردبووە هاوسەری خۆیان‌و، تەنانەت وایلێهاتبوو زۆرجار مارەیی هەتیو لە هی کەنیزەك زێتر بوو.. ئەم ڕەفتارە لای غەیرە دینەکانیش لەپێش ئیسلامدا تەشەنەی کردبوو.. هەر لەسەردەمی گریك‌و یۆنانەوە لەنێو ڕەبەن‌و حەکیماندا هەتیوبازی بەجۆرێك تەشەنەی کردبوو.. کە زەواجی شەرعییان بە سووکایەتی‌و چەپەڵی‌و ڕیسوایی دادەناو.. ئەوی ڕاستی بێ ناخوازم بچمە نێو بنج‌و بناوانی ئەم



بابەتەوە.. چونکە ئەم هەویرە ئەگەر لەسەری بڕۆین ئاوێکی زۆر دەکێشێ.

بەکورتی کێشەی سێکس لە ئیسلامدا هێندەی پەیوەندی بە کردار (پرۆسە)کە خۆیەوە هەیە، هێندە زێتر پەیوەندی بە ئازادی ئافرەتانەوە هەیە.. ئەوەی ئیسلام سڵی لێدەکاتەوە بەپلەی یێکەم ئەمەی دواییانەو.. لەمەیاندا ئەوپەڕی توندوتیژە.. چونکە پێدەچێت بە ئازادبوونی تەواوی ژنان لە کۆمەڵگەدا، گەورەترین پێگەی ئایینەکە هەرەسبێنێ.. ئەمەشیان — واتا ئازادی تەواوی ژنان— لە کۆمۆنیزمیدا دێتە دی.

براله! ئەوەی بەڕاستی قەدەغەو حەرامکراوە تەنیا مارکسیزمەو هیچی دی.. واتا خوێندنەوەی مارکسیزمانەیە بۆ ئایین‌و سیاسەت‌و سێکس.. تەنیا ئەمەیان بڤەیە.. چونکە هەموو خوێندنەوەو پراکتیزەکانی دی ئەگەر بەفیعلی‌و ڕووکەش لە خزمەتی ئاییندا نەبن، ئەوا سەرئەنجام هیچیان ئایین ناسڕنەوە.

عەلمانییێکان، بە ناسیۆنال‌و لیبرالیشەوە (مۆدێرنیزمەکان بەگشتی) ئەوپەڕی هەوڵدانیان تەنیا بۆ دوورخستنەوەی ئایینە لە سیستمی حوکم، نەك پێکهێنانی کۆمەڵگەیێك مرۆڤ تێیدا پێویستی بە ئایین نەبێت.. بەواتا لە جەوهەردا پاڵپشتی ئایین دەکەن.. مارکسیزم نەبێت ئەوانی دی هیچیان ناتوانن، یان مەبەستییان نییە ئینسان لە بوونەوەرێکی ئایینییێوە بکەنە بوونەوەرێکی عەقلانی.. واتا ئەو مەعریفە ناعەقلانییە ناسڕنەوە کە ژیانە واقیعیەکەی بۆ کردوونەتە وەهمێکی هەتاهەتایی ڕەهای پیرۆزو، شێوە لنگەوقووچ کراوەکەی جیهان ناخەنەوە شوێنی خۆی.. فەلسەفەی ئەڵمانی (هیگڵ‌و فێختە و...تد) بەهەمان دەستووری ئایین هەموو شتەکان هەر لە ئاسمانەوە دێنێتە خوارەوە.. ئایین وەلاوە دەنێ کەچی (لاهووت) دەکاتە ئەڵتەرناتیڤ بۆی.. لای (مارکس) بەپێچەوانەوە، بەرزبوونەوەکە لە

زەوییەوەیە بەرەو ئاسمان‌و، ئەمەیش هەر بە قسەو فیکرو خەیاڵ نا، بەڵکو بە کارو کردەوەی ڕاستینەی بەشەر.. مارکسیزم هەموو سرووت‌و تەسەورە ئایینییێکان بە سەرچاوەی درۆو فێڵ‌و چەواشەکردنی بەشەرییەت دەزانێ.. بۆیێ (ئەنگڵز) دەڵێ [هەر لەبەر ئەوەیە جاڕی جەنگێکی ڕاشکاوانەمان بۆ سەر ئایین‌و تەسەوراتە ئایینییێکان دا].

جا ئەگەر ئایین بەرامبەر ئەو فیکرو ڕەوتانەی دی توندوتیژیش بەکار بێنێت.. هەر بۆئەوەیە نەگەنە ئاستی مارکسیزم‌و چارەسەری ڕادیکالانەی ئایین.

**سالار: ناسیۆنالیستێکی وەک (هیتلەر) لە پێگەی ئەوەی (ئەڵمانیا لەسەرووی هەمووانەوەیە)، نە هەر دژی ئایین بوو، بەڵکو گەورەترین‌و بەناوبانگترین جینۆسایدی لە مێژوودا بەرامبەر جوولەکە کرد.. چۆن دەڵێیت ناسیۆنالیستەکانیش لە گەوهەردا لە خزمەتی ئاییندان؟**

**ڕەوف حەسەن:** جوولەکە وەك (ئایین–نەتەوە) بەنێو وڵاتانی دنیادا پەرەوازەو لانەوازو چەوساوەش بوون.. بۆیێ بەزۆری ببوونە کۆمۆنیست.. بەتایبەتی لە یەکییێتی سۆڤییێدا.. ڕاستە لە دووەمین جەنگی گەردوونیدا کۆکوژ کران‌و بە ملیۆنەهایان لێ کوژرا.. وەلێ ئەو دۆکیۆمێنتانەی دوای جەنگەکە ئاشکراکران، ڕاشکاوانە ئەوە دەردەخەن کە هێتلەرو (نازی‌و فاشییێکان) بەتێکڕایی تەنیا ئەو جوولەکانەیان کوشتووە یان سووتاندووە کە شیوعی بوون.. بە ژن‌و منداڵەکانیشیانەوە لە فڕنەکاندا سووتێنران.. هەروەکو دۆکیۆمێنتەکان‌و تەنانەت گەلێ لەو ڕۆمانانەیش دوای جەنگەکە



بڵاوکرانەوە.. هەموویان باس لە سەدان هەزار دیلی جوولەکە دەکەن کە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتوون ئیماندارن‌و شیوعی نین، نازییێکان ئازادیان کردوون.. واتا هێتلەر هەر شیوعی قڕانی کردووە نەك جوولەکەقڕان.

**سالار: ئەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.. بەڕای تۆ پێوەندی نیوان ئایینەکان چۆنە؟ مەبەستم پەیوەندی ئیسلامی کوردە لەگەڵ ئایین‌و ئایینزاکانی دیکەدا، بەتایبەتی مەسیحی تا چەند بەئاشتی، یان بەناکۆکی پێکەوە ژیاون؟**

**ڕەوف حەسەن:** ئیسلام ئەگەر کورد بووبێ یا عەرەب یان تورك‌و فارس و...تد، لە هەرکوێدا دەسەڵاتی هەبووبێ ئەوانی دی چەوساندۆتەوەو لە باشترین حاڵەتدا بە مرۆڤی پلە دووی داناون.. بەپێچەوانەیشەوە نموونەی بەرچاوی ئیسرائیل‌و سرب‌و کرواتییێکانی یۆگۆسلاڤیامان لەبەرچاوە.. جا ئیدی لە کۆمەڵکوژی‌و چەوساندنەوەی ئیسلامدا چەندی ئایینییەو چەندیشی نەتەوایەتییە گرینگ نییە.. کوردیش وەك هەر ئیسلامێکی دی هەرچی لەتوانادا بووبێ درێغی نەکردووە.. لە ئەرمەنقڕانەکەی تورکە عوسمانلییێکاندا کوردانی ئیسلام ڕۆڵێکی زۆر نامەدانەو وەحشیانەیان گێڕا.. هەروەکو چۆن بەرامبەر ئەو یۆنانییانەی لەو سەروبەندەدا لە کوردستانی باکووردا دەژیان ڕەفتاری زۆر بێمروەتانەیان دەنواندو، گوایە لەبەرئەوەی غەیرە دینن یێکەیێکە دەیانگرتن‌و ناڵیان دەکردن.. دەمارگیرییە ئایینییێکە هەر بەمەیشەوە نەوەستاو، تەنانەت ئێزدییە کوردەکانیش هەر لەبەر ئەوەی ئیسلام نیین چەندین جار لەلایەن ئەمارەتی کوردی ئیسلامییێوە کەوتوونەتە بەر هێرشی قەلاچۆکردن.. زوربەشمان

لەبیرمانە چۆن لەسلێمانیدا گاڵتەو سووکایەتی بە جوولەکە بێوەیەکانیش دەکرا.

بەهەرحاڵ مەسیحییێکانی ئێستە لە کوردستاندا بەگشتی حاڵیان باشترە.. ئەویش هەر لەبەر ئەوەیە ئەوان بەتەواوی پێڕەوی گیانی لێبوردەیی و بێوەییانەی مەسیحێتی دەکەن‌و، لە نەهامەتی و سەرکەردانییە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییێکانماندا ئەوانیش بەهۆی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردەوە بەرکەوتوون‌و چەوسێنراونەتەوەو، تەنانەت شەهیدو قوربانی زۆریشیان لەم پێناوەدا داوە.

**سالار: باشە ئایا ئایین (بەتایبەتی ئیسلام) لە کۆمەڵگەی کوردەواریماندا فاکتەرێکە بۆ پێشکەوتن، یان هۆکارێکە بۆ دواکەوتن؟**

ڕەوف حەسەن – بەپێی بۆچوونی مارکسیانە ئایین جاروبارو کەمتازۆر توانیوێتی هۆکارێك بێ بۆ یاخیبوون‌و جۆشدانی جەماوەر دژی داگیرکەرو چەوسێنەر.. بە نیسبەت کوردیشەوە بەهۆی بارودۆخە دواکەوتۆکەوە.. لە سەروبەندێکدا تەنیا پیاوانی ئایین خوێندەواربوون‌و، هەر ئەوانیش پێشەوای ئەدەب‌و فیکر بوون.. هەر بەنموونە (خانی) مەزنترین پێشەوای هەستی کوردایەتییەو.. قانع مەزنترین پێشەوای فیکری مرۆڤایەتی‌و پێشکەوتنخوازییە و...تد.

لێ لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا ئایین بەگشتی‌و ئیسلام بەتایبەتی لەمپەرێگی سەختن لەبەردەم سیستمی حوکمی مۆدێرن‌و، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.. ئایین بەپێی (مارکس) واتا شتە ڕەهاو پیرۆزو نەگۆڕەکە..



واتا تەرخانکردنی ئەم دنیایە بۆ خزمەتی ئاسمان‌و قیامەت.. واتا داخستنی هەموو دەرگەو پەنجەرەکان بەڕووی گۆڕان‌و پێشکەتنی دنیاییدا.. ئەم دنیا فانییە لە ئاییندا بریتییە لە مەرگ‌و گوناهباری‌و هیچ‌و پووچی.. تاکە یێك تروسکایی دەبینێ، ئەویش لە ئاسماندا.. واتا لەوە دنیادا.

بەنیسبەت کۆمەڵگەی کوردەواریشمانەوە ئەوەی مایەی نیگەرانییە هەر ئایینەکە خۆی –وەك ئیمان بڕوا– نییە کە لە ئەنجامی فتووحاتی ئیسلامیدا پێمانگەیشتووە، بەڵکو ڕەوتە جوراوجۆرە ئیسلامییێکانە کە پابەندو وابەستەی کۆمەکی دەوڵەتە ئیسلامییێکانی ناوچەکەن (بەتایبەتی ئێران‌و سعوودیە).. ئەمەیان دیاردەیێکی نامۆو نوێیشە لە کوردستاندا.. چونکە هەرگیز ئەو وڵاتە ئیسلامیانە نایانەوێ‌و ناشهێڵن قەوارەیێکی سیاسی سەربەخۆی پێشکەوتوومان هەبێت.

ئەوەتا لە دوورترین‌و بچکۆلەترین گوندی کوردستاندا بە کۆمەکی میرو خانمانی خاوەن پیترۆڵی سعوودیە مزگەوت دروستکراوە.. کەچی ئەم کۆمەکە نە بۆ قوتابخانەو نە بۆ نەخۆشخانەو نە بۆ کتێبخانە و...تد، بۆ هیچیان نییە! ئەمە بەڕاستی مایەی گومانە.. بۆ مەسەلەی دەستووری کوردستانیش هەوڵدەدەن هێندەی پێیانبکرێت سیستمی حوکم بەلاڕێی سیۆکراتی (ئاخوندەیی)دا بەرن و...تد.

ئەمانە ئەگەر موبادەرەی خۆیان بن‌و، وەك پێگەیێکی ئاراستەکراوی دەوڵەتانی دراوسێ کارنەکەن، ئەوە مافێکی ڕەوای خۆیانە لە پرۆسەی ململانێ‌و، گوزارەکردن لە بیروبڕوادا.. دەنا ئەوە بەئاشکرا مەبەستی وێرانکردن‌و پشتشکاندنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئەم ڕۆژگارەمانە.

بەكورتی ئەگەر ئیسلامییێكان وابەستە نەبن‌و خاوەنی خۆیان بن.. بێگومانم چ لەڕووی جۆشدانی گیانی نیشتمانپەروەری‌و كوردایەتییێوە لەنێو جەماوەرداو، چ لەڕووی بەگژداچوونەوەی زوڵم‌و گەندەڵی كاربەدەستاندا دەوری كاریگەریان دەبێت.

**سالار: باشە ئەمە تاكەی؟ هیچ هەوڵێك نییە پەنجەرەییەكمان لێبكاتەوەو.. لێوەی بڕوانینە دنیای هەزارەی سێیەم؟ ئایا ئێمەی گیرۆدەی ئەم ڕەوشە هیچ تروسكاییەك نییە بۆ دوارۆژمان؟ تاكەی هەروا دەمێنینەوە؟**

ڕەوف حەسەن: بەلاتەوە سەیر نەبێت پێتدەڵێم لەسەرهەڵدانی ئیسلامەتییێوە تا ئەم چل-پەنجا ساڵەی دوایی.. هەرگیز ئەم جۆرە چەقبەستنە ئایدیۆلۆژی‌و فێندەمێنتالیزمییەو توندوتیژییە خەتەرناكەی بەخۆیەوە نەبینیوە.. ئەوپێشكەوتن‌و خوێندنەوانەی سەدان ساڵ لەمەوبەری نێو خودی ئایینەكە -لە سەردەمی خەلافەتەكاندا- بۆ ئیسلام كراون.. هیچ سیستمێكی پاشایەتی یان كۆماری ئەم سەردەمە ناتوانن یان ناوێرن خۆیان لەقەرەی بدەن.. هەزار ساڵ لەمەوبەر بزوتنەوەی (موعتەزیلە) بیرۆكەی (ئازادی)و (سەرپشكی)ی مرۆڤی وروژاند -كە كەمتازۆر كاریگەریی فیكری مەسیحی‌و جووو فەلسەفەی یۆنانی بەسەرەوە بوو- هەروەها خوێندنەوەی جیاوازی بۆ (قورئان) یش هەبوو.. خوێندنەوەییێكی هوشیارانە.. جیاوازی لەنیوان دەقی وتەكانی خواوەند (وەك قسە)و، دەقی نوسراوی قورئاندا دەكرد.. ئەمی بە (دانراو) دادەناو.. تد. ئەمانە لەلاییێك‌و، لەلاییێكی دیكەوە هەرچی هەڵەو بێمروەتی لە



سەروبەندی جیاجیای پێشووی ئیسلامەتیدا ڕوویانداوە.. ئێستاكە ئیسلامییێكان سەرتاپایان كردۆتە بەرنامەو پێڕەوی دەكەن.. بەكورتی ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا بەزەقی هەستی پێدەكەین شتێكە پێیدەڵێن (بەرهەمهێنانی كوشتن) یان (پیشەسازی مەرگ).. ئەم پیشەسازی ترس‌و ئیرهاب‌و داخستنی دیالۆگ‌و ڕەتكردنەوەو كوشتنی ئەویدی لەسەر بیروڕاو هەویەو.. هەروەها بەرپاكردنی جەنگ دژی ڕۆشنبیران‌و ڕەخنەگرانی ئایین‌و تیرۆركردنیان.. ئەمە سیمای زاڵی ئیسلامی ئەمڕۆمانە.

كوشتنی جەمال عیرفان‌و عەبدولخالق مەعرووف‌و ڕەوف زوهدی هەر وەك نموونەی لای خۆمان.. غافڵكوژی‌و بریندارکردن‌و هەڕەشە لێكردن‌و تەلاقخستن‌و دەربەدەركردنی دەیان ڕۆشنبیرو بیرمەندو ئەدیبی وڵاتە عەرەبی‌و ئیسلامییێكان.. ئەمانە جگە لە كێشەكانی ئافرەت‌و خۆشەویستی‌و سێكس‌و.. تد، كە بە ڕەجمكردن‌و سەربڕینی ئاشكراو تەفروتووناكردنی نهێنی كۆتایی بە ژیانیان دەهێنرێت.. ئەمانە ئەگەر جاروبار لە ڕۆژگارێكی بەسەرچوودا كرابن، هێندەی ئەمانەی چەرخی تەكنۆلۆژیاو هەزارەی سێیوم‌و چەرخی بیست‌و یێك‌و سەردەمی جیهانگیری مەترسیدار نین.. چونكە ئەگەر ئەوانە واتاییێكییان هەبێت ئەوا هەر ئەوە دەگەیەنن كە گیانی لێبوردەیی‌و بەخشندەیی ئایینەكە یان هەر نەبووە، یاخود لە قەیراندایە.

وێڕای گشت ئەو مەترسییانەیش.. دەبینین هەوڵی سەرسەختانەو لەخۆبوردووانەی بیرمەندان‌و ڕۆشنبیرانی وڵاتە ئیسلامییێكان لە پەرەسەندنێكی بێهاوتادایە.. چ وەك خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەو واقیعیانەی ئایین‌و كولتوورو قەیرانەكان‌و، چ وەك پشكنین‌و دۆزینەوەی

چارەسەری قەیرانەکە.. خوێندنەوەی زۆربەشیان لەو پشتبەستن بەو دۆکیۆمێنت و سەرچاوە ئیسلامییە دێرین و بوێرانەوە هاتووە کە ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆ نە دەتوانێ نکوولییان لێبکات و نە ڕوویشی دێت باسییان بکات و بۆ موسوڵمانان ڕوونیبیانبکاتەوە.. هەر بۆ ئەم مەبەستە گەلێ ناوی پرشنگدارمان لایە، کە بە گیانێکی لەخۆ بردووانەوەو تا ڕادەی قوربانیدانیش وەك ئەرکێکی مرۆڤایەتی و ژیاری لەم بوارەدا کاریان کردووەو، کاریش دەکەن.

هەر بۆ نموونە ئەم بیرمەندو ئەدیبانە: عەلی عەبدولعەزیز، حسێن مرووە، سەمیر ئەمین، مەهدی عامیل، نەصر حامید ئەبوزەید، محەمەد ئەرگۆن، عەلی حەرب، فالح عەبولجەبار، محەمەد جابیرلئەنساری، سادق ئەلعەزم، کامیل ئەننەجار، ئەدوارد سەعید، بورهان غلیۆن، مەحمود ئەمین ئەلعالم، تەها حسێن، محەمەد عابیدولجابیری، وەلید نوەیهزو عادیل تاهیرو.. و.. تد، کێشەو قەیرانەکانیان یێکالآ کردۆتەوەو.. تروسکاییێکیان لەوسەری تونێلەکەوە –وەك ڕۆژنامەنووسانی جیهانی دەڵێن– بۆ دۆزیوەتەوە.

جا بۆئەوەی پەیوەندیداران ئایینەکەیان لەو قەیرانە کوشندەیە قوتار بکەن و، لەنێو کۆمەڵگەی بەشەرییەتدا جێگەی شیاوو بەڕێزی خۆی هەبێ و لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشەوە چووی ژیان و سەردەمەکەدا بگونجێ.. لێرەدا زۆر بەکورتی پوختەی ئەو تروسکاییەی لەبەردەم موسوڵماناندا بەگشتی و ئیسلامی سیاسیدایە بەتایبەتی.. بە چەند خاڵێك دەخەمەڕوو.

1– بڕوابوونی تەواو بە دیالۆگ و قبووڵکردنی ئەویدی لە ژیاندا.. دداننان بە مافی جیاوازی.. چونکە ئیدی هیچ شتێك –بە موقەدەساتەکانیشەوە– لەوەدا نەماون قابیلی دیالۆگ و خوێندنەوەی



ڕەخنەگرانە نەبن.

2– ئیسلامی سیاسی دەبێت واز لەو خەونە بێنێت کە ئایینی ئیسلام بکاتە سیستمی حوکم لە هەموو سەرزەمیندا.. چونکە ئەم واهیمەیە نەك لە ئەمەریکاو ئەوروپادا مەحاڵە، بەڵکو بەهۆی شۆڕشی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی جیهانییەوە لە وڵاتانی ناوچەکەشدا نوشوستی هێناوەو، لەئاکامی ڕەفتاری ڕەوتە فێندەمێنتالیستە توندڕەوەکاندا ڕۆژ بەڕۆژ نەك دیاردەی بوونە مەسیحی، بەڵکو بێبڕوایی و لە ئایین وەرگەڕان بەتایبەتی لەنێو لاواندا تەشەنەدەکات.

3– کەواتە هیچ چارەیێك نییەو دەبێت هەوڵ بدرێت ئایینی ئیسلام بکرێتە دیاردەیێکی شارستانی و.. ڕەچاوی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانە بکات کە لە میانەی ئەم هەزارو چوارسەد ساڵەدا بەسەر بەشەرییەت و کۆمەڵ و جیهاندا لە هەموو ڕوویێکەوە هاتووە.. بەتایبەتی لەڕووی فیکرو زانست و مافی مرۆڤەوە.. واتا دەبێت دابڕانێکی مەعریفی دروستبکات لەگەڵ ئەو پابەندییەی بە سەردەمی سەرەتاکانی ئیسلام و ئیپراتۆریەتەکانی ئیسلامەوە هەیبووە.

4– دەبێ بڕوا بە جەوهەری ئایین بێنێت کە لە خوداپەرستی بەولاوە چیدی نییەو، هیچ ئایینێك شایستەی ئەوە نەبووەو نییە بکرێتە پێوەرێك، یان سیستمێك بۆ ژیانی مرۆڤایەتی.. ئەوەی لەمەوبەریش کراوە لە ڕێی داسەپاندن و فتوحات و تالآن و بڕووەو بەزەبری شمشێر بووە نەك بە خواست و حوسن و ڕەزای میللەتان.

5– هەوڵ بدات خۆی پێشوازی و دەستپێشخەری لە بە عەلمانیکردنی سیستمی حوکمڕانیدا بکات.. واتا دەستبەرداری قۆرغکردنی دەسەڵاتی سیۆکراتی بێت و، مل بۆ پلورالیزم و دیموکراتی بدات.. ڕوونتر بڵێم ئیسلام

دەبێت شەرعییەتی خۆی لەوەوە وەرگرێت کە جەماوەر پێیدەبەخشێت، نەك لە حوکمڕانیکردنی جەماوەرەوەو بەزەبری توندوتیژی ڕەوایی وەرگرێت.. چونکە دیموکراسی تەنیا فەرمانڕەوایی گەلی سەرزەمین دەبەخشێت، نەك حوکمڕانی ئاسمان.

**سالار: ئەم خاڵانە بەکورتی هەر واتای ئەوە نابەخشن کە دەبێت ڕۆژهەڵات یان ئیسلام تەسلیمی بێقەیدو شەرتی ڕۆژئاوا بێت؟!**

**ڕەوف حەسەن:** بێگومان! بەڵێ! ئەمەش تەنیا وەك هەنگاوی یێکەم بۆ چوونە ناو سەرەتای ژیانێکی ئینسانانەوە.. بیگومان ئەمە دەبێ جورئەتێکی گەورەی لەپاڵدا بێت.. ئەگەر مەبەستمانە بەرەوپێش بچین دەبێت واز لەگەمەی مارو پەیژەکە بێنین.. سەدان ساڵە ئەو گەمەیە دەکەین.. بۆ موددەی چەند ساڵێك بەرەوپێش ئەچین‌و، لەپڕ سەدان ساڵ بەرەودوا دەگەڕێینەوە.. ئێمە تا ئێستە نازانین ئەم سیستەم‌و ڕەوتە ئیسلامیانە بەرەو کوێ دەڕۆن‌و، بۆ کوێمان دەبەن! هەرچی بەرهەمی تەکنۆلۆژیای خۆرئاوا هەیە لە ماڵ‌و مزگەوت‌و حەج‌و تەنانەت لە کوشتوبڕەکانیشدا بەکاریان دێنین‌و، خۆیشمان تا ئێستە تەنەکەییەکی خۆڵمان دروست نەکردووە.. کەواتە دەبێت دوای هەنگاوی یێکەم کە قبووڵکردنی عەلمانییەتە، وڵاتیش بە پیشەسازی بکرێت.. خەڵکەکە بەرهەمهێنەر بن، نەك وەك جووجەڵەی چاو نەپشکووتوو لە هێلانەکانیاندا چاوەڕێی ئەوەبن دایکەو باوکە قووتیان بەدەمەوە بکەن! چاوەڕێی ئەوەبن لەپاڵەوە لێی بکەون‌و حکوومەتەکانی ناوچەکە پارەی نەوت بەدەمیانەوە بکەن‌و، جزمی عەممەو لەچکیان بۆ بنێرن.. ئەو حکوومەتانەی وەك



دایناصۆریان لێهاتووەو، دەیانەوێت بەو ڕەفتارانە چەند ساڵێکی دی قڕتێکەوتنەکەیان دوور بخەنەوە.. بەڵێ ئێستە ئێمە لەو دووڕێیانەداین.. یان ئەوەتا دەبێ وەك دایناصۆر چاوەڕێی قڕتێکەوتن بین.. یان ئەوەتا بە هەنگاوی گەورەو بوێرانە بچینە نێو مێژووو حەزاڕەتەوەو، لەتەك بەشەرییەتدا بەتەبایی بژین.

**سالار: ئەم قسەو بیرو بۆچوونانە –مەبەستم زیاتر قسەکانتە لەمەڕ شتە موقەددەسەکان– دەشێ لای خەڵکانێکی زۆرو، بەتایبەتی ئیسلامییە توندڕەوەکان هێندە هەژێنەر بن بەئاسانی پێیان قبووڵ نەبێت.. ئاخۆ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم دیدارەتان ناترسن دووچاری کێشەو سەرئێشەییێکی کەمتازۆر بن؟**

**ڕەوف حەسەن:** لەسەرەتاوە وتم دەمەوێ تا بتوانم بە زمانێکی ئاشکراو ئاسان بدوێم.. بە شێوەییێکیش بێت ئەگەر بۆ نەخوێنەوارەکانیش بخوێرێتەوە لێم تێبگەن چی دەڵێم.. لە سەرتاپای ئەم وتووێژەمدا پێچ‌و پەنام بەکارنەهێناوە.. چونکە کێشەکان زۆر لام ڕوون‌و ئاسایین.. ئەمە لەلاییێك‌و، لەلاییێکی دییەوە هەر ئەم زمانە سادەو دەربڕینە ڕاشکاوە دوور لە موهاتەراتانە نیشانەی بێباکیمن لەوەی وتت.. خۆ ئەگەر بەم قسانە توانیبێتم بیری خوێنەر بهەژێنم.. ئەوا بەتەواوی مەبەستەکەم هاتۆتەدی.. بێگومانیشم لە گشت دەق‌و قسەو ڕوونکردنەوەکانیشدا نەك هەر خزمەتێکی گەورەم بە ئیسلام‌و بیری ئینسانی‌و پێشکەوتنخوازی کردووە، بەڵکو ئەوپەڕی ڕێزیشم لە خوێنەرانم گرتووە.. جا ئەو خوێنەرە ئیسلامی بێت یان مارکسی یان نەتەوەیی (ناسیۆناڵ) یان لیبراڵی.. یان.. من بۆئەوە

خوێنەر دەهەژێنم تا لە چەقبەستوویی فیکری قوتاری کەم.. ئەمانەی لێرەدا دەیانڵێم کۆششی زێتر لە پەنجا ساڵی تەمەنی خوێندنەوەو بەدواداچوون‌و بیرکردنەوەمە لە بواری زانست‌و فیکرو فەلسەفەی مارکسی‌و ئایینەکاندا.

هەر لێرەدا هەوڵمداوە زۆر مەوزووعیانە لە موقەدەسەکان بدوێم.. خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە ئەوە نییە لەلایەکەوە داکۆکی لە موقەدەسات بکەیت‌و، لەلاییکی دییەوە ئیهانەی خوێنەر بکەیت.. هەرچی شتە پیرۆزەکان هەن قابیلی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنن.. تا ئەو ڕادەیەی باسکاران هیچیان بەلاوە موقەدەس نییە.. گرینگ ئەوەیە بە موجامەلەی درۆزنانە بۆ ئایین‌و فیکرو فەلسەفەکان تەوهین بە خوێنەر نەکەیت.. لای من گەورەترین ئیهانەکردنی موقەدەسات ئەوەیە مەرایی‌و موجامەلەی بەرامبەر بکەیت.. پەندێکی کوردی زۆر جوان هەیە دەڵێت (دۆستم ئەوەیە ئەمگرییێنێ.. دوژمنم ئەوەیە پێمدەکەنێنێ).. دەمەوێت ڕاشکاوانە پەنجە بخەمەسەر برینەکانمان.. برینی ئایدیۆلۆژیاو چەقبەستنەکان (دۆگماکان).. سەرەتانی (کوشتن‌و سڕینەوەی بەرامبەر).

بۆ مەسەلەی ترس.. لەبەر ئەوەی منیش وەك هەموو مرۆڤێکی ئاسایی وام، دیارە لە لەهەندێ شت دەترسم‌و.. بێگومان لە زۆر شتیش سڵناکەمەوە.. بەتایبەتی لە مەرگ یان کوشتن..

بەڕاستی نازانم چۆن لە مردن یان کوشتن بترسم! لەوانەیە ئێش‌و ئازاری هەبێت.. کەواتە مەسەلەکە هێندەی ئێش‌و ئازارەکەیە ترسەکە نییە.. بڕواش ناکەم کەسێ هەبێت حەزی لە ئێش‌و ئازاری پێش مردنی بێت.. من لەو بڕوایەدام ئەوەی لە مردن بترسێت لە کەروێشکیش دەترسێت.. ئەوپەڕی ترسم تەنیا لە سوکایەتیپێکردن‌و درۆو بوختان



بۆهەڵبەسن هەیە.. لێ ئەوەی هەر باکم پێی نییە دەرئەنجامەکانی ئەمانەیە لێرەدا دەیانڵێم.. چجای ئەوەی زوربەی قسەو باسەکان هی خۆم نین.. وەلێ ئەگەر بڕوام پێیان نەبوایە ئامادە نەبووم وشەیێکیان لێبدرکێنم.. بێگومان دیارە لێرەدا پەیامێکم هەیەو لێی بەرپرسیارم‌و، مەبەستیشمە ڕاشکاوانە بە جەماوەری میللەتەکەمی بگەیێنم.

من وەك ئەو کەسانە لە ئایین نادوێم کە (ئەتتەحیات)یان لەبەر نییەو، نازانن ئایەتێکی قورئان بەڕاستی بخوێننەوە نەك واتاکەیشی لێکبدەنەوە.. کەچی خۆیان بە توێژەرو باسکارو ڕەخنەگری ئیسلامی سیاسی دەزانن.. من وەك ئەوان دامودەزگەو حیزب‌و دەسەلاتێکم لە پشتەوە نییە هانم بدات هەستی زوربەی هەرەزۆری موسوڵمانان بە جنێو‌و سووکایەتی پێکردن بریندار بکەم.. یاخود مەبەستم ئەوە نییە ئیسلامییێکان ڕاوەدووم نێن‌و خۆم بشارمەوە تا کەیسێکی بەهێز بۆ پەناهێندەیی هەندەران مسۆگەر بکەم.. لێرەدا تەنیا مەبەستێکی زۆر ئاشکرام هەیە.. ئەویش ڕوونکردنەوەیێکی زانستیانەی بیروبۆچوونی مارکسیزمە لەمەڕ ئایین بەگشتی.. لە هەمان کاتیشدا چەندم بۆ بلوێ دەمەوێت موسوڵمانانی نەتەوەکەم لەوە ئاگادار بکەمەوە.. ئیسلامی سیاسی بەگشتی‌و، فێندەمێنتاڵەکان بەتایبەتی بەمەبەستی دنیایی‌و دەسەڵاتی حوکم گرتنە دەست کاردەکەن.. ئایینەکە تەنیا ڕاوگە، یان دەمامکێکەو هیچی دی.

من نە هەر ئەوپەڕی ڕێز لە هەموو موسوڵمانێك‌و خواپەرستییێکەیان دەگرم.. بەڵکو ڕێز لە گاپەرستێکیش دەگرم.. بەمەرجێ ئیمانەکەی بەڕاستی‌و پاکی بێ‌و، هیچ مەبەست‌و پێچوپەنایێکی ساختەی تیانەبێت.. وەلێ هەرگیز قاییل نابم‌و ڕێی پێنادەم بەزۆر سوجدەم بۆ (گا)کەی پێببەرێت.. قاییل نابم هیچیان بەناوی پەرستیار (مەعبوود)ەکەیانەوە

حوكمڕانیم بكەن.. دەخوازم ڕۆڵەكانی نەتەوەكەم بەئازادی بچنە مزگەوت‌و حەج‌و.. بەئازادیش بچنە گازینۆو مەیخانەكان.. بەئازادی بچنە كڵێسەو بەئازادیش عەشقی خۆیان بكەن.. هەر هیچ نەبێت فێری ئەوەبن ئەویدی نەسڕنەوە.. واتا ئەوەی لەخۆیان نییە.. ئەوەی لەسەر ئایینەكەیان نییە.. ئەوەی لە حیزبەكەیاندا نییە.. ئەوەی سەر بە تایفەو عەشرەتەكەیان نییە، نەیكوژن‌و هیچی دی.. جارێ داوای ئەوەیان لێناكەم ئەویدیان خۆشبوێ، یان گوێی لێبگرن، یان قبووڵی كەن.. نا.. ئەمەیان هێشتا زۆر دوورەو، زۆرمان ماوە بیگەینێ.. سێسەد ساڵ لەمەوبەر (ڤۆڵتێر) وتوێتی (ڕەنگە لەگەڵ تۆدا ناكۆكبم، هاوڕات نەبم، وەلێ لەپێناوی دەربڕینی بیرو بۆچوونەكانتدا ئامادەم خۆم بەكوشت بدەم).. بەڵێ هێشتا سەدان ساڵی دیكەشمان ماوە تا بگەینە ئەو ئاستە ئاساییەی ژیانی مرۆڤایەتی گەیشتوێتێ.. من لەمە زۆر بێگومانم‌و، لە ئەنجامەكەیشی –دەیڵێمەوە– بێباكم!

25\6\2007



## ڕەوف حەسەن

* ساڵی 1945 لە گەڕەكی گۆیژەی سلێمانی لە دایكبووە.

* دایكی (فاتمە حەمەومین) خەڵكی شاری سلێمانی گەڕەكی –هۆمەرمەندان– بووە.. ژنێكی ئیماندارو نەخوێندەوار بووە.

* باوكی (حاجی حەسەن) خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان شاری مەریوان‌و، لە عەشرەتی گەڵباخی بووە.. هەر لەساڵانی سییەكانەوە لە سلێمانی نیشتەجێ بووە.. پیاوێكی ڕەنجدەری ئیمانداری نەخوێندەوار بووە.

* ڕەوف كوڕە گەورەی بنەماڵەكە بووەو، لەتەمەنی یانزە ساڵیدا قورئانی تەواوكردووەو دواتر تا سیانزە ساڵی تەفسیرو فەرموودەكانی لای مامۆستایان (مەلا شەلەی سابوونكەران‌و مەلا عەلی قەیسەرییێكەی خوار حەوزە وشكەكە)و (مەلا عەبولڕەحیمی مزگەوتی هەمزاغا) خوێندووە.

* ساڵانی 1958و 1959 لەگەڵ خوێندنەكەیدا كرێكاری كارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بووە.

* لە 1959–1960دا لەگەڵ هاوڕێیان (عەلی توانا) (بەختیار زوهدی) (ئەسوەد هەڵكەوت) (فەرەیدوون عەبدولقادر)دا كۆمەڵەی نووسەرانی كورد (پرشنگ)یان دامەزراندو، گۆڤارێكیان بەناوی (پرشنگ)ەوە بە دەستخەت دەركرد.

* لە 1960دا لەگەڵ (عومەر مارف بەرزنجی)دا هەفتەنامەییێكی دەستخەتیان بەناوی (تریفە)وە دەركردو.. دواتر خۆی بەتەنیا ماوەی ساڵێك هەفتەنامەییێكی بەناوی (كەژ)ەوە بە دەستخەت دەركرد.

* ساڵی 1961 كتێبی (گەردوون)ی دانا.. كە بە یێكەمین كتێبی زانستیی كوردی دادەنرێت‌و، لە 1967دا چاپكرا.

* ساڵانی 1963و 1964 لەگەڵ خوێندنەکەیدا کرێکاری کارگەی جگەرەی سلێمانی بووە.

* لە 7-2-1963دا شەرەفی ئەندامێتی حیزبی شیوعی ئێراقی دراوەتێ و، پاش یێك ڕۆژ کودەتا ڕەشەکەی بەعسییەکان لە 8ی شوباتدا کراو، دەستکرا بە شیوعی قڕان.

*خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی هەر لە سلێمانی ساڵی 1964 تەواوکردووە و.. دواتر کۆرسەکانی زمانی ئنگلیزی لە (پەیمانگەی زانستی)و (ئنستیتۆی بەریتانی) لە -وەزیرییەی بەغدا- تەواوکردووە.

* لە ئینشیقاقی 1967ی حیزبی شیوعییێوە بەبێ وازهێنان، یان دەرکردن لە حیزب، پەیوەندی بە حیزبەوە پچڕا.

* 10 ساڵ لە گوندو شارۆچکەو شارەکانی کوردستان مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی بووە و وانەی ئینگلیزی وتۆتەوە.

* لە 1971دا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی – مەڵبەندی گشتی- بووە.

* یێکەمین کورتە چیرۆکی بڵاوکراوەی بەناوی (نهێنی ڕەنگزەردیم)ەوە لە (برایی) ژ 217 لە 18-2-1968دا بڵاوکردەوە.

* 1973 تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردیی دامەزراندوە.

* لە 1974ەوە تا 1982 لە بەغدا بە کاری ڕۆژنامەوانییێوە لە (ڕۆشنبیری نوێ)و (هاوکاری)و (بەیان)و (بیری نوێ)و (ڕۆژی کوردستان)و (ئەستێرە)ی منداڵان و بەرنامەی ڕۆشنبیری لە ڕادیۆو تەلەڤزیۆنی کوردیدا .. خەریکبووە.

* لە 1975ەوە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کورد بووە تا ئەو کاتەی یەکێتی نوسەران و ئەدیبانی عێراق جێگەی کردۆتەوە.

* لە 1977دا بۆ ماوەی چەند مانگێك لە ئەمنی عامەی بەغداد لە زیندانێکی تاکەکەسیدا گیراوە و ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دراوە و، لە کاری ڕۆژنامەوانی فەرمی دوورخراوەتەوە و، دوای مودەتێك بێکاری لە (دار الحرية للطباعة) بۆ کاری ئیداری دامەزراوە.

* لە 1982دا وازی لە وەزیفە هێناوە و گەڕاوەتەوە سلێمانی و، پاش مودەتێك کراوەتە فەرمانبەری کتێبخانەی (مۆزەخانە)ی سلێمانی.



* دوای گۆڕینی (یێکێتی نووسەرانی کورد) بە (یێکێتی نووسەرانی ئێراقی- بەعسی) لە 1983داو، لەبەرئەوەی لەگەڵ شەش نووسەری دیيدا ڕەفزی ئەو ڕێخراوە ساختەیەیان کرد بەبەرەی ڕەفزی ساختەکاری ناسران و، بەهۆیەوە هەر یێکەیان بەجۆرێك لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە سزادران.. سزاکەی ئەم دوورخستنەوە بۆ شارۆچکەی (دوکان) بوو، لە سەرۆکی تێبینکاری (رئيس الملاحظين)ەوە کرایە نوسیار (کاتب) لە دادگەی سەرەتایی دوکان.

* لە 1984داو، بۆ یێکەمین جار (گەلەری هونەرە جوانەکان)ی لە بازاڕی عەلی بۆسکانی- شەقامی مەولەوی داناو، بەدەیان تابلۆی هونەرمەندە مەزن و ناودارە کوردەکانی تێدا نمایشکرا.. وەك تابلۆکانی عەزیز سەلیم و ئازاد شەوقی و..... تد، ئەمەیش زێتر لە ساڵێکی خایاند.

* دواتر لەگەڵ کاکە حەمەی میرزا سەعیدی هاوڕێیدا، خەریکی مریشك فرۆشتن بوو.. ئەو کاکە حەمەیەی لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمدا هاوڕێی زیندانی (فەهد) بووو، یێکێکیش بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران.

* پاش نزیکەی ساڵێك لە دادگەی دوکانەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاوو ئاوەڕۆی سلێمانی گوێزرایەوە و، لەوێ بەڕێوەبەری (نەخشەدانان و بەدواداچوون) بوو.

* دوای ڕاپەرین ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)و (وڵات)ی دامەزراندووەو بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی هەرێم بووە لە سلێمانی.

* بە بیانووی هارکاریکردنی (pkk) لە تەلەڤزیۆنی هەرێم دەرکراوە و، بەناچاری بۆتە کرێکاری گارگەی بەرد لە شەنگار، ساڵێك زێتر لەوێ ماوەتەوە و، بەبیانووی هاندانی کرێکاران بۆ مانگرتن لەوێش دەرکراوە.

* دواتر بۆ ماوەی ساڵێك زێتر لە مەیخانەی (نزار) لە سلێمانی بۆتە باڕمەن.

* هەر لەو ماوەیەدا لەلایەن ئۆجەلانەوە داوەتکراوە و لە بیقاع دیدارێکی تەلەڤزیۆنی سێ سەعاتی لەگەڵدا کردووە.

* لە 1996دا (سەنتەری دیالۆگی ڕۆشنبیری کورد)ی دامەزراندووەو سەرۆکی ئەو سەنتەرە بووەو سەرنوسەری گۆڤاری (دیالۆگ) بووە.

* لە 1997دا لەلایەن بنکەی گەلاوێژی سەربە (ی ن ك)، فەرمانی کوشتنی دەرچووە و دوایئەوەی کێشەکە گەیشتە زوربەی نێوەندە ڕۆشنبیری و فیکرییە

جیهانییێکانو، لە هەموو لاییێکەوە ئەو ڕەفتارە تیرۆریستانەیان ڕیسواو مەحکووم کرا..

ئەمجا بەفیتی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ، ئاساییشی ئیدارەی سلێمانی بڕیاری دا لە سلێمانی شاربەدەر بکرێو، ئەمەشیان سەرینەگرتو ئەم کارەشیان هێندەی دیکە بووە مایەی ڕیسواکردنیان لەلایەن نێوەندە ڕۆشنبیریو فیکرییێکانی نێوخۆو جیهانییێوە.

* لە نیوەشەوێکی مانگی نەورۆزی 1999دا، دەزگە هەواڵگرییێکانی (ی ن ک) هێرشیان هێنایە سەر مەڵبەندی گشتی (سەنتەری دیالۆگ)و، هەرچی ئەرشیفو کەلوپەلی تێدابوو تالآنییان کرد.

* هەر لەو ساڵەدا (1999) بەپەلەو بەنەخۆشی لە سلێمانییێوە بە ماڵو منداڵەوە بەرەو تورکیاهەلآتو، نزیکەی دوو ساڵ لەوێ مایەوە.

* دوای نەشتەرگەرییێکی گەورە لە تورکیا، لە کۆتایی 2001دا گەڕایەوە سلێمانیو، وەك کارمەندێکی ڕێکخراوی کیدۆ لە گەرمیان مەڕومالآتی بەسەر بێوەژناندا دابەشدەکرد.. هەر لەو ڕۆژانەدا (شوان ئەحمەد) دیداری یێکەمی لەمەڕ مارکسیزم لەگەڵیدا سازگرد.

* لەسەرەتای 2002دا ڕێکخراوێکی بۆ منداڵە هەژارەکانی سلێمانی بەناوی (یانەی سارای منداڵان)ەوە دامەزراندو، تا ڕۆژی پرۆسەی ئازادی ئێراق بەردەوام بوو.

* لە 2004دا بە گرێبەست وەك شارەزا لە بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان ئیشی کردووەو، دوای نزیکەی ساڵو نیوێك بەناوی نەهێشتنی گەندەڵییێوە! لەکار لابرا.

* ئێستە لە هیچ دەزگەییێکی ڕۆژنامەوانی حیزبیو بێلایەنو حکوومیدا کارناکات..

* لەم دواییەداو، بۆ تەواوکردنی دیداری پێشوو.. (سالار حەمە عەلی) بەشی دووەمی ئەم وتووێژەی سەبارەت (مارکسیزمو ئایین) ڕاستەوخۆ لەگەڵدا ساز دا.



## بەرهەمە چاپو بڵاوکراوەکانی:

1- گەردوون - (بابەتێکی زانستییە) 1967

2- چەکەرە- کۆمەڵە چیرۆك

(لەگەڵ چەندنووسەرێکی دیکەدا) 1973

3- سبەینێ باوکت دێتەوە، کۆمەڵە چیرۆك 1979

4- کرێکارو چیرۆکی کوردی

(ڕەخنەو تۆژینەوە) 1982

5- ئەلفاوبێتای ڕۆژنامەگەریی 1999

6- وێنەکەی خوشکت ، کۆمەڵە چیرۆك 1999

7- خۆری تار (کۆچی سوور) - ڕۆمان 1999

8- دیداری سەرەك کۆمار (شەش شانۆنامە) 2004

9- ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح

لە چیرۆکی کوردیدا 2005

10- گۆڤاری (ڕۆژنامەوانی)و هەڵسەنکاندنێك 2006

11- خولیای مەیموونە سپییێکان

لە چیرۆکی کوردیدا 2006

لەگەڵ سەدان وتاری ئەدەبیو زانستیو فیکریو گۆشەی ڕۆژنامەوانیو چیرۆکی منداڵانو پێشەکی نوسینی کتێبی هاوڕێی شەهیدەکانی نووسەرانی دیکەداو... تد.

## لە بواری وەرگێڕاندا:

1- تیۆری نیسبی چییه؟ (وەرگێڕان) ..... 1984
2- هونەری جەنگ (وەرگێڕدراوە) ......... 2004
3- سۆفیگەرییێتی (وەرگێڕان) ............. 2005
4- کتێبی دووەمی (تاو) ، (وەرگێڕان) ... 2005
5- خواردنگەی مەیموونی زیندوو ...... 2006
6- کوردناسی ....................... 2006

لەگەڵ وەرگێڕانی چەندین چیرۆکی کوردیدا بۆ عەرەبی و، وەرگێڕانی دەیان چیرۆك و شانۆنامەی جیهانیدا بۆ کوردی.

**لەژێر چاپدایە:**

ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح لە شیعری کوردیدا

**ئامادەن بۆ چاپکردن**

1- کومەلە چیرۆکی بانکی خوێن و
سیناریۆی بانکی خوێن
2- ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح
لە هزرو ڕۆشنبیری بیانیدا
3- (الدفن) مجموعة قصصية
4- سیناریۆی فیلمی (بارزانی مستەفا)

Tel: 0770 153 63 97
rauf1945@yahoo.co.uk